# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 500 دووشەممە 29/ 6/ 2009 — نرخ 500 دینار — No.500 Mon 29/ 6/ 2009



**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەڕێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.
بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :
٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠
٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠

کۆمپانیای بەڕێز


# لیستی کوردستانی لە خروقات بەردەوامە

ڕۆژنامە

لیستی کوردستانی کەلەهەردوو حیزبی دەسەڵات پێکهاتووە، بەردەوامە لە خروقاتکردن لە بانگەشەی هەڵبژاردنداو سەرجەم هێزو توانای خستووەتە گەڕ بۆ ئەم هەڵبژاردنەو سەرچاوەکانی هەواڵیش بەردەوام خروقاتەکان دەگوازنەوە.

بەپێی ئەو هەواڵانەی لە لاپەڕەکانی یەکو دووی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی(ڕۆژنامە)وبڵاوکراوەی (بەرەوگۆڕان)دا بڵاوکراوەتەوە ئەو لیستە بە لایەنگرانی، کارمەندانی پۆلیس، ئاسایش، کاندیدەکانیەوە، بەردەوامە لە خروقاتکردنو گێڕانی ئاهەنگ لە باخچە گشتییەکانو ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوە لەلایەن پیاوانی حکومەت لە مەڵبەندو کۆمیتەکانو بانگەشەکردنو هەڕەشەلێکردنی فەرمانبەران، بۆئەوەی دەنگ بە لیستەکەیان بدەن.

بەپێی هەواڵەکان لە قەڵادزێ پاسەوانێکی عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕانی دڕاندووەو دەستگیرکراوە، سەرۆکی لیستی کوردستانیش، پێرێ لە سەکۆی ئازاد لە پارکی ئازادیی لە سلێمانی کە شوێنێکی گشتییە بانگەشەی بۆ لیستەکەی کردووەو ڕێگا لە خەڵکی ئاسایی گیراوە تەنانەت بچنە باخەکەشەوە.

# لیستی کوردستانی، پارکی ئازادیی بۆ بانگەشە بەکاردەهێنێت

ستارە عارف

لەکاتێکدا شارەوانیی سلێمانی قەدەغەی کردووە کە باخچەو پارکە گشتییەکان بۆ مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت، بەڵام لیستی کوردستانی پێشێلی ئەو ڕێنماییانە دەکاتو ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە پارکی ئازادیی ئاهەنگێکی بۆ لیستەکە سازکرد.

بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١٨٢٦)ی شارەوانیی سلێمانی کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٥)دا دەرچووەو ئاراستەی لقی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کراوە، بڕیاریداوە، کە نابێت ئاهەنگو کۆبوونەوە بە مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن لە پاركو باخچە گشتییەکاندا ئەنجامبدرێن، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی سیمای جوانو شارستانی شاری سلێمانیو پارێزگاریکردن لەو پڕۆژەو شوێنە گشتیانەی کە بۆ بەرژەوەندیی گشتیو حەوانەوەی هاوڵاتییان دروستکراون، هەروەها ڕێگەنەدان بە تێکدانو شێواندنیان، بەڵام لیستی کوردستانی بە ئامادەبوونی د.بەرهەم ساڵح سەرۆکی لیستەکە ئاهەنگێکی بانگەشەو پشتگیری لە پارکی ئازادیی ئەنجامداو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەو ئاهەنگەدا مۆلیدەی حکومیی بەکارهاتووە، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی خروقاتی هەڵبژاردنەوە.

کامەران حەمە ساڵح عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری باخچەکانی سلێمانی لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەلایەن مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی یەکێتییەوە نووسراوێکیان پێگەیشتووە بۆئەوەی سەکۆی ئازاد بۆ ئەو ئاهەنگە بەکاربهێننو ئیدارەی پارکەکەش ڕەزامەندییان دەربڕیوە، لەبەرئەوەی پارکی ئازادیی شوێنێکی گشتییەو هەموو کەس دەتوانێت بێت، لەبەرئەوە هەر لیستێک بێت ڕێگەیان پێدەدەین بۆنە بگێڕن، وتیشی: «زۆر درەختو نەمامی باخچەکەیان شکاندووەو شێواندووە کە سەرپێچی ڕێنماییەکەی شارەوانییە، بەڵام د.بەرهەم، سەرۆکی لیستەکەو چەند پاسەوانێکی هاتوون، ناکرێت بڵێم نەوەڵڵا».

# پەروەردە لە کۆمیتەدا بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکات

شارا عەبدولڕەحمان

لێپرسراوی کەرتێکی مامۆستایانو سەرپەرشتیاری پسپۆڕیی یەکەمو سەرپەرشتیاری یەکەمی بنەڕەتی، کۆبوونەوەیەکیان بە بەڕێوەبەرو یاریدەدەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سلێمانی لەکۆمیتەی ڕێکخستنی (٦)ی ڕاپەڕینی یەکێتی ئەنجامداو لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا داوا لەئامادەبووان کراوە کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.

لەکۆبوونەوەکەدا کە ٦/٢٦ بەڕێوەچوو، بڕیاربوو بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیش ئامادەبێت، بەڵام بەبێ ئامادەبوونی ئەو، کۆبوونەوەکە کرا.

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: من وەک کەسێک بانگهێشتی کۆبوونەوەکە کرابووم نەک وەک بەڕێوەبەری پەروەردە، بەڵام بەهۆی ئەو کۆبوونەوەیەی کە هەمان ڕۆژ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ بەڕێوەبەرانی وەزارەتی پەروەردەدا ئەنجامیدا، من نەمتوانی بچم بۆ کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی (٦)ی یەکێتی.

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار تەئکیدی لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە کردەوەو وتیشی: «لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی کراوەو داوا لەئامادەبووان کراوە دەنگ بەو لیستە بدەن».


## با دەستوور بۆ قوفڵکردنی مێژووی کوردستان تێنەپەڕێندرێت

ل٢

## دەستووری هەرێم بە «شەخسەنە» دەکرێت

ل٤


# زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووس دژی پەسەندکردنی دەستوورن

سامان بەشارەتی

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووس نیگەرانیی خۆیان لەبەرامبەر خێرا تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان دەردەبڕن، پێیانوایە حیزبە بەشدارەکانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان دوا مەرامی خۆیان لە ڕێگەی پەرلەمانێکی ئێکسپایەرەوە لەپێناوی بەجێگەیاندنی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی خۆیان بەجێگەیاند، هەندێک حیزبی ئیسلامییش بەرامبەر ئەم دەستوورە دیراسەنەکراوو لاوازە بۆ هەندێک مەرامی حیزبییو ئایدۆلۆژیی خۆیان دەنگیان پێدا.

لە بەیاننامەیەکدا زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر، سازشکردنی حیزبی ئیسلامییەکان بەرامبەر ئەم دەستوورە دیراسەنەکراوە، بۆ هەندێک مەرامی حیزبیی دەگەڕێننەوە

لەبەیاننامەکەدا هاتوو، هەرچەندە ئێمە دەستوور بە دۆکیۆمێنتێکی گرنگ دەزانین بۆ دابینکردنو پاراستنی مافو ئازادییەکانی مرۆڤو لە کوردستاندا هەبوونی دەستوورمان پێ باشترە لە نەبوونی، دەبێت دەستوور پرۆژەیەکی نیشتمانیی سەرتاسەری بێتو زۆر بەوردی دیراسە بکرێتو هەموو پێکهاتەو نەتەوەو چینوتوێژەکانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکەنو پێشنیازی خۆیانی بۆ بکەن.

هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە، پەلەکردنێکی وەها سەیر لەئێستادا لەسەر پەسەندکردنی دەستووری هەرێم کە وادەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانە، تووشی شۆکی کردین، بۆیە ئێمە بەهەموو شێوەیەک ڕەتیدەکەینەوەو داوا لە تەواوی دڵسۆزانی کوردستانو هاوڵاتییانی بەشەرەف دەکەین بە (نەخێر) دەنگ بەو دەستوورە بدەن).

پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٦/٢٤ لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو بە چەپڵەڕێزان بەڕێکرا، ئەم کارەی پەرلەمان بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆری خەڵکی کوردستان بەهەموو چینوتوێژێکییەوە.


**مژدە .. مژدە ... هەلێکی گرنگ لەکۆمپانیای بەڕێزەوە**

پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق

کۆمپانیای بەڕێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا. بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی. پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنێ.
پرۆژەی دڵی شار 350 یەکەی نیشتەجێبونە و بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.
خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە. جگە لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاوچەرخ و خوێندنگە 25%ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

لە 1/7/2009 ناونوسین دەست پێدەکات دەتوانی ڕاستەوخۆ سەردانی کۆمپانیا بکەیت لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتون مۆڵ.

# نیشتمانێک بۆ هەڕاج

شارا عەبدولڕەحمان

هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەوەندە دەستیان بەو پارەیەوە گرتووە کە لە ئێستادا خەرجی دەکەن، شەقامو کۆڵانەکان خزمەتگوزارییان بەخۆیانەوە نەدیبوو، بەرپرسان ئەوەندە باسیان لەوەکردووە کە خزمەتگوزاریی بۆ خەڵک ئەنجامدەدەن‌و نەیانکردووە جەماوەر بڕوای پێیان نەماوە.

بەپێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامە لە ماوەی دوو مانگدا حکومەت‌و حیزب بایی زیاتر لە پێنج ترلیۆن دینار بەڵێنیان بە خەڵکداوە کە خزمەتگوزاریی‌و پرۆژەیان بۆ جێبەجێبکەن، بەڵام ئەوە کەی جێبەجێدەکرێت‌و چۆن دەکرێت؟ کێ بەدوایدا دەچێت‌و چاودێریی دەکات؟

دەسەڵاتدارەکانی ناو حکومەت‌و دوو حیزبەکە بە هەر لایەکدا دەڕۆن چ بەڵێنێک خەڵک پێی خۆشبێت دەیدەن‌و بەسەر خەڵکیدا دەیبەخشنەوە، جێگری سەرۆکی حکومەت لە چەندین شوێن پارەی بەسەر خەڵکدا بەخشیوەتەوەو لە ڕاگەیاندنەکانیشەوە باسکراوە، ژمارەیەک هونەرمەند ئەو بڕە «بەخشیشە»ی کە پێیان دەدرێت وەک «مەکرەمەی کاتی حکومەتی بەعس» وەسفی دەکەن، دەڵێن: «بە هەموو هونەرمەندان، هێندەی سەرۆک خێڵێک بەخشیشیان وەرنەگرتووە، ئەمەیە ڕێزگرتن لە هونەرمەندان؟».

جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لەکاتی داواکردنی خزمەتگوزاریی لەلایەن دانیشتووانی ناوچەیەکەوە دەڵێت: «باخچەیەکتان بۆدەکەین‌و هۆڵێکیش کورە با هۆڵێکی دیکەیشی لەسەر بێت».

ڕۆژانەو بەپێی شوێنەکان‌و کەسەکان زەوی بەسەر خەڵک‌و خانوو بەسەر کەسوکاری شەهیدان‌و بەڵێنی دامەزراندن‌و چەندین بەڵێنی دیکە لەلایەن بەرپرسەکانەوە لەسەر بودجەی حکومەت‌و حیزب دەدرێن.

## بۆ بەرچاو ڕوونی

بڕیارە ڕێگای تاسڵوجە- سلێمانی (٧/١٥) بکرێتەوە، ئەو ڕێگایەی کە لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٣)ەوە دەست بە کارەکانی کراوەو تائێستا تەواونەکراوە، بەڵام لە سەروبەندی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان‌و وەک بانگەشە، بڕی (١٠) ملیار دیناری دیکەی بۆ تەرخانکراو بڕیارە لە ڕۆژی (٧/١٥)دا تەواوبکرێت.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە دامەزراندنی (٣) هەزار دەرچووی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان کە دەرچووی ساڵی خوێندنی (٢٠٠٦-٢٠٠٧)ن، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو خوێندکارانە چەندینجار مانگرتن‌و خۆپیشاندنیان ئەنجامداوەو داوای دامەزراندنیان کردووە، بەڵام نەک هەر وەڵامنەدەدرانەوە، بەڵکو گوێشیان لێنەدەگیرا، بەڵام خوێندکاران (بەهیوان ئەم بڕیاری دامەزراندنیان تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردن نەبێت).

ئەنجومەنی وەزیران (٧) هەزار پارچە زەوی بۆ کەسوکاری شەهیدان تەرخاندەکات، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە چەندین ساڵە کەسوکاری شەهیدان‌و قوربانیان داوای پێدانی پارچە زەوی دەکەن، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەم دێڕە وەڵامیان دەدرایەوە (دابەشکردنی زەوی ڕاوەستاوەو ئەو زەویانەی لەپێشاندا دابەشکراوە هەڵەیەک بووەو بەسەرماندا تێپەڕیوە)، بەوهۆیەشەوە کەسوکاری شەهیدان لەپێدانی زەوی بێئومێدبوون، بەڵام بەخۆشحاڵیەوە لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئەو هیوایەیان بۆ گەڕایەوەو کەسوکاری (٧) هەزار شەهیدی دیکە زەوییان پێدەدرێت.

ڕۆژی (٦/٢٨)، جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ کۆمەڵەی ڕۆژو نابینایاندا کۆبۆوە، ئەم بەڵێنانەی پێدان:

١- ١٢٠ کەس لەنابینایان دابمەزرێنرێن.

٢- مووچەی ٣٠٠ نابینا لە(٥٠) هەزارەوە بکرێتە (٢٠٠) هەزار.

٣- ئەو نابینایانەی خێزاندارن‌و مووچەیان نییە حکومەتی هەرێم مانگانە مووچەیان بۆ ببڕێتەوە.

٤- بەڵێنی دا بەدابینکردنی ئۆتۆمبێل بۆ نابینایان.

٥- بەڵێنی بەکۆمەڵەی ڕۆژ دا کە سەرجەم داواکاریەکانییان جێبەجێبکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە دابەشکردنی(٦٠٠) هەزار لیتر ئاو بۆ تەنیا گەڕەکێکی ناحیەی شۆڕش، ئەمە لەکاتێکدایەکەچەندین ساڵە دانیشتووانی ناحیەی شۆڕش بەدەست بێئاوییەوە لەو ژیانە بێزارن کە حکومەتی هەرێم بۆی ڕەخساندوون، لەئێستاشدا لەسایەی سەری هەڵبژاردنەوە ئاویان بۆ دابیندەکرێت، پێدەچێت تاڕۆژی (٧/٢٥) کە ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، لەدەست بێئاویی ڕزگاریان بووبێت.


حکومەتی هەرێم هەر لە چوارچێوەی چڕوپڕکردنەوەی با نگە شە کا نید ا

لەلایەکی دیکەوە حکومەت دانیشتووانی پارێزگای دهۆک بیردێنێتەوە کە(١١٧٩) کەس سولفەی عەقاریان پێدراوە، هاوکات هاوڵاتییانیش ئاگاداردەکاتەوە لەوەی کە بڕی (٢٥٠) ملیۆن دیناری بۆ پێچەکانی ڕواندز خەرجکردووە.

حکومەتی هەرێم ئەوەش بە خەڵک دەفرۆشێتەوە کە لە ماوەی

بەخەڵک دەڵێت، (دەنگ بەلیستی کوردستانی بدەن‌و لەبیرتان بێت کە لەرابردوو و ئێستاشدا چیتان بۆ دەکەم).

لە






سەروبەندی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لە میدیا حیزبیەکاندا ڕۆژانە باس لە ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریی دەکرێت، پروپاگەندەی پێوەدەکرێت بەشێوەیەک لەچەندین ساڵی رابردوودا بەشێوەی ئەم دوو مانگەی رابردوو بەڵێنی جێبەجێکردنی پرۆژە بەخەڵکی نەدراوە.

بەڵێنەکانی حکومەت لەکاتێکدایە کە ساڵانی رابردوو بەبیانووی کەمیی بودجەوە کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاریی ئەنجامدراوە، هاوکات بودجەی ئەمساڵ نزیکەی (١) ترلیۆن دیناری لە بودجەی پار کەمترەو ئەو کەمکردنەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، بەڵام ئەو هەموو بەڵێنە بەخەڵک دەدرێت، بێ متمانەیی لای خەڵک دروستکردووە کە حکومەت بتوانێت هەموو ئەو بەڵێنە جێبەجێبکات کە بەخەڵکی داوە، هەرچەندە داخوازییەکانی خەڵک هەر لە پرۆژەی خزمەتگوزاریدا چڕنەبووەتەوەو زۆر لە کارەکانی حکومەت گەورەترە.

دەبێت لێرەدا بپرسین، وەزارەتی پلاندانان چ ڕۆڵێکی لە نەخشەی ئەم هەرێمەدا هەیە، پلانەکانی بۆ کێ دادەنێت، ئەم بەڵێنانە چۆن دەدرێن‌و چۆن جێبەجێدەکرێن؟

ئایا ئەو پارەیەی لەئێستادا بۆ ئەو پرۆژانە خەرجدەکرێت لەپێشتردا لەکوێبوون‌و ئێستا چۆن پەیدا دەبن؟

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حکومەتی هەرێم لە خۆی بپرسێت کە ئایا خەڵک گومانی ئەوەی لادروست نابێت کەحکومەتی هەرێم بۆچی پێشتر باسی ئەو پرۆژانەی دەکرد؟، ئایا بەرپرسانی حکومیی بۆ لە ئێستادا بیری سەردانکردنی خەڵک‌و بەڵێن پێدانیان کەوتووەتەوە؟

بۆ لیستی کوردستانی، بڕیاریدا بە ئەنجامدانی (٥)پرۆژە بە بڕی(١٧) ملیار دینار بۆ هەڵەبجەی شەهیدو ئەنجامدانی (٩) پرۆژە بۆ ناحیەی سەرقەڵا بەبڕی (٣) ملیار دینار.

## حکومەت پرۆژەکانی پێشوو بە خەڵک دەفرۆشێتەوە

لە سەروبەندی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا حکومەتی هەرێم (دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم)، جگە لە بەڵێندان بە ئەنجامدانی پرۆژەو دامەزراندن‌و زیادکردنی مووچەو دابەشکردنی زەوی دەستیان کردووە، بە بیرهێنانەوەو پێفرۆشتنەوەی ئەو پرۆژانەش کە لە پێشوودا ئەنجامیانداوە، بۆ نموونە:

(٤٣)ملیار دینار بۆ گەڕەکەکانی پیرمام خەرجکراوە، هاوکات خەرجکردنی (١٥٣) ملیار دینار بۆ (١١٠) خوێندنگا ئەمانەش لە ساڵی (٢٠٠٨)دا جێبەجێکراون، هەر لە چوارچێوەی ئەو بیرهێنانەوانەدا، میدیای حیزب بەخەڵکی تەینالڵ ڕادەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی رابردوودا (٢ملیارو ٥٠٠) هەزار دیناری بۆ پرۆژەکانی ئاوو ئاوەڕۆو قیرو شۆستە بۆ خەرج کردوون.

کابینەی پێنجەمیدا کە (یەکێتی‌و پارتی باڵادەست بوون) بەبڕی (٤٠٠) ملیار دینار قەزای سۆرانی بوژاندووەتەوە ٧٥٪ی خزمەتگوزارییەکانیشی بۆ جێبەجێکردوون، هاوکات میدیای حیزبی ئەوە بەبیر دانیشتووانی ڕانیە دێنێتەوە کە لە ماوەی (٩) ساڵی رابردوودا (١٠) گەڕەکی ڕانیەو (١٣)هەزار خانوو لە حاجیاواو چوارقوڕنەو

سەرو چاوە تاپۆکراون.

سەرجەم ئەو پرۆژانەی لە سەرەوە باسکران تەنیا لە دوو ژمارەی (کوردستانی نوێ)دا کە زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بڵاوکراوەتە، کە میدیای حیزبیی کاری بووەتە بڵاوکردنەوەی کارەکانی حکومەت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر ئەو حکومەتەی کە یەکێتی‌و پارتی پێکیانهێناوە نەبووایە، ئەو پرۆژانە نەدەکران، لەبەرئەوە لە ڕێگای باسکردنی ئەو پرۆژانەوە حکومەت

# نەوتی کەرکوک کێشەکانی هەرێمو بەغدا نوێدەکاتەوە

**هەستیار قادر**

حکومەتی هەرێم هەوڵی وەزارەتی نەوت بۆ وەبەرهێنان لە دوو کێڵگەی نەوتیی کەرکوک بە نادەستووری دەزانێت، وتەبێژی ئەو وەزارەتەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کەرکوک لەژێر ئیدارەی حکومەتی ناوەنددایەو تەنیا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆی هەیە لە شەرعیەتی گرێبەستەکانیان بکۆڵێتەوە.

لە بەیاننامەیەکدا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتوندی رەخنەی لە وەزارەتی نەوتی عێراق گرت سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەو وەزارەتە بۆ ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ شەش کێڵگەی نەوتیی کەرکوکو ئەو هەنگاوەی بە پێشێلکردنی دەستووری عێراقو هەرێم وەسفکردو دەڵێت: «بەپێی مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراق، پێویستە بڕیاری هاوبەشی نێوان حکومەتی ناوەندو پارێزگاو هەرێمە بەرهەمهێنەکانی نەوت لەوبارەیەوە بدرێت، بەڵام ئەم هەنگاوە لە هیچ کام لەو شەش کێڵگە نەوتییانەدا روویندەداوە بە هەردوو کێڵگەی نەوتی (کەرکوک)و (بای حەسەن)یشەوە کە دەکەونە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)ەوەو پێویستیشە حکومەتی هەرێم بەشێوەی راستەوخۆ بەشداریی لە بڕیاری وەبەرهێنانی نەوتی ئەو دوو کێڵگە نەوتییەدا بکات».

لەبەرامبەریشدا وەزارەتی نەوتی عێراق ئەنجامدانی هەماهەنگی لەوجۆرە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رەتدەکاتەوە، عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەرکوک لە سنووری دەسەڵاتو ئیدارەی حکومەتی عێراقدایە، هەر ئەو حکومەتەش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە مامەڵە بە کێڵگە نەوتییەکانی ئەو پارێزگایەوە بکات».

وتەبێژەکەی وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوەشدا «کە پەسەندکردنو رەتکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی وەزارەتەکەی تەنیا لە سنووری دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەراندایەو لە (٢٩)و (٣٠) ئەم مانگەشدا لەو ئەنجومەنەدا شەرعیەتی ئەو گرێبەستانە تاووتوێدەکرێت».

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا حکومەتی هەرێم هۆشداری داوەتە کۆمپانیاکانی وەبەرهێن لە کێڵگەی نەوتی کەرکوکو بای حەسەن کە ئەگەر بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەو دوو کێڵگەیەدا بکەن بەلادەر لە یاسای نەوتو گازی هەرێم لەقەڵەمدەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە موعتەسەم ئەکرەم، بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق، بڕیاردان لەسەر شەرعیەتبوون یان نەبوونی ئەو گرێبەستە نەوتییانەی وەزارەتەکەی گەڕاندەوە بۆ دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو وتیشی: «ئەو گرێبەستە نەوتییانەی کە بڕیارە ئیمزابکرێن دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران کە نوێنەری سەرجەم لیستەکانی تێدایە، بەشێوەیەکی یاساییش بڕیاری لێدەدرێت».

بە وتەی ئەندامێکی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش لەئێستادا پێویست ناکات وەزارەتی نەوت پرس بە حکومەتی هەرێم بکات لەوەبەرهێنانی نەوتدا، لەناوچەکانی مادەی (١٤٠)دا، د.بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەئێستادا پێویست ناکات وەزارەتی نەوتی عێراق هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکات، سەبارەت بە دەرهێنانی نەوت لە ناوچە کێشەدارەکاندا، بەڵکو بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا بکات بەوپێیەی ئێستا ئەو شارە لەژێر دەسەڵاتی ئیداری بەغدایەو ئەگەر ئەو شارە بگەڕایەوە سەر هەرێم، ئەوکاتە دەبوایە بە هەماهەنگی هەردوولا وەبەرهێنانی نەوت لەو دوو کێڵگەیەی کەرکوکدا بکرایە».

لە پرۆژەیاسای نەوتو گازی عێراقدا کە تائێستا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندنەکراوە، چارەسەری ئەم کێشەیە کراوە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، کە پێویستە هەردوولایەنی ناوەندیو حکومەتی هەرێم هەماهەنگی بکەن لە پرۆسەی وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە کێشەدارەکاندا».

## «دانانی دەستوور پرۆسەیەکی وا ئاسان نییە»

# (١٧٤) پزیشک یاداشتێکی ناڕەزایی دژ بە پەسەندکردنی دەستوور بڵاودەکەنەوە

**سبەی**

(١٧٤) پزیشکی هەرێم یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی لە دژی بڕیاری پەسەند کردنی دەستووری هەرێم لەلایەن پەرلەمانی ماوە بەسەرچووی کوردستانەوە بڵاو دەکەنەوەو داوا دەکەن کە ئەو دەستوورە لە ئێستادا پەسەند نەکرێت، کە تێیدا بەرژەوەندی هاوڵاتیان بخرێتە پێش بەرژەوەندی هەموو لایەنێکەوە.

لە بەشێکی بەیاننامەکەی ئەو پزیشکانەدا کە دوێنێ بڵاو کرایەوە هاتووە: «ئێمە کۆمەڵێک لە پزیشکانی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی خۆمان دەخەینە پاڵ ناڕەزایی هاوڵاتیانی ئاساییو کەسانی رۆشنبیری میللەتەکەمان بەرامبەر بە تێپەڕاندنی دەستوور لە پەرلەمانی وادە بەسەرچوو لەم بارودۆخە ناسکەی ئەمڕۆدا بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری تاک بە تاکی کۆمەڵو ئاشکراکردنی رەشنووسی دەستوورەکەو گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکەکەی، کە ئەمە مافێکی ئاسایی هاوڵاتیبوونە، دانانی دەستوور پرۆسەکی وا ئاسان نییەو هەموو رۆژێک نانووسرێتەوە، پێمانباشە ئەو دەستوورە یەکێک بێت لە دەستوورە باشەکانی دنیاو بەرژەوەندی میللەتەکەمان بخاتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوەو بۆ دنیای ئەمڕۆی بسەلمێنین، کە ئێمەش هیچمان لە میللەتانی دنیا کەمتر نییە».

پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی هەرێم دەستووری هەرێمی پەسەندکرد، ئەو بڕیارەی پەرلەمان بووە جێگەی ناڕەزایی زۆرێک لە هاوڵاتییانو رۆشنبیرانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەوهۆیەوە چەندین بەیاننامەی ناڕەزایی بڵاوکراوەتەوە.

# پاسەوانێکی عومەر فەتاح پۆستەری لیستی گۆڕان لێدەکاتەوە

**رۆژنامە**

شەوی رابردوو، مەفرەزەیەکی ئاسایشی پشدەر لەقەڵادزێ پاسەوانێکی عومەر فەتاحی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پێشمەرگەیەکی یەکێتی دەستگیردەکەن لەکاتی دڕاندنو لێکردنەوەی پۆستەری لیستی گۆڕاندا، بەڵام دواتر لەلایەن بەرپرسێکەوە ئەو دوو کەسە ئازاددەکرێن، لەکاتێکدا بەپێی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆن هەرکەسێک ئەو کارە بکات، سزادەدرێت بە زیندانیکردنو غەرامەکردن.

سەرچاوەیەک بە رۆژنامەی راگەیاند: کاتژمێر ٩:٣٠ی شەوی رابردوو، مەفرەزەیەکی ئاسایشی پشدەر بە سەرپەرشتی مفەوەز (هێمن حسێن) دوو کەسیان لەنزیک نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ دەستگیرکرد، بەناوی (م.ر.ح) کە پاسەوانی عومەر فەتاح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییەو ئەوی دیکەشیان ناوی (ر.م) پێشمەرگەی یەکێتییە کە سەرگەرمی لێکردنەوەو دڕاندنی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان بوون. ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وت: «ئەو دوو کەسە، دواتر لەلایەن لێپرسراوی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتییەوە لەقەڵادزێ ئازادکراون، بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵدا بکرێت».

لێکردنەوەو دڕاندنی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتووەتەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ئەو حاڵەتە بە نائاسایی وەسفدەکات.

لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە، تاهیر محەمەد ئەمین لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاندبوو: لێکردنەوەی پۆستەری هەر قەوارەو لیستێک بەپێی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆن سەرپێچییەو ئیجرائاتو سزای خۆی هەیە، ئەگەر بەڵگە هەبێت لەسەر ئەوەی کەسێک پۆستەرێکی لێکردووەتەوەو کەسەکان دیاربن، دوو جۆر سزای هەیە، ئەوانیش (زیندانیکردن)و (غەرامەکردن)ە. ئاماژەی بەوەشکرد ئەو ئیجرائاتە یاساییە کاتێک دەکرێت کە ئەو لایەنەی پۆستەرەکەی لێکراوەتەوە بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کێ ئەو کارەی کردووە، چونکە ئەگەر بەڵگە نەبێتو کەسەکان نەناسراوبن ئەوا بێگومان ناتوانرێت هیچ ئیجرائاتێک بکرێت.

هاوکات لەگەڵ لێدوانەکەی ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن، ئەو دووکەسەی کەشەوی رابردووخەریکی لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان بوون، هەر ئەو شەوە لەلایەن بەرپرسێکەوە ئازادکراون، سەرچاوەیەکیش لە هۆبەی راگەیاندنی بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی راپەڕین هەواڵەکەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو هۆکاری ئازادکردنەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەستگیرکراوەکان تۆمەتەکانیان لەسەر ساغ نەبووەتەوە.

ئەو سەرچاوەیەی ئاسایش وتیشی: «دەستگیرکردنی ئەو دوو کەسە لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانی ئاسایشی پشدەردا بووەو دوای ئەوەی دەستگیرکراون، بەهۆی ئەوەی گومانەکانیان لەسەر ساغ نەبووەتەوە، ئازادکراون».

## روونکردنەوەیەک لە ڕۆژنامەوە

لە چاوپێکەوتنی رۆژنامە لەگەڵ بەڕێز د.شەفیق قەزاز کە لە ژمارەی (٤٩٨)ی ٢٠٠٩/٦/٢٥دا بڵاوکراوەتەوە، چەندجارێک دەستەواژەی گۆڕان بەکارهاتووە، مەبەستی د.شەفیق قەزازو رۆژنامەش لە وشەی گۆڕان چەمکو مانا فراوانەکەی گۆڕانو گۆڕانکارییە لە کوردستاندا نەوەک لیستی گۆڕان.

لەگەڵ رێزدا...

# با دەستوور بۆ قوفڵکردنی مێژووی کوردستان تێنەپەڕێندرێت

**مونتەدای ئابووری کوردستان**

بە نیگەرانیەکی زۆرەوە پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت لە تاریکیدا پرۆژەی دەستووری کوردستان بەسەر خەڵکی کوردستاندا تێپەڕێنێت، لە دووتوێی دووفاقییەکی گەورەدا کە لیستی داخراوی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند بە پاساوی ئەوەی لیستی داخراو بۆ خەڵکی کوردستانی نەخوێندەوارو خێڵەکیی زیاتر گونجاوەو ئاسانکاریی زۆری تێدا هەیە کە خەڵکی بتوانن باشتر دەنگەکانیان بەکاربهێنن، بەڵام هەمان کۆمەڵگە ئێستا لە پرۆسێسێکی ئاڵۆزی سێ ئەرکی سەرەکییەوە دەگلێنن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمو ئێستا دەستووریشی هاتووەتەسەر. بەم کارەشی پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەمییەکی تری مێژوویی خستە سەرشانی خۆی لە رۆژە کۆتاییە نایاساییەکانی تەمەنیدا (لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ ئەندامە جەسوورەکان کە لەو لەکەداربوونە مێژووییانە تێوەنەگلاون). پەرلەمانی کوردستان کە نەیتوانی بودجەی چەند ساڵەی کوردستان بۆ خاوەنەکانی بگێڕێتەوە، کە نەیتوانی سامانی کوردستان لەپێش هەموویانەوە نەوت بۆ خەڵکی بگێڕێتەوەو ناشەفافانە بە گیرفانی حیزبی دەسپێرێت، کە نەیتوانی شوناسی هاوڵاتیبوون بۆ خەڵکی کوردستان دەستەبەربکات، کە سەرکەوتوونەبوو کوردستان لە دۆزەخی گەندەڵی رزگاربکات، کە نەیتوانی سەروەری یاساو کەرامەت بۆ خەڵکی کوردستان بگێڕێتەوە، کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە بە باڵای کوردستاندا دەهێنێ کە دەستوورێکی نەبینراو لە تاریکیدا بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێتو مێژووی کوردستانی پێ بوەستێنێت، دەیان دەیە کوردستان تەسلیمی قەدەری دیکتاتۆریی بکات، تێپەڕاندنی دەستوور لە تاریکیدا کە هەموو ئەو دیاردە نێگەتیڤانەی سەرەوەو دەیانی دیکەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووەو بەرژەوەندییەکانی حیزبی کوردستانی تیا پەنهانکردووەو دەیەوێت نەک هەر ئەم نەوەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەم دەستوورەدا بیپەڕێنێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتووش. لەناو تێپەڕاندنی دەستوورەوە، ئیرادەی وەستانی مێژووی کوردستان لە خەیاڵدانی پەرلەمانی حیزبی کوردستاندا پەنهانە، پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بە یاسا فریانەکەوتووەو بە تەمەنی درێژکراوەشیەوە نەپەرژاوە جێبەجێی بکات بەسەر خەڵکی کوردستاندا، ئێستا دەیەوێت لەڕێگەی دەستوورەوە جێبەجێی بکات. پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت دەستوور بەباڵای حیزبە باڵادەستەکانی کوردستاندا ببڕێت، نەک رەچاوکردنی قۆناغی مێژوویی کوردستانو گەشەپێدانی هەنگاوەکانی دیموکراسیو خەملاندنی فاکتەرە نەتەوایەتیو نیشتمانیەکان. ئەوەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستاندا دەگوزەرێت، ترسی حیزبە لەو گۆڕانە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەی لە کوردستاندا بەڕێوەیە کە بڕیارە نەخشەی سیاسیو ئیرادەی کوردستان بگۆڕێت، ترسە لە هەستانە سەرپێی شەقامی کوردستان بۆ داوائابووریو سیاسیو نەتەوایەتییەکانی کە (١٧)ساڵە سڕکراوەو بە ئاستی زەمەنە مێژووییەکانی کوردستان هەلی گۆڕانو گەشەپێدانی لەدەستچووەو قەرەبوو نابێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ پەرلەمان دەیکات بۆ تێپەڕاندنی دەستوور لە کوردستاندا لە ناوەڕۆکدا پەرۆشییە بۆ پاراستنی ئەو سامانەی حیزبی کوردستانو دەستڕۆشتوویی سیاسی کوردستان کە لە سامانی خەڵکی کوردستان وەلانراوە، بۆیە ئەوە ئەرکی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنە بە پلەی یەکەم ئەم هەنگاوە ترسناکەی پەرلەمانی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە رەتیبکاتەوە، ئەرکی نەوەی ئێستاو تازەپێگەیشتووە پەرلەمان بگێڕنەوە بۆ عەقڵانییەت، بەتایبەتی ئێستا هەموو چاوو نیگای جیهانی دیموکراتی لەسەر کوردستانە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت بە غافڵگیری مێژووی کوردستان بسپێرێتەوە بە دەیان ساڵ پێش ئێستا کە رەنگە زۆر گران نەک هەر لەسەر شەقامی کوردستان بکەوێت، بەڵکو لەسەر هێزە دیموکراتو پێشکەوتووخوازەکانی کوردستانیش دەکەوێت بەتایبەتی ئێستا لیستی گۆڕان بە فەرمیی هەموو یاساو بڕیارێکی پەرلەمان ئیعتراف پێناکات کە لەدوای (٢٠٠٩/٦/٤)وە دەرچووبێت، بەمەش پەرلەمانی کوردستان لێپرسراوێتی ئەو قەیرانە سیاسییەی داهاتووی کوردستان لە ئەستۆ دەگرێت کە نەخوازراوە بۆ خەڵکو شەقامی کوردستانو خەڵکی کوردستان تەمەنای ژیانی نوێو ئومێدی نوێیە لە هەڵبژاردنو قۆناغی نوێی کوردستان نەک قەیرانو خوێنی تازە.

**٢٢ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩**

# ئارام جەماڵ: دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

# میراتگری کلتووری دەسەڵاتێکی نادیموکراسیو شمولییە

سازدانی: ئەلەند مەحوی

**دەسەڵاتی کوردی لە هەموو بۆنەکاندا هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارامو نموونەیەکی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا وێنادەکات، بەڵام هەڵسوراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی پێیوایە: «دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا میراتگری کلتووری دەسەڵاتێکی نادیموکراسیو شمولییە».**

**ئارام جەماڵ، هەڵسوراو لە بواری کۆمەڵگای مەدەنی لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا باس لەوە دەکات کە لە هەرێمی کوردستاندا مۆدێلێک لەسیستمی حوکمڕانی بەڕێوەدەچێت کە ناتوانێت شەفاف بێت بەتایبەتی لەڕووی داراییو بودجەو بەدەستهێنانی زانیارییەوە**

**ڕۆژنامە: کێن ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێیان دەوترێت کۆمەڵگای دیموکراسیو کراوە؟**

* وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەچەند دێڕێکدا کارێکی زەحمەتەو پێویستی بە لێکدانەوەو شیکارییەکی فیکریو مەعریفی دەوڵەمەند هەیە، چونکە چەندین ڕوانگەی فیکریی هەیە بۆ ڕاڤەکردنی دیموکراسیو کۆمەڵگای کراوە. بەهەر حاڵ بە تێگەیشتنی من کۆمەڵگای کراوەو دیموکراسی، کۆمەڵگای بەشداریکردنە لەژیانی سیاسیدا بە ئاراستەی فراوانکردنی ڕووبەری فەزای گشتیو ڕەنگرێژکردنی زیاتری ژێرخانی دیموکراسیانەی سیاسیو بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداریی سیاسی هاوڵاتیان لە داڕشتنی سیاسەتی گشتیو دەستەبەرکردنی مافو ئازادییەکانیاندا. واتە لەمجۆرە کۆمەڵگایانەدا لەلایەکەوە بەرئەنجامی کۆتایی پەیوەندی نێوان سێ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو یاسادانانو دادوەریی بەخزمەت تۆخکردنەوەی فەزای گشتی دەشکێتەوە، لەولاشەوە بوونی میدیای ئازادو ئەهلیو ڕێکخراوگەلی سەربەخۆی کۆمەڵگای مەدەنیش فەزا گشتییەکە قووڵتردەکەنەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا کۆمەڵگای کوردی دەچێتە خانەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە کۆمەڵگای دیموکراسی هەژماردەکرێن؟**

* لە ڕوانگەی ئەم خوێندنەوە تیۆرییە کورتەی سەرەوە بۆ کۆمەڵگای دیموکراسیو کراوە دەتوانین بڵێین؛ هێشتا دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا میراتگری کلتووری دەسەڵاتێکی نادیموکراسیو شمولییەو مانەوەی خۆشی لە تۆخکردنەوەو چەسپاندنی پایەکانی سیستمێکی تۆتالیتاردا دەبینێتەوە، نەک دیموکراسی.

دەسەڵاتی کوردی خەسڵەتێکی داخراوو متو تاکڕەهەندو خۆ بەموتڵەقزانی هەیەو ناچێتە ژێرباری دیالۆگی ئازادەوەو لە هەوڵی بەردەوامی داگیرکردنی فەزای گشتیدایە، سروشتێکی واعیزانەی تاکڕەهەندی هەیە، تەنیا قسەدەکاتو گوێناگرێتو زیاترو زیاتر لەو شوێنانەشەوە قسەدەکات کە خۆی پێشوەخت دیاریکردوون، وەک کۆبوونەوە حیزبییەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیان.

کۆمەڵگای کوردی لە وێنای دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە یەکسانە بە کۆی ئەندامانی حیزبەکەیان، بۆیە وەختێک بۆ حەشاماتێک لە ئەندامانو لایەنگیرکراوەکانیان قسەدەکەن وادەزانن بۆ هەموو کۆمەڵگا قسەیان کردووە، ئەو قەناعەتەیان لەلا بووەتە ڕاستییەک کە کاری ئەمان تەنیا قسەکردنە نەک گوێگرتنیش، چونکە هەموو کۆمەڵگا لەگەڵ ئەواندایە لەبەرئەوە دیالۆگو ئەرگیۆمێنتو مشتومڕ بەلایانەوە شتگەلێکی ناپێویستن. ئەم عەقڵیەتەیە کە ئێستا لە حزوری هێزگەلی نەیارو بەرهەڵستکاردا تووشی شۆکو هیستریا هاتووە، کۆی خەریتەی بیرکردنەوەیانی شێواندووەو نازانن لە کوێدان!!

ئەمجۆرە دەسەڵاتانە تا ئەو جێگایەی بۆیان بلوێت شمولیو پاوانخوازنو لەوێوە دیموکراسین کە ناتوانن خۆسەپێنەر بن، دەسەڵاتی کوردی لەڕووی شێوازی حوکمڕانییەوە ئەزموونەکانی کۆتایی سەدەی بیستی ئەورووپای خۆرهەڵات دووبارەدەکاتەوە، کە جۆرێک لە سیستمی بەرهەمهێنان پێیدەگوترێت «دیکتاتۆراسی» واتە سیستمێکی خۆسەپێنەر لەگەڵ پەراوێزێک لە دیموکراسی کە زادەی ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی ئەوێو ڕژێمی بەعسی ئێرەیە. ئەم سیستمە حیزبسالارە هەوڵیداوە کۆمەڵگا بەپێی جیهانبینی شمولیانەی خۆی دابڕێژێتەوەو کۆمەڵگا دووچاری داگیرکارییەکی ناخۆیی بکاتو تەجمیدی بکات، لە هەموو جۆرە بەشدارییەکی سیاسیی ئازادانەو بەشدارییەکان کورتبکاتەوە لە موناسەباتو ئیحتیفالاتی حیزبی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هێشتا ئەم دەسەڵاتە یاسایەکی نییە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو جۆرەکانی دیکەی بەشداری سیاسی.

**ڕۆژنامە: بۆچی ڕۆشنبیری کوردی نەیانتوانیووە پێناسێکی دیاریکراوی ڕوون بۆ کۆمەڵگای کوردی دابنێت، ئایا دەترسن؟ یان لە توانایاندا نییە جیاکاری بکەن؟**

* ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر لە دوای ڕاپەڕینەوە باسیان لەسروشتی ئەم دەسەڵاتە کردووەو هەوڵیانداوە دەسەڵات بە ئاقارێکدا بگۆڕن تەنیا قسەکەر نەبێت گوێگریش بێت، بەڵام ئەمجۆرە دەسەڵاتانە گوێ لە پێشنیازو بۆچوونی کەسانی دەرەوەی خۆیان ناگرن، چونکە خۆیان بەموتڵەق دەزانن تا ئەوکاتەی هێزێکی کۆمەڵایەتی دروستدەبێت، دەیەوێت نوێنەرایەتی سیاسی خۆیان هەبێت لەناو دامەزراوە دەستوورییەکانی وەک پەرلەمانو حکومەتدا، پێدەچێت لێرە بەدواوە دەسەڵاتی کوردی گوێ لەهەندێک ڕۆشنبیری ڕەخنەگر بگرێت، ئەگەر وەک مەسەلەیەکی تاکتیکیش بێت. کۆمەڵگای کوردی ئێستا لە قەیراناویترین لە حزەکانی خۆیدا دەژیو هەموو ئاستەکانی سیاسیو ئیدارییو ڕۆشنبیرییو خزمەتگوزاریی دووچاری قەیران هاتوون، تەنانەت ئەو قەیرانەی سیستمی حیزبایەتی لە هەرێمدا دروستیکردووە ناعەدالەتییەکی ئەوەندە گەورەی خوڵقاندووە تەنانەت بەشێکی فراوان لە ئەندامانی ناو هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش دووچاری پەراوێزخستن هاتوون، ئێستا جۆرێک لە جەمسەربەندیی لەناو ئەوانیشدا خوڵقاوەو ئەمەش قەیرانی سیستمی حیزبایەتی لە هەرێمدا قووڵترکردووەتەوەو ئەمەش ئاسۆی ئاڵوگۆڕی لەناو سیستمی سیاسیدا بەهێزترکرووە.

**ڕۆژنامە: لە هەرێمی کوردستاندا بنەماکانی دیموکراسی (شەفافیەت، هەڵبژاردن، کۆمەڵگای مەدەنی، مافی مرۆڤ ...هتد) بوونیان هەیە، یان هەر چەمکێکن بە هاوڵاتییان دەفرۆشرێن؟**

* ئەم چەمکانە ڕستێکی دانەبڕاون لە مەنزومەی سیستمی دیموکراسیو ناکرێت باس لە دیموکراسی بکەیتو پێچەوانەش بیت، لەگەڵ چەمکەکانی شەفافیەتو ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتو کۆمەڵگای مەدەنیو مافی مرۆڤو ئازادیی ڕادەربڕین... هتد.

هیچ کام لەو چەمکانەی سەرەوە نەبوونەتە قەناعەتو ستراتیژییەتی کارکردنی دەسەڵاتی کوردی، بەڵکو هەرشتێک لەوانە وەختێک هەنگاوی بۆ دەنرێت لەوەوە نییە، ئەم دەسەڵاتە گەیشتبێتە بڕوایەکی نەگۆڕ بەشەفافیەتو بیەوێت خۆی بکاتەوە!

بەهەڵبژاردنو بیەوێت ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکات! بەکۆمەڵگای مەدەنیو بیەوێت ڕووبەری دەسەڵاتی حیزبو حکومەتەکەی بچووکبکاتەوە! بە مافی مرۆڤ بیەوێت پێشێلکاریی نەکات!! ئەمانە ئەگەر لێرەو لەوێش لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قسەیان لەسەر بکرێت لەبەر هەڵئاوسانی قەیرانی ناوخۆی حیزبو کۆمەڵگایە، وەک مەسەلەیەکی تاکتیکیو کاتی چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە.

لە هەرێمی کوردستاندا مۆدێلێک لە سیستمی حوکمڕانی بەڕێوەدەچێت کە ناتوانێت شەفاف بێت، بەتایبەتی لەڕووی داراییو بودجەو بەدەستهێنانی زانیارییەوە، نەبوونی ئەم شەفافیەتەش وایکردووە هاوڵاتییان بڕوا بە هەموو شتێک بکەنو گومانیان لەهەموو شتێکی دەسەڵات هەبێت.

سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنیش ئەم مۆدێلە لە دەسەڵات سروشتێکی شاهەنشایی هەیەو باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نییە، دۆڕاندن قبوڵناکات، چونکە ئەوە باش دەزانێت کە دۆڕاندن یەکسانە بە ڕووخانو هەڵتەکسانەوە، بۆیە هەوڵدەدات بەهەر قیمەتێک بێت نەچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە وەختێکیش برایە نێو پرۆسەکەوە هەوڵدەدات بەهەموو شێوەیەک بیباتەوە، چونکە دۆڕاندن بەلای ئەمجۆرە حیزبانەوە زۆر قورسەو لەوەش قورستر هەڵسانەوەیە. لەساڵی (١٩٩٢)ەوە هەتا ئێستا لە هەرێمدا تەنیا هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) کراوە، ئەویش نەک لەسەر خواستی هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، بەڵکو لەژێر فشاری زلهێزەکانی دنیاو ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر عێراقو ناوچەکەدا هاتبوو، ئەمەش نیشانەیەکی زەقە بەوەی کە هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نایانەوێت هەڵبژاردن ئەنجامبدەن.

سەبارەت بەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لەدوای ڕاپەڕینەوە بەهۆی هاتنی شەپۆلی سێیەمی دیموکراسییەوە کە خۆی لە هاتنی ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینێتەوە، هەوڵێک کەوتووەتە ڕێ بۆ چەکەرەکردنی چەند ڕێکخراوێک لە دەرەوەی کۆمەڵگای حیزبیو ڕەسمیی، ئەوەی تائێستا لە کوردستاندا لەسەر ئاستی کۆمەڵگای سیاسیو مەدەنی تۆخە، کۆمەڵگای حیزبییە، نەک کۆمەڵگای مەدەنی، ئەویش بەهۆی ئەو لاسەنگییەی لەنێوان کۆمەڵگای مەدەنیو دەسەڵاتدا لە ئارادایە. ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناوکی گۆڕان بنو هێزێک بن لەبەردەم قەڵەمڕەوییەکانی دەسەڵاتدا، ئەوا لە کوردستاندا دەسەڵات لەفێڵی دروستکردنی «نەک دروستبوونی» ڕێکخراوگەلێکی بەلێشاودایە بۆ لاوانو گەنجان، مامۆستایان، ئافرەتانو ژنان، خوێندکارانو قوتابیانو پیشەوەرانو... تاد بە ئامانجی سڕکردنی بزووتنەوەی ئەم چینو توێژانەو بەلاڕێدابردنیان بە ئاقارێکی پێچەوانە بەخۆیان. خەمی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دروستکراوانە کارکردنە بۆ ئەجێندای ئەو حیزبەی دروستیکردوون، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە دەبێت کەسی یەکەمی ناو ئەم ڕێکخراوانە سەر بە «پارتی دروستکەر» بێت، بەدڵی کەسی یەکەمی ناو مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان یان جەماوەرییەکان بێت، کە ئەمیش خۆی دەبێت ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبی دەسەڵاتداربێت. ئەمجۆرە ڕێکخراوە دروستکراوانە ئاستەنگی گەورەی بەردەمی دیموکراسینو ناهێڵن دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی ڕێچکەی ئاساییو سروشتی خۆیان بگرنو شوناسی کۆمەڵگایی خۆیانیان هەبێت. دیارە ئەو عەقڵە پاوانخوازەشی لە پشت ئەم گەمە نادیموکراسیەوە کاردەکات هەڵگری سروشتێکی شمولیو تۆتالیتارە، نایەوێت کۆمەڵگا بە هەموو جیاوازییو وزەی خۆیەوە دەربکەوێتو کۆی هەموو ناکۆکییەکان بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش بچێتەپێش، کە دواجار بکەوێتە خزمەت هەمووانەوە، بەڵکو دەیەوێت کۆمەڵگا بە هەموو بەرژەوەندییو ئایدیا جیاوازەکانیەوە کورتبکاتەوە بۆ بەرژەوەندی مەکتەبو سەرکردایەتییەکو لە کۆتاییشدا بۆ کەسی یەکەمی نێو حیزبەکەی.

**ڕۆژنامە: کێ زەرەرمەندی یەکەمە لە کرانەوەی کۆمەڵگادا؟**

*سیستمی دامەزراوەیی لەکوردستاندا لە هەموو شت زیاتر پێویستی بە جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنو یاسادانانو دادوەرییە، کە ئێستا لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە ئاڕاستەدەکرێن، بەشێوەیەک ڕێکخراون کە لە دواجاردا بکەونە خزمەت سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەوە، یان لانیکەم ئەم دەسەڵاتانە هیچکات نەیانتوانیوە لەچوارچێوەی کاری خۆیاندا بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران بکەون، لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن. بۆیە سوودمەندی یەکەم لە کرانەوەی سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمدا بەپلەی یەکەم هاوڵاتییانی کوردستانو دامەزراوە پەروەردەییو کارگێڕییو داراییەکەیەتی کە تاسەر ئێسقان لەژێر کۆنترۆڵی دەزگا حیزبییەکاندایەو لەوێوە کەسی یەکەمو دەیەمیشیان بۆ تەعین دەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئەو هێزانە کێن دەتوانن کۆمەڵگا بگۆڕن بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنیو کراوە، ئایا لە هەرێمی کوردستان جێ پەنجەیان دیارە؟**

* لەدنیادا کەم ئەزموونی سیاسی هەیە ئەوەندەی هەرێمی کوردستان گروپو دەزگاکانی تێکەڵو پێکەڵ کرابن، لەم ئەزموونەدا بەهۆی حیزبی دەسەڵاتدارەوە کەم شت ماوە وەزیفەی خۆی لەدەستنەدابێت، بۆیە پرۆسەی گۆڕان بەر لە هەموو شتێک پێویستی بەوەیە هەموو شتەکان پێناسەبکرێنەوە، ببرێنەوە جێگای خۆیان بەتایبەتیش پارتی سیاسی. من بە هەموو بڕوایەکمەوە ئەم مۆدێلەی حیزبی سیاسی (ئەگەر پێناسەی حیزبیان بەسەردا بچەسپێت)لەهەرێمی کوردستانداگەورەترین بارن بەسەر کۆمەڵگاو حکومەتەوە، جگە لە تێکدانو بێسەرەوبەرکردنی کۆمەڵگا تەخشانو پەخشانکردنی داهاتو بودجەی کۆمەڵگاو دروستکردنی تاکێکی بەکاربەری بێبەرهەم چی شتێکی دیکە بۆ کۆمەڵگا دەکات؟! ئەو کەسایەتییە سیاسییە گەورانە کامانەن لە پارتە سیاسییەکانو ڕێکخراوە پێگەیانەکانیانەوە بەرهەمهاتوون؟! ئەگەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بودجەی ئەم وڵاتەیان لێبسەندرێتەوە چینو دەتوانن چ شتێک پێشکەشی ئەم کۆمەڵگایە بکەن. ئەم مۆدێلە لەسیستمی حیزبایەتی خراپترین جۆریەتیو لەگەڵ خۆیدا حکومەتو هەموو دامەزراوە نەتەوەییو دەستوورییەکان دەخاتە قەیرانەوە، دواجار لە ئاستی کۆمەڵگادا ئەخلاقی مشەخۆرییو دووڕوویی گوێڕایەڵی زاڵدەکات، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە مانەوەی ئەم حیزبانە وەستاوەتە سەر بەهێزکردنی ئەمجۆرە لە ڕەفتارو ڕوانین لەناو حیزبودامودەزگاکانی حکومەتو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش.

لەبەرئەوە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەو هێزانەی بە پلەی سەرەکی دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بەرن پارتی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی خاوەن جیهانبینییەکی مۆدێرنی دوور لە پاوانکردنی حکومەتو سەرچاوەکانی داراییو میدیاو پەرلەمانو دادوەرییە، ئۆپۆزسیۆنێک بیەوێت پارتی سیاسی بباتەوە ناو کۆمەڵگای مەدەنیو سروشتە قۆرغکارییەکەی دابماڵێتو بیباتەوە جێگای خۆیو تەنیا وەزیفەی خۆی ببینێت. ئەو حیزبە سیاسییەی هەتا ئێستا لە کوردستاندا دیومانە بە عەقڵیەتێکی شمولییەوە کاریکردووە، کۆمەڵگا بە غەنیمەی خۆی دەزانێت.

میدیای ئازادو ڕێکخراوی سەربەخۆی کۆمەڵگای مەدەنیش دوو کارەکتەری سەرەکین لە پێشخستنو زیندووکردنەوەی شوناسی کۆمەڵگاو سەندنەوەی لە دەسەڵاتی حیزبو حکومەت، دیارە ئەوانیش لە ئێستای کوردستاندا بەهۆی خواروخێچیی سیستمی حیزبیو سیاسییەوە کەندوکۆسپی زۆریان لەڕێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەحەددا دەکەنو بەردەوامن.


ئارام جەماڵ

> **ئەم سیستمە حیزبسالارە هەوڵیداوە کۆمەڵگا بەپێی جیهانبینی شمولیانەی خۆی دابڕێژێتەوەو کۆمەڵگا دووچاری داگیرکارییەکی ناخۆیی بکاتو تەجمیدی بکات، لە هەموو جۆرە بەشدارییەکی سیاسیی ئازادانەو بەشدارییەکان کورتبکاتەوە لە موناسەباتو ئیحتیفالاتی حیزبی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هێشتا ئەم دەسەڵاتە یاسایەکی نییە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانو جۆرەکانی دیکەی بەشداری سیاسی**

## بۆئەوەی سەرۆکی هەرێم ڕکابەری نەبێت

# دەستووری هەرێم «بەشەخسەنە» دەکرێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە چەپڵەڕێزان پەسەند دەکات، شارەزایەکی دەستووریش پێیوایە، پەسەندکردنی ئەو دەستوورە ئەوە دەگەیەنێت کە دەیانەوێت پۆستی سەرۆکی هەرێم «بەشەخسەنە» بکرێتو ڕکابەرێکی بەهێزی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نەمێنێتەوە، تەنیا کەسێکی دیاریکراو چانسی وەرگرتنی ئەو پۆستەی هەبێت.

دوای ئەوەی دەیان ڕێکخراوی مەدەنیو ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانو خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕو ژمارەیەک پەرلەمانتار داوایانکرد لەئێستادا پەلە لە پەسەندکردنی دەستووری هەرێم نەکرێت، بەڵام پێچەوانەی ئەو خواستانە ڕۆژی (٢٤)ی ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان بە چەپڵەڕێزان دەستووری هەرێمی پەسەندکرد.

یوسف محەمەد، مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کێشەکە لەوەدایە کە دەستووری هەرێم سەرجەم دەسەڵاتەکانی وەک دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دەسەڵاتی دادوەریی دەباتەوە بەردەم ڕەحمەتی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم». وتیشی: پەسەندکردنی ئەم دەستوورە ئەوە دەگەیەنێت کە دەیانەوێت پۆستی سەرۆکی هەرێم «بەشەخسەنە» بکرێتو ڕکابەرێکی بەهێزی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم نەمێنێتەوە، «تەنیا کەسێکی دیاریکراو چانسی وەرگرتنی ئەو پۆستەی هەبێت». بەپێی ماددەی (٦٠) لە دەستووری هەرێم سەرۆکی هەرێم سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنو فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهۆی ئەو دەسەڵاتانەش لە دەستووردا بە سەرۆکی هەرێم دراوە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت کێشەوگیروگرفت دروستبکرێت، ئەوەجگە لەوەی بەپێی دەستوورەکە ڕێگا خۆشدەکرێت بۆ ئەوەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم بتوانێت بۆ ماوەی (١٢)ساڵ واتا سێ خول خۆی کاندید بکاتەوە.

یوسف محەمەد، پێیوایە؛ پەسەندکردنی دەستوورێکی لەو جۆرە بۆ هەرێمێک کە هێشتا دیموکراسی تێیدا نەچەسپیوە، بەشێوەیەکی «نایاساییو ناشەرعی» دەرچووە، «لەهەرێمێکدا کە نەتوانرێت لێپێچینەوە لە سەرۆکەکەی بکرێتو پەرلەمانەکەشی هێندە لاوازبێت کە نەتوانێت لێپرسینەوە لە وەزیرێک بکات، بە دڵنیاییەوە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە هەرێمی کوردستان بەرەو حوکمی تاکەکەسی بڕوات».

دۆخی کوردستان تائێستا بە دۆخێکی ناسەقامگیر دەدرێتە قەڵەمو هێزە چەکدارەکانیش لەژێر ڕکێفی حیزبەکاندان ئەوەجگە لەوەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت کوردستان خاوەنی هێزی پۆلیسو ئاسایشی دیسپلین نییە بۆیە.

ئەومامۆستایەی زانکۆ سەرسوڕمانی خۆی لەوەنیشانداکە «پەرلەمان دەنگ لەسەر دەستوورێک دەدات کە دەسەڵاتەکانی خۆی بەرتەسک دەکاتەوەو دەستوورێک کە مافی ئەوەی پێ نەبەخشێت کە بتوانێت لێپێچینەوە لە دەسەڵاتەکانی دیکە بکات».

بەپێی دەستووری هەرێمی کوردستان زیاتر لە بیست دەسەڵاتی گەورە بە سەرۆکی هەرێم دراوە، بەڵام لە بەرامبەر پێدانی ئەو هەموو دەسەڵاتانەدا تەنیا دادگای دەستووری هەرێم دەتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بکات، ئەویش لە حاڵەتی ئەنجامدانی «خیانەتی نیشتمانیی»دا.

شارەزاکەی بواری سیاسەت پێیوایە، کەسێک کە نەتوانرێت لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمییەکانی بکرێت، ڕێگیریی لەوە بکرێت کە بەرژەوەندی شەخسی لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی یان حیزبییەکانی تێکەڵ بکات، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی هەبێت «بەدڵنیاییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دەسەڵاتە بەرەو لادان دەڕوات».

یوسف محەمەد وتیشی: «لە هەموو ئەوانە سەیرتر ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی دیکەیش وەک چوار حیزبە کوردستانییەکە لەکاتێکدا کە بانگەشەی ئۆپۆزسیۆن بوون دەکەن، پێیانوایە ئەوان لەگەڵ ڕای زۆرینەی خەڵکی کوردستانو لە هەوڵی بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراسیو دژی گەندەڵین، بەڵام لەپێناو کۆمەڵێک دەستکەوتی مادیدا دەنگی خەڵک دەکوژن، دەنگ بە پەسەندکردنی دەستوورێکی لەوجۆرە دەدەن».

بەپێی بڕگەی (٨) لەمادەی (٦٥)ی دەستووری هەرێم، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە باری نائاسایی ڕابگەیەنێت، یاسا پێشنیازبکات، بەڵام مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانی ڕوونیکردەوە «ئەودەسەڵاتانە مافی دەسەڵاتی یاسادانن نەک سەرۆکی هەرێم، هەر بۆیە بوونی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم چەندین بەریەککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەدا دروستدەکات».



### دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم چەندین بەریەککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەدا دروستدەکات

## «ڕێگاکانی تۆتالیتاریزم هەمواردەکاتەوە»

# بڕیارەکەی پەرلەمانی بەسەرچوو، ئایندەی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە

ڕۆژنامە

دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو بۆ دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم، نارەزاییەکانی ڕۆشنبیرانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو چینو توێژەکانی کوردستان بەردەوامە، ناوەندی چاک لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە ئەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان بە نابەرپرسیارانە دەزانێتو ئایندەی کوردستان دەخاتە مەترسییەوەو ڕێگاکانی تۆتالیتاریزم هەمواردەکاتەوە، چونکە پەرلەمانی کوردستان ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاندووەو مافی ئەوەی نییە بڕیار لە مەسەلەیەکی ئاوا چارەنوسساز بدات. هاوکات یەکێتی چەپی کوردستان داوادەکات خەڵکی کوردستان ڕازی نەبن ڕەشنووسی پێشنیازکراوی دەستووری هەرێم بخرێتە ڕاپرسییەوە.

دوای ئەوەی کە پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕاپرسیی لەسەر بکرێت، ئەو هەنگاوە نارەزاییەکی توندی لە شەقامی کوردیدا دروستکرد، تادێت هەڵمەتی نارەزایی دژی بڕیارەکەی پەرلەمان لە زیادبووندایە، لە هەفتەی ڕابردوودا بەرپرسانی ئیداریی پارێزگای سلێمانیو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە توندی پەسەندکردنی دەستوورەکەیان ڕەتکردەوە، پەسەندکردنی دەستوور لەئێستادا بە گاڵتەکردن بە ئیرادەو خەونو کەرامەتی هەمووان وەسف دەکەنو داوای ڕەتکردنەوەی دەنگدان لەسەر دەستوور دەکەن.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد، (چاک) کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنییە لە ڕێگای بەیاننامەکەیەوە ئاماژە بەوە دەکات پەرلەمان ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاندووەو مافی ئەوەی نییە بڕیار لە مەسەلەیەکی ئاوا چارەنووسساز بدات.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵەوە پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەسەرچوونی وادەی یاسایی خۆی، پەلەپەلیەتی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێمی کوردستان بەخێرایی پەسەند بکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە دەستوور دایکی هەموو یاساکانە، کەچی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا خرابووە سەر ڕەفەکانو لەئاستیدا بێدەنگبوون، ئەمە لەکاتێکدا دەبوایە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستان بوونایە، نەک نوێنەری حیزبەکان، بۆیە ئەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان بە نابەرپرسیارانە دەزانین، چونکە لەم سۆنگەیەوە ئایندەی کوردستان دەخاتە مەترسییەوەو ڕێگاکانی تۆتالیتاریزم هەمواردەکاتەوە، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە، کەوا پەرلەمانی کوردستان ماوەی یاسایی خۆی تێپەڕاندووەو مافی ئەوەی نییە بڕیار لە مەسەلەیەکی ئاوا چارەنووسساز بدات.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەڵمەتێکی نارەزایی دژی پەسەندکردنی دەستوور دروستبوو، داوا لە پەرلەمانی کوردستان کرا کە دەنگدان لەسەر دەستوور دوابخات، بەڵام پەرلەمان بێگوێدانە ئەو داواکارییە دەستووری پەسەندکرد.

ناوەندی چاک دەڵێت پەرلەمانی کوردستان ئەگەر گوێ لە نارەزایەتیو داخوازیی ڕێکخراوەکانو ڕۆشنبیرانو خەڵکی کوردستان نەگرێت، بەومانایە دێت کە نە ڕێز لە دەنگی خەڵکی کوردستانو نە ڕێزیش لە دەستووری هەرێمی کوردستان دەگرێت، کە پێویستە بەپێچەوانەوە بێتو دەستوور بە تەندروستیو بە دەوڵەمەندیو لەسەر ڕای کۆمەڵانی خەڵکو نوخبەی شارەزایانی دەستوورەوە تێپەڕێت.

لە بەیاننامەیەکدا لیژنەی باڵای یەکێتی چەپی کوردستان کە ڕۆژی (٦/٢٥) ئاراستەی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانو حیزبو ڕێکخراوو ناوەندە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانیان کردووەو وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە، ئاشکرایدەکەن پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای بارزانیو لە پەراوێزی ڕێککەوتنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا، ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی بە خشکەییو پەلەپڕوزێ پەسەندکرد، تا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا دەنگی بۆ بدرێت.

هەروەک ڕایدەگەیەنن: ئێمە ڕەشنووشی ئەو دەستوورە بە شایەنی خەڵکی کوردستان نازانین، پێمانوایە دەسەڵاتی حیزبیو بنەماڵەیی قایمتر دەکات، بەهۆی دەسەڵاتی فراوانی سەرۆکی هەرێمەوە لەو ڕەشنووسەدا سیستمێکی سیاسی دادەمەزرێنێت کە دەسەڵاتی پەرلەمان دەخاتە پەراوێزەوەو تاکڕەوییو ئیستبدادی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

بەوپێیەی کە هاوڵاتییانی کوردستان دوا ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیان نەخوێندووەتەوە، نازانرێت چی تێدایەو لە بەرژەوەندیی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارادیە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوا لە جەماوەری کوردستان دەکەن دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوەو ڕێگربن بۆ پەسەندکردنی دەستوور.

لە بەیاننامەکەی چاکدا هاتووە: «هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار (یەکێتیو پارتی)، بە مەبەستێکی سیاسی وەک هەموو کارێکی دیکەی یاساییو سیاسی کە پرسیان بە کەس نەکردووە، گوێیان لە ڕەخنەو هاواری هیچ کەسو لایەنێک نەگرتووە، دیسان لەم مەسەلە هەستیارەشدا هەموو دەنگە نارەزایەتییەکانیان پشتگوێخستووە، ئێمە لە ناوەندی چاک وێڕای ئەوەی دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی نارەزایەتییەکان بۆ تێپەڕاندنی باشترینو دیموکراسیترین دەستوور، دەڵێین بەڵێ بۆ گەڕاندنەوەی ڕێزو هەیبەت بۆ پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، نا بۆ پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان».

یەکێتی چەپ گرنگیی دەستوورو پرەنسیپەکانی وەکو پێویستییەکی یاسایی بنچینەیی دەزانن، پێیانوایە خەڵکی کوردستان بەهۆی نەبوونی دەستوورەوە، (١٩) ساڵە گیرۆدەی مامەڵەی میزاجیو بەرژەوەندیخوازانەی پارتیو یەکێتییەو ناکۆکی نێوان ئەوان ڕێگری سەرەکی بووە لە هاتنەئارای دەستوورێکی مەدەنیو دیموکراتی نوێ، ئێستاش دەستوورێکی دواکەوتوو کۆنەپەرست بەسەر پەرلەمانی ماوەبەسەرچوودا دەسەپێننو پەرلەمانیش نەک وەک نوێنەری خەڵک، بەڵکو وەک فەرمانبەری حیزبەکانیان بێگوێدانە بەرپرسیارێتی مێژوویيو ئەخلاقی، مۆری لێدەدەنو دەیخەنە چوارچێوەی گەمەو کایەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستانەوە.

یەکێتی چەپ دەنگی خۆیان دەخەینە پاڵ ئەو دەنگانەی لەدژی ئەو بڕیارەی پەرلەمان ڕادەوەستن، داوادەکەن ئەو بڕیارەی پەرلەمان ڕابگیرێتو هەڵبووەشێتەوەو بخرێتە قۆناغی دوای هەڵبژاردن، بۆئەوەی هەم لەسەر ئاستی ڕەسمییو هەم لەسەر ئاستی شەعبی بوار برەخسێت بۆ تاووتوێکردنی، خەڵکی کوردستان، حیزبو ڕێکخراوەکان، یاساناسان، ئەکادیمییەکانو ناوەندە زانستییەکان، ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسان، کەسایەتییەکان، بەهەر شێوەیەک بۆیاندەکرێت بۆ ڕاگرتنی ئەو بڕیارە نارەزایەتی نیشانبدەنو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ڕۆشنبکەنەوە.



# ئامۆژگارییەکانی دەلایلاما بۆ سیاسەتمەدارانی کوردستان

مەهاباد قەرەداغی

نەک هەر لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڵکو لە تـــەواوی دنـیـــادا، کە هەڵبژاردنەکان نزیکدەبنەوە، سیاسەتمەداران دەکەونە کار ڕاپەڕاندنی بەلەزو بەڵێندان بە هاوڵاتییان کە لە داهاتوودا پتریان بۆ بکەن. لە کوردستانی ئێمەشدا، لەم ئانوساتەدا دیاردەیەکی وا لە ئارادایە. لە هەندێک شوێن، ساڵ دەهاتو دەچـوو جـادەکـان هـەڵـدڕابـوون‌و چاک نەدەکرانەوە، هەنووکە ڕۆژ دێت‌و دەچێت جادە قیرتاودەکرێت‌و کەموکوڕییەکان چاک دەکرێنەوە. مرۆڤی دڵسۆزی نیشتمان چەند بە ئاواتەوەیە، هەردەم وڵاتەکەی بەو خێراییەوە ئاوەدان ببێتەوە.

دەلایـلامـا، ئـەو ڕابـەرو نووسەرەی کە کاریزمایەکی جیهانی دەگمەنی هەیە، زۆر بە زمانێکی سادەو بە خاکەڕاییەوە ئامۆژگاریی سیاسەتمەدارەکان دەکات‌و سەبارەت بە بەڵێنەکانیان، ڕێنوماییان دەکات. دەلایلاما دەڵێت: «سیاسەتمەدارەکان زۆرجار بەڵێندەدەن بۆ ئەوەی دەنگدەرەکان بەرز بیانرخێنن، ئەوان دەیانەوێت بە دڵنیاییەوە دەنگەکان ببەنەوە (من ئەوە دەکەم و.. من بەڵێندەدەم وا بکەم ، دەنگی خۆتانم بدەنێ تا منیش واتان بۆ بکەم..و تا دوایی).. بەڵام بە باوەڕی من باشترین شتێک بۆ ئەوەی سیاسەتمەدارێک بەرزهەڵبسەنگێنرێت ئەوەیە کە ڕاستگۆ بێت‌و بە ڕوونی باوەڕەکانی خۆی بەیان بکات».

لە کوردستانی ئێمەش، زۆرکـەس پێیانوایە سیاسەت لەسەر خەپاندن‌و درۆوەستاوە. ئەم بۆچوونە هیچ ڕاست نییە، سیاسەتمەدار ئەگەر مەبەستی بێت تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی‌و یەک دوو ساڵێک لە مەیدان بێت، ئەوە بەڵێنەدرۆکانی لەگەڵ خۆی دەبات‌و لە گۆڕەپانەکە نامێنێتەوە، بـەڵام ئەگەر ئامانجی درێژخایەنی هەبێت‌و مەبەستی بێت لە چەندین هەڵبژاردنی دیکەشدا بەشدار بێت‌و متمانەی خەڵک بباتەوە، پێویستە بەڵێنەکانی خۆی لەبیربێت‌و خاوەنی قسەی خۆی بێت. مەخابن لە کوردستاندا، لەمجۆرە سیاسەتمەدارە کەمن‌و مرۆڤی خەمخۆری نیشتمان، هیوا دەخوازێت، لەم جۆرە سیاسییە لەلای ئێمە زۆر بن.

دەلایلاما، دەڵێت: «ئەگەر ئێمە شتێکمان وتبێت‌و دوایی ڕامان بگۆڕین‌و شتێکی دیکە بکەین تەنیا لەبەرئەوەی بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئەوا خەڵک هەستی پێدەکات‌و دێتەوەیادی. جـاران وای دەوت‌و ئێستا وا دەڵـێـت! سەرڕاستی باشترین جۆری ژیانە، بەتایبەتی لەم ڕۆژانـەی ئێمەدا کە ڕاگەیاندنەکان بە بەردەوامی هەڵخەڵەتێنەرانە قسەو کرداری پیاوانی ناسراو دەگونجێنن. ئێستا لە جاران گرنگترە کە مـرۆڤ خـۆی ڕابگرێت بە بیروباوەڕو ڕاستییەکانی خۆیەوە. ئەگەر هەردەم قسەکانی خۆمان بە ڕاستی بکەین، ئەوانەی کە خۆشیان لە بیروڕاکانمان دێت دەبنە هاوبیرمان‌و لەگەڵمان یەکدەگرنەوە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە هەلپەرستانە خۆبنوێنین، هەرچی جۆرە بەڵێنێک بدەین لە بەردەم نوێنەرانی ماسمیدیاکانداو دوای ئەوەی هەڵیانبژاردین بەڵێنەکانی پێشوومان فەرامۆش بکەین، ئەوە کارێکی هۆشمەندانە نییە. ئیدی نەک تەنیا بێموڕاڵین، بەڵکو گەمژەشین، چونکە خەڵک جاری داهاتوو دەنگمان پێنادات. بۆ ئەم ناخۆشییە دروست بکەین تەنیا لەبەرئەوەی مانداتێک ببەینەوە؟»

> **ئەوانەی کورسی دەسەڵات بە خراپ بەکاردەهێنن، خۆیان بارگاوی دەکەن بە باری قورسی ناڕەوایەتی‌و درەنگ یان زوو یاسای سروشتی، کە لەسەرووی هەموو هێزێکی گەردوونەوەیە، سزایەکی شایستەیان دەدات**

ئەم بۆچوونە ساکارەی دەلایلاما، ئەگەر سیاسەتمەدار گوێی لێڕابگرێت‌و پیادەی بکات، دەبێتە خاوەنی موڕاڵێکی بڵندو ئاماژە بە ڕەوشتبەرزییەکەی دەکرێت. بەدەستهێنانی دەسەڵات، ئەگەر بۆ ئامانجی مرۆڤانەو خزمەت بە خەڵکی وڵات نەبێت‌و تەنیا بۆ خزمەتی خۆبێت، بێڕەوشتی پیشەیی دەردەخـات، کورسیی دەسـەڵات بۆ خزمەتکردنە نەک بۆ پەرستن. ئەوانەی کورسی دەسەڵات بە خراپ بەکاردەهێنن، خۆیان بارگاوی دەکەن بە باری قورسی ناڕەوایەتی‌و درەنگ یان زوو یاسای سروشتی، کە لەسەرووی هەموو هێزێکی گەردوونەوەیە، سزایەکی شایستەیان دەدات. مەخابن لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە کوردستانی ئێمەشەوە، کەسانێک هەن خراپ کورسی بەکاردەهێنن. نکۆڵی لە هەبوونی کەسانێکیش ناکرێت کە بۆ خزمەتی خەڵک دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن.

دەلایلاما، دەڵێت : «کاتێک مرۆڤ خۆی لە پایەیەکی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە. پێویستە بە تایبەتی ورد بێت لەو شتانەی کە دەیکات، هەروەها لەوانەش کە بیری لێدەکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ سەرۆک بێت یان وەزیر بێت، یان پایەیەکی بـەرزی لە دەستدا هەبێت، دەپارێزرێت، ڕێزی لێدەگیرێت‌و دەخرێتە بەر سەرنجەکانەوە. دەسەڵات‌و کاریگەری هەیە، ئا لەم پایەیەدا مرۆڤ پێویستە تەواو ئاگاداربێت لـەوەی چۆن بیردەکاتەوەو پاڵنەرەکانی چین، دەنا مرۆڤ هەستی ئەوە لە دەستدەدات کە دەیەوێت چی بکات. مرۆڤ تا پاسەوان زۆر بێت بە دەوروبەرییەوە، ئەوەندە زیاتر پێویستە نـاوەوەی خۆی بپارێزێت».

لـە کوردستانی ئـێـمـەدا، زۆرکـەس پێشئەوەی دەسەڵاتێکیان پێدرابێت، مرۆڤێکی بـاش‌و لەسەرخۆو دەستپاک‌و دڵپاک‌و داوێنپاک بـوون، وەلـێ هەر کە دەسەڵاتەکەیان بەدەستەوەگرت، زۆربەی ئەو هاوکێشانە تێکدەچن‌و لاسەنگی دەکەوێتە کەسایەتییانەوە. گەلۆ سروشتی دەسەڵات خۆی وا نابووتە، یان ئەو کەسانە دەروونێکی بەهێزیان نییەو غەریزەکانیان پێش عەقڵیان دەکەوێت؟ ئایا هەر لە وڵاتی ئێمەدا وایە، یان کەسانی دەروونلاواز لە شوێنی دیکەی دنیاشدا هـەن؟ هەڵبەتە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەتایبەت زۆرترە. وەزیر یان ئەندام پەرلەمان، یان بەڕێوەبەرەگشتییەکان‌و ئەوانەی پۆستی باڵایان هەیە، ڕێگا بەخۆیان دەدەن هەموو شتێک بکەن‌و زۆرجاریش پێیان سەیرە خەڵک یان دەسەڵاتی چوارەم ڕەخنەیان لێبگرێت. بەڕاستی هەندێک لەوان، بە تەواوی نابینان لەبەرامبەر کردەوەکانی خۆیان.

دەلایلاما دەڵێت: «هەندێک سیاسەتمەدار، پێشئەوەی هەڵببژێردرێن، دەرکی نایابیان هەیە، بەڵام هەر کە گەیشتنە ئەو پایەیەی کە دەیانویست، بە تەواوی پڕ دەبن لە هەستی خۆمەزنی‌و ئەوە لەبیر دەکەن کە چ ئامانجێک ئاراستەی ئەوانی دەکرد. ئەوان وا لە خۆیان دەکەن کە باشن‌و ئەوانە دەپارێزن کە دەنگیان بۆ داون. باوەڕیان وایە ئەوان بەدەرن لە خراپەکاری. ئەوان خۆیان پێیانوایە، بەپێی ئەو پێگەیەی کە هەیانە بۆیان هەیە هەرچی بیانەوێت بیکەن‌و کەس بۆی نییە بۆ ئەمە سەرزەنیشتیان بکات. تا ئەگەر هەندێک ڕەفتاری بێفەڕانەش بکەن، پێیانوایە ئەمە شتێکی ئەوتۆ نییەو پەیوەندیدارە بە جۆری ئەرکەکەیانەوە. بە شێوەیەکی دیکە بڵێم، ئەوان ڕێگا بە خۆیان دەدەن گەندەڵی بکەن».

زۆر گرنگە لە کوردستانی ئێمەشدا بیرکردنەوەی هومانیستی‌و نوێ سەبارەت بە دەسەڵاتداریتی‌و خزمەت‌و پەیڕەویکردنی یاساو پیادەکردنی دادپەروەریی بێتە ئاراوە. مرۆڤێکی کورد، پیاو بێت یان ژن، کە دەبێتە دەسەڵاتدار، یان کە متمانەی پێدەدرێت تا لە پێگەیەکەوە خزمەتی کۆمەڵگاکەی بکات، پێویستە جڵەوی غەریزەکانی خۆی بگرێت‌و نەهێڵێت لافاوی غەریزەکانی تەماح، سێکس، مـەرگو غەریزە نزمەکانی دیکە، عەقڵی داپۆشێت. زۆرگرنگە پیاوو ژنی کورد کە دەبێتە ئەندام پەرلەمان، یان وەزیـر، یان وەکیل، یان بەڕێوەبەر، یان سـەرۆکو ئەندامی مەکتەب سیاسی‌و هتد، لەبیری نەچێتەوە کە ئەو خزمەتکاری خەڵکە، نەک بە پێچەوانەوە. بەهۆی خراپ ڕەفتارکردنی هەندێک کەسی ئەو پێگانەی دەسـەڵات‌و سیاسەت، لەکوردستاندا جۆرێک لە دژایەتی‌و بەسووک تەماشاکردنی دەسەڵاتدار لە لایەن هەندێکو، لە لای ئەوانیشەوە بە سووک سەرنجدانە ڕەخنەکانی خەڵکو چاودێران، هەیە. لە ڕاستیدا پێگەکانی دەسـەڵات‌و خوودی سیاسەت خراپ نین، بەڵکوهەندێک لەو کەسانەی کە نازانن چۆن کۆنتڕۆڵی غەریزەکانیان بکەن‌و پێگەکانی خۆیان خراپ بەکاردەهێنن، سەنعەتەکەیان سووککردووە. ئەمە نـەک لەکۆمەڵگای ئێمە، لە برێک کۆمەڵگای هاوچەشنی ئێمەشدا هەروایەو جێگای سەرنج‌و ڕەخنەیە.


دەلایلاما دەڵێت: «لەم سەردەمەدا، خەڵک بـاوەڕی بە سیاسەتمەدارەکانی کەمبووەتەوە. بە داخەوە، دەوترێت سیاسەت (پیسە)،بەڵام سیاسەت بۆ خۆی بچووکترین پیسی تێدا نییە، ئەگەر پیسە ئەوە مرۆڤەکانن کە پیسیانکردووە. ئەمە بەهەمانشێوەیە بە نیسبەت ئاینەکانیشەوە. ئاینێک نییە بۆ خۆی خراپ بێت، ئەگەر وا بنوێنێت ئەوە هەندێک لە باوەڕدارانی گەندەڵییانکردووەو بەلاڕێیاندابردووە، کە ئەمە خراپەبەکارهێنانی بـاوەڕی مرۆڤەکانە. سیاسەت ئەو کاتە پیسدەبێت کە سیاسەتمەداران بێڕەوشتانە دەرکەون».

کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی‌و هی باشووری کوردستان بە تایبەتی، لەدوای داگیرکردن‌و وێرانییەکەی سـەدان ساڵی ڕابردووی، ئێستا پێویستی بە بنیاتنانەوەیەو لەو سەرەتایەداین کە بە باشترین شێوە دروستی بکەینەوە. کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە چەندین هێزی پارسەنگی یەکترە بۆ ئەوەی بە هەمووانەوە بۆ یەک ئامانج، بۆپاراستنی‌و گەشەپێدانی، کاربکەن. هەموو حیزبەکان بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنە پێویستن، بۆ گەیاندنی کۆمەڵگای کوردی بە ئاستێکی بەرزترو مرۆڤانەتر.

دەلایلاما،دەڵێت: «سیاسەتمەدارەکان پێویستن. بە تایبەتی لە سیستەمی دیموکراتیدا، پێویستە حیزبی جـۆراوجـۆر هەبێت، هەندێکیان لە دەسـەڵات بن‌و هەندێکیان لە ئۆپۆزسیۆن. سیاسەتمەداران مرۆڤن‌و شایانی ڕێزلێنانن. لەم پەیوەندییەدا دەبێت بڵێین، سیاسەتمەدارەکان، تەواو وەک ئێمە ئەندامی کۆمەڵگان. ئەگەر ڕۆحی کۆمەڵگایەک چاوچنۆکو برسییەکانی دەسەڵات زاڵ بن بەسەریداو پرسەکانی ڕەوشت لە شوێنێکی شاراوە دانرابن، ئیدی نابێت مرۆڤ پێی سەیر بێت کە سیاسەتمەدارەکانی گەندەڵی بکەن. لە کۆمەڵگایەکی وادا، گەندەڵی تەنیا خەتای سیاسەتمەدارەکانی نییە».

**تێبینی: وتەکانی نێو کەوانەکە هی دەلایلاماو لە کتێبی (ئامۆژگاری لە دڵەوە – ڕێنومایی بۆ مرۆڤی مۆدێرن) وەرگیراوە کە لەلایەن هانس هوێگەێت بە سویدی کـراوەو منیش ئەو کتێبەم کـردووەتـە کـوردی‌و هێشتا بـڵاوم نەکردۆتەوە**

# ٩٦ دەنگ



عەلی کەریمی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٤ لەهۆڵی پەرلەمانی کوردستان ٩٦ دەست بەرزبوونەوەو لە پەرلەمانێکی ناشەرعیی‌و ماوەبەسەرچوودا دەنگیان دا بە دەستووری کوردستان، لەکاتێکدا لە مێژووی کوردو کوردستاندا ئەمە یەکەمجارە دەستووری کوردستان بێتە نووسین‌و دەنگدان.

لەمەڕ تێپەڕبوونی ئەم دەستوورە لە چەند ڕۆژی ڕابـردوودا بە دەیـان وتارو لێدوان‌و بیروڕای جیاواز بڵاوکرانەوەو دەیان ڕۆژنامەنووس‌و گۆڤارو ڕۆژنامە هەڵوێستیان وەرگـرت، کەچی گوێیان پێنەدراو ئەوەی حیساب بێت بۆیان نەکرا. هەر هەمان ڕۆژیـش سەرۆکی هەرێم لە کردنەوەی ئاهەنگی لیستی کوردستانیدا بە وشەگەلی «چقڵی چاو»و «ئەوانەی پێیان ناخۆشە»و...، وەڵامی ئەو هەموو گلەیی‌و گازەندانەی نوخبەو ڕۆشنبیرو لایەنەکانی دیکەی دایەوە!

سیستمی دەسەڵاتی ڕەهاو دیکتاتۆریی شاخ‌و باڵی نییەو یەکشەوە لە دایک نابێت، خەڵک بە هێند وەرنەگرتن‌و گوێپێنەدانیان‌و بەخشکەیی‌و ئەسپایی تێپەڕاندنی یاساو دەستووری لەم چەشنە دەبێت چاوەڕوانی چی لێبکرێت!؟

لێرەدا مەبەستم خودی دەستوورەکە نییە کە چەند شاراوەبووەو سەرئەنجام چەند دوورە لە دەستوورێکی مۆدێرن‌و هاوچەرخ‌و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم چەندە بێئەژمارن، ناچمە ناو ئەم بابەتەش کە بۆ وا لە خەڵکیان شاردەوەو ئاوا بە پەلەو بە تێکەڵکردنی سێ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆک‌و دەستوور دەیانەوێت چی بەسەر خەڵکی کوردستاندا تێپەڕێنن، پێموایە ئەم بوارانە زۆریان لەمەڕ نووسراو زورتر کاری پسپۆڕو شارەزایانی قانوونی‌و مەدەنییە، بەڵام من دەمەوێت دوو قسە لەگەڵ ئەو ٩٦ پەرلەمانتارە ماوە بەسەرچووانەدا بکەم.

ناڵێم خوشک‌و برایانی بەڕێز! دەڵێم ئەی ئەو کەسانەی لە سەر حیسابی کۆمەڵانی خەڵکی چـەوسـاوەی کوردستان بوونە پەرلەمانتارو لە دەیان ئیمتیازی شەخسی خۆتان لە ماوەی ئەم چوارساڵەدا بەهرەمەند بوون، بۆچی واتانکرد!؟

ئێوە باشتاندەزانی هەموو عومری ئێوە لە پەرلەمانی کوردستاندا تەنیا چەند ڕۆژێکی ماوە، دەتانزانی هیچ لەم دەستوورە نازانن، دەتانزانی بەم ماوە کورتە دەستوور ناچێتە بەر باس‌و لێدوان‌و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵانی خەڵک، ئێوە سوێندتان بە شەرفی خۆتان‌و بە قورئانی پیرۆز خواردبوو نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک بن، کام لە ئێوە دوو پرستان بە خەڵکی شارو گوندەکەی خۆتان کردو کام لە ئێوە دوو شەو لەسەر یەک خۆتان پێوە ماندووکردو لێکتاندایەوەو لێی دڵنیا بوون تا دەنگی پێبدەن، هەستتان بەوە نەکرد ئەمە بەرپرسارێتییەکی ئێجگار گرنگ‌و گەورەیەو ئێوە بۆتان نییە ئاوا بە سووکی بڕواننە داهاتووی نەوەکانی کوردستان، ئێوە چۆن ئیجازەتان بە خۆتاندا بەم چەشنە بڕیار لەمەڕ کێشەیەکی ئاوا گرنگی مێژوویی بدەن بەبێ ئەوەی ڕای ئەو هەمووە کەسە کە دژ بوون‌و قسەیان هەبوو بە هێند وەرنەگرن!؟

چـۆن دڵـتـان هـات‌و وێـراتـان بە بێ کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانی کوردستان دەنگ بە دەستووری کوردستان بدەن، ئەوە چۆن بوو بە بێ دڵو قودسی کوردستان دەستوورتان تێپەڕاند، ئەمجارە چاوەڕێی چی لە کەرکوکییەکان دەکەن!؟

ئەدی چوار حیزبەکە، چ قەوما یەکشەوە ڕاتـان گـۆڕا، ئـاوا لایەنگریی لە ویست‌و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک دەکەن!؟ مادام مەبەست‌و ئامانجەکانی ئێوە تەنیا بەرژەوەندیی خۆتان‌و حیزبییە، باشتر نەبوو هەر لەگەڵ دەسەڵاتی دوو حیزبەکە بمێننەوەو دەستدرێژکەریان بن‌و لەم سەروبەندی هەڵبژاردنەدا متمانەی خەڵک نەدۆڕێنن!؟

سەرم سوڕماوە لە منداڵی شەهیدە سەرکردەکان کە بە بێ دوودڵی دڵنیام بە وەجهی خۆیان نەچوونە پەرلەمان، بەڵکو ئەوە نانی باوک‌و کەسوکاریانە دەیخۆن‌و لەم پۆستەدان، هیچ نەبایە لەم ئاخرو ئۆخرەی تەمەنی پەرلەماندا هەڵوێستێکی جوامێرانەیان لە خۆیان نوانداباو بە ئەمەک بوونایە بۆ شەهیدەکانی خۆیان کە بە مـردوویـی ئـەو هەمووە قازانج‌و نەفعەی پێگەیاندوون، کاتی خۆشی کە چوون‌و خانووی شەهیدە سەرکردەکانیان لە سلێمانی وەرگـرت، لە مەجلیسێکدا بە یەکدوانێکیانم وت: شەهید هەر شەهیدەو خوێنی هەمووشیان سـوورەو لە خوێن گەورەتر نییە کە پێشکەشی نیشتمانی بکەیت، جا کوڕە پێشمەرگەیەکی فەقیری گەرمیان، یان سەرکردەیەکی شەهیدی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی شار بێت، دەبوو ئێوە وەرتان نەگرتباو ئارەزووم دەکرد تاقە کوڕێک، کچێک یان ژنێک هەبوایەو لە کاتی وەرگرتنی کلیلی خانووەکاندا هەڵوێستی هەبوایەو گوتبای شەهیدەکەی ئێمە پێشڕەو بووەو لە ئەمەشدا دەبێت وا بێت‌و هەتا خانوو بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان چێ نەکرێت ئێمەش وەری ناگرین! بەداخەوە ئەو هەڵوێستەم لە کەس نەبینی تا نرخی شەهیدە سەرکردەکەیان لە لای من‌و کۆمەڵانی خەڵک هەزارانجار گەورەتر بوایە. بەداخەوە ئەمجارەش وادیارە ئێمەمانان زۆرتر لەفکری حورمەت‌و ڕێزی شەهیدە سەرکردەکانین تا کەسوکارە بەجێماوەکانیان، چونکە ئەوان زۆرتر لەفکری پایەو مەقام‌و ماڵی دنیادان!

هەرچۆنێک بێت ئەم ٩٦ پەرلەمانتارە ناویان زۆر بە زەقی چووە ناو مێژووی کـوردو کوردستان‌و زوو یـان درەنـگ مێژوونووسان قەزاوەتیان لەسەر دەکەن کە چلۆن ناویان بنووسن!

## موسڵی دوای حوزەیران

# ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان بێ چارەسەر ناوچە جێناکۆکیەکان جێدەهێڵن

سەرکەوت لەتیف



دوای خستنەڕووی چەندین لێکۆڵینەوەو دەرچوونی سێ مادەی یاسایی، تائێستاش بارودۆخی ناوچەکانی جێی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتی ناوەندی وەک خۆیەتی، بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لەو ناوچانەدا، مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەو سوپای عێراق بە دوور نازانرێت.

ستیڤان دیمستۆرا، نێردراوی تایبەتی سکرتێری گشتی UN بۆ عێراق، بێئەوەی ئەنجامی کۆتایی ڕاپۆرتەکەی ئاشکرابکات عێراق بەجێدەهێڵێت، لێکۆڵەرێکی بیانیش پێیوایە «تاچەند ساڵی داهاتووش هەرێمو بەغدا ناتوانن بگەنە ڕێکەوتنی کۆتایی سەبارەت بە ناوچەکانی جێی ململانێ».

کۆتایی ئەم مانگە هێزەکانی ئەمریکا لە تەواوی شارو شارۆچەکەکانی عێراق دەکشێنەوە، هەرچەندە سوپای عێراق ئامادەیی وەرگرتنەوەی بەرپرسیارێتی تەواوی شارە عێراقییەکانیان نیشانداوە، بەپێی ڕێکەوتنی ئەمریکاو عێراق تەنیا سوپای عێراق، باری ئەمنی ئەو ناوچانە دەپارێزێت کە پێشتر لە دەستی هێزەکانی ئەمریکا دا بوون.

ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵ، بە نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاندووە: «پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، تەنیا یەک هێز ئەرکی پاراستنی شاری موسڵو دەوروبەری دەگرێتە ئەستۆ، وەک ئاماژەکردنێکی ناڕاستەوخۆ بەوەی تەنیا هێزە چەکدارەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی ئەو ناوچانە دەپارێزن، بە وتەی نوجێفی: «هێزە کوردییەکان دەبێت تەواوی ناوچەکانی جێی ململانێ چۆڵبکەن، ئێمە ڕێکەوتنمان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان کردووە، لەمڕووەوە، بۆیە دوای ئەو ماوەیە جگە لە سوپای عێراق بوونی هەر هێزێکی دیکە لە ناوچەکە بە نایاسایی لەقەڵەمدەدرێت».

کورد هەر ڕێکەوتنو بڕیارێک ڕەتدەکاتەوە سەبارەت بە ناوچەکانی جێی ململانێ کە خۆی تێیدا بەشدار نەبێت، مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەش لە ناوچەکانی جێی ململانێ بە خاڵێکی سازش لەسەر نەکراو لەقەڵەمدەدات.

خەسرەو گۆران، سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەواو بەرپرسی لقی پارتی دیموکراتی کوردستان لەموسڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: « کورد هیچ ڕێکەوتنێکی لەسەر ناوچەکانی جێی ناکۆکی نەکردووە». ئاماژەی بەوەشکرد «چۆڵکردنی ئەو ناوچەنە پێش کۆتایی هاتنی کێشەکان مەحاڵە، مانەوەی یەک هێز لەو ناوچانە بڕیاری هەرلایەک بێت بێبنەمایە»، بەوتەی خەسرەو گۆران، «پێشمەرگە لەو ناوچانە دەمێنێتەوە کە سەر بە کوردستانن، سوپای عێراقیش لەو ناوچانەدا دەمێننەوە کە سەر بە عێراقە، واتە کێشەی لەسەر نییە، ڕازی نابین بەهیچ بڕیارێک کە ببێتە هۆی ئەوەی پێشمەرگە لەو شوێنانە بجوڵێنێت».

سەرۆکی لیستی برایەتی ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە هێزەکانی ئەمریکا تەنیا بارەگاکانیان چۆڵدەکەنو بە بەردەوامی چاودێریی ڕەوشەکە دەکەن، ڕێگا نادەن گرژیی‌و ئاڵۆزیی ئەمنی دروست ببێت.

یوست هیلتەرمان، جێگری سەرۆکی گروپی قەیرانی نێودەڵەتی بۆ باکووری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێستا وەک ڕاوێژکاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق بۆ کاروباری ناوچەکانی جێی ململانێ کاردەکات، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، ئەگەری پێکدادانی پێشمەرگەو سوپای عێراق بەتایبەت لە موسڵ، بەدوور نەزانی، ئەگەر هەرێمی کوردستانو عێراق لەمڕۆوە ڕێکەوتن ئەنجام نەدەنو وتی: «سوپای ئەمریکا دوای کشانەوەی لە شارەکانی عێراق هیچ دەسەڵاتێکی نییە بەسەر ڕەوشی ئەمنیدا مەگەر ئەوەی حکومەتی عێراق داوای لێبکات، بۆیە نەبوونی ڕێکەوتنێکی نێوان ئیدارەی موسڵو حکومەتی هەرێم بە چاودێریی ئەمریکا، ڕەنگە ڕەوشەکە بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات»، چونکە بەوتەی ئەو «تائێستا هێزەکانی ئەمریکا ڕۆڵی هێزی ناوبژیوانیان بینووە لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقدا».

لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا هەریەک لە گروپی لێکۆڵینەوەی عێراق (بیکەر هامیلتن)و گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی بەچەند ڕاپۆرتێک، چەندین پێشنیازیان سەبارەت بە کەرکوکو ناوچەکانی جێی ململانێ خستەڕوو تا عێراقیەکان سوودی لێوەربگرن، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش تائێستا دوو مادەی تایبەت بە ناوچەکانی جێی ململانێو مادەیەکی تایبەت بە کەرکوک دەرکردووە، کە ئەوانیش مادەکانی (٢٣، ٥٨،١٤٠)، بە هیچ کام لەم مادەو ڕاپۆرتانە نەتوانراوە کۆتایی بە کێشەکان بهێنرێت، دواجار نەتەوەیەکگرتووەکان وەک لایەنێکی ناوبژیوان لە ڕێگای نوێنەری تایبەتی خۆیەوە، ستیڤان دیمستۆرا، ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بەو ناوچانە ئامادەکرد، تائێستا ئەنجامی دوایەمین ڕاپۆرتی دیمستۆرا ئاشکرا نەکراوە، نەتەوەیەکگرتووەکانیش دیمەستۆرا دەگوازێتەوەو ئەرکێکی نوێی پێدەسپێرێت، بۆیە ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق وەک دوایەمین چارەسەری کێشەکان سەیری دەکرێت.

هیڵتەرمان لەمڕووەوە پێیوایە، گۆڕینی نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراقدا کارناکاتە سەر ئەنجامی ڕاپۆرتەکەو نەتەوەیەکگرتووەکان پەیوەستە بەئەنجامەکەوە، بەڵام ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا دوایەمین چارەسەری ئەو کێشانەیە ئەگەر لایەنە عێراقییەکان لەسەر ڕاسپاردەکانی ئەو ڕاپۆرتە ڕێکنەکەون، چیدی UN بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا ناکات، بەوتەی هیڵتەرمان: «ئەگەر دیمستۆرا چاوەڕوانی ئەوەبێت کە عێراقیەکان سەبارەت بە کێشەکانی ناوچەی ململانێ ڕێبکەون ئەوکات بگەڕێتەوە، ئەوە دەبێت بۆ ماوەی چەندین ساڵی دیکەش هەر لە عێراق بمێنێتەوە، ئەنجامیشی نابێت».

لێکۆڵەرەکەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی سیاسەتی سازشکردنو کۆتاییهێنان بەکێشەکان بۆ کورد بە «باشترین سیاسیەت» دەزانێتو پێیوایە: «کورد لە دژایەتیکردنی سوپای عێراقو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی زیانی گەورە دەکات».

# «پێشکەوتن لە گفتوگۆی نێوان کوردو سوننەو شیعە، تەنیا پروپاگەندەیە»

شالاو فەتاح

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بەپێویستی دەزانێت حکومەتەکەی مالیکی زیاتر هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان بدات، چونکە «ئەو کێشانە لە کێشەی ئەمنی گەورەترن». چارەسەرکردنی کێشەی ئەمنیش دەبەستێتەوە بە کێشەکانی دابەشکردنی داهاتی نەوتو فیدراڵیزمو دیاریکردنی سنوورو نیگەرانیشە لە بەرامبەر «پێشنەکەوتنی» گفتوگۆکانی نێوان کوردو سوننەو شیعە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ ئەنگیلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە عێراق، باراک ئۆباما وتی: «پێموایە هەندێک کار هەیە دەبێت بکرێن، کاری حکومەتەکەی مالیکی تەنیا بەهێزکردنی هێزەکانی ئاسایش نییە لە عێراقدا، بەڵکو دەبێت بەشداری چارەسەری چەند کێشەیەکی سیاسی بکات، بەڵام هێشتا پێشکەوتنێکی سیاسی باشم نەبینیوە لە گفتوگۆکانی نێوان کوردو سوننەو شیعەدا. پێموایە کێشە سیاسییەکانی عێراق زۆر لە کێشە ئەمنیەکانی گەورەترن، کێشەکانی وەک فیدراڵیزمو سنوورەکانو دابەشکردنی نەوت. ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەربکرێن، ئاسایشی عێراق بەشێوەکی بەرچاو پێشدەکەوێت».

پەرلەمانتارێکی کوردیش پەیوەستبوونی کێشەکانی نەوتو فیدراڵیزمو کێشەی ئەمنی ڕەتدەکاتەوە.

فریاد ڕەواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە ئەو کێشانە «هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە»و هێزە سیاسییەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی عێراق لەگەڵ بوونی توندوتیژیدا نین، بەڵکو بوونی چەند «تیرۆریستێک»و نارەزایی وڵاتە دراوسێکان بەرامبەر بوونی وڵاتێکی دیموکراتو فیدراڵ لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، ئەم توندوتیژییە دروستدەکەن».

بەپێچەوانەوە ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو کێشانە بە پەیوەندیدار دەزانێت. بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تەواوی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە پەیوەندیدار بەیەکەوە دەزانێتو پێیوایە، کاتێک کێشەی نەوت بە «یاسای نەوتو غاز» چارەسەرکراو یاسایەک دەرچوو کە تەواوی لایەنەکان لەسەری ڕازیبوون، ئەوا کێشەکانی دیکەی عێراقیش چارەسەردەبێت، بەڵام تائێستا تەنیا هەرێم یاسای نەوتو غازی خۆی هەیە.

ڕەواندوزی پێیوایە، کێشە سیاسییەکان لە کێشە ئەمنیەکان گەورەترن: «چارەسەری کێشە ئەمنییەکان دەکرێت، بەڵام چارەسەری کێشە سیاسییەکان بە پێکهاتنی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دەکرێتو ئەمەش کاتی دەوێتو دەبێت لایەنە عێراقییەکان سازش بکەن، تا چارەسەری کێشە سیاسییەکان بکرێتو پێشکەوتن لەڕووی سیاسییەوە بێتەدی».

ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیەو پێیوایە کە «کێشە ئەمنییەکان زۆر گەورەترنو گروپە تیرۆریستییەکانو وڵاتانی دەوروبەر دەستیان هەیە لە تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی عێراقو دروستکردنی پشێوی ئەمنیو عێراق بووەتە شوێنی یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان چەند دەوڵەتێکو ئەمەش بارودۆخی ئەمنی عێراقی خراپکردووە».

لەماوەی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی عێراق ئاماژەیان بەوەدەکرد، باری ئەمنیو سیاسی وڵات بەرەو پێشەوە چووەو ئومێدیان هەبوو پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بتوانن بەسەر زۆربەی کێشەکاندا زاڵبن.

لەو بارەیەوە فریاد ڕەواندوزی بۆچوونی وایە: «پێشکەوتن ڕوویداوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئەمەش بەڕوونی دەبینرێت، بەڵام پێویستمان بەکاتی زیاترە. کارکردنی گروپە جیاوازەکانی عێراق بەیەکەوە خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنەو ناتوانرێت بوترێت پێشکەوتن لە عێراقدا ڕوووینەداوە».

بەپێچەوانەوە بایەزید حەسەن ئاماژە بەوە دەکات، پێشکەوتنی بەرچاو ڕووینەداوە، ئەو پێنج لیژنەیەی کە لەئەنجومەنی نوێنەران دروستکران تەنیا لە ڕاگەیاندندا پروپاگەندەی پێشکەوتنی کارەکانیان دەکەن، ئەگەرنا هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گفتوگۆکانی نێوان لایەنە جیاوازەکانی عێراقدا ڕووینەداوە، ئەمەش بەڕوونی لە نائەکتیڤی ئەو لیژنانەدا دەبینرێت».

کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو (٥) لیژنەی باڵا پێکهاتن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو ناوەندو دەبوو پێش کۆتایی ساڵی ڕابردوو ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بەپێشنیازی میکانیزمی چارەسەری کێشەکان ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی عێراق بکردایە، بەڵام تائێستا هیچ پێشکەوتنێک لەوبارەیەوە بەدیناکرێت.

د.بایەزید حەسەن پێیوایە، «لیژنەی ئاشتەوایی نیشتمانییو لیژنەی هەموارکردنی دەستوورو نەوتو غاز کارێکی وایان نەکردووەو کارئاسانییان لەپێشکەوتنی بارودۆخی سیاسی عێراقدا پێنەکراوە».

# ...ـسانی ئیلتیزام‌و بێباکی لای رۆشنبیران»

کۆمەڵگا دوایان دەکەوێت، تەواو بە پێچەوانەوە، دەبێت فیکر لێرەدا ببێت بە بکەرێک لە بکەرەکان، دەبێت هەوڵبدات لەو روداوانە باشترین دەرئەنجام بۆ قازانجی گشتی‌و فەزای گشتی وەدەستبهێنێت. مێژوو ناتوانێت بەبێ ئەم بکەرە لە خۆی بگات، ناتوانێت بەبێ رۆشنبیر لەوە تێبگات چی دەبێت بگۆڕێت‌و چی دەستکاری بکرێت، چی دووبارەببێتەوەو چی نوێ ببێتەوە. بەبێ ئەم رەگەزە، کارەساتە سیاسییەکانمان چەند گەورەبن ناتوانن ببنە دروستکەری هوشیارییەکی جیاواز، روداوەکان پردێک لەگەڵ هوشیاری کۆمەڵایەتی‌و یادەوەری گشتیدا دروست ناکەن. کاتێک ئەنفال لە عێراقدا هیچ دروست ناکات، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی رۆڵی فیکر لەسەر هوشیاری کۆمەڵایەتی‌و نەبوونی رۆڵی رۆشنبیر لە مێژووداو وەرنەگەڕانی پێشهاتە سیاسییەکان بۆ پێشهات لە ناو عەقڵدا. کە ئەو فڕۆکەوانەی هەڵەبجەی بۆردومانکرد بەر دەدرێت‌و لە کۆمەڵگای کوردیدا هیچ دروست ناکات، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە تراژیدیاکان نەچوونەتە ناو هوشیاریمانەوەو هێشتا لە پێشهاتەوە نەبوونەتە «روداوی عەقڵی»، واتە هوشیاریمان لەسەر رەهەندی کارەساتاوی ناو مێژوو ئیشی نەکردوە. فۆکۆ دەڵێت: «وەزیفەی رۆشنبیران ئەوەیە شتێک لە عەقڵی خەڵکدا بگۆڕن»، لێرەوە وەک ئەو دەڵێت «رۆشنبیر گرێدراوی دەزگاکانی بەرهەمهێنان نیین، بەڵکو گرێدراوی دەزگاکانی زانیاریین» «٣». ئەوان لە رێگای زانیارییەکانیانەوە کار لە مێژوودەکەن. نەبوونی ئەم رۆڵە مێژوو دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک وێستگەی خوێناوی کە قۆناغ دوای قۆناغ بێ هیچ فێربوون‌و ئەزموونێک خۆیان دووبارەدەکەنەوە.

لە راستیدا ئەمانە تەنیا بەشێکی ئەو رەهەندانەن کە نائامادەگی تیورە لەسەر کایەی پراکسیسی کۆمەڵایەتی لای ئێمە دروستیکردوە. بەواتایەکی دی رۆشنبیر گەر تیوری نەبوو ناتوانێت پراکسیسیشی هەبێت، مەبەستیشم لە تیور، ئەو تیورە ئامادەو حازربەدەستانەی وەک مارکسیزم نییە، بەڵکو مەبەستم لەو هەوڵە تیوریانەیە کە کادێرە فیکرییەکانی ناو کۆمەڵگایەک لە تێڕامانی ساتی مێژوویی خۆیانەوەو بە هاریکاری زانستەکانی دی بەرهەمیدەهێنن، لێرەوە تیورییەکانی وەک «مارکسیزم‌و ناسیونالیزم‌و ئیسلامگەرایی» هەرگیز تیورە نەبوون، بەڵکو راکردنی بەردەوامبوون لە تیورە، خۆدزینەوەی عەقڵ بوون لە تیورە، ئەلتەرناتیڤی بیرکردنەوە بوون‌و مەکینەی غەیبکردن‌و بەلاوەنانی عەقڵ بوون. بەبێ تیورە ناتوانرێت کار لەسەر کایەی پراکتیکی بکرێت، لەبەرئەوەی خودی ئیشکردنی فیکر لە ناو بەشێکی گرنگی فەلسەفەو ئەخلاق‌و تیورە کۆمەڵایەتییەکاندا دەچێتەوە سەر کایەی پراکتیکی، واتە هەر نرخێکی تیوری لێرەدا بەرهەمدێت بەهایەکی «پراکتیکی، ئیجرائیشی» هەیە، بەڵام ئەم ئیشکردنە، ئەم سروشتە ئیجرائییەی بیرکردنەوە کارێکی ناڕاستەوخۆ لە سیاسەت دەکات، واتە کار لە «مۆراڵی سیاسی، لە فەزای بەرهەمهێنانی گوتارەکان، لە سروشتی پێکەوە ژیانی حەقیقەتە جیاوازەکان، لە دروستبوونی هوشیاری بۆ مێژوو، لە بونیادی فەزای گشتی، لە دیاریکردنی سروشتی میدیا، لە دەستنیشانکردنی یاساکانی ململانێی کۆمەڵایەتی، لە کەمکردنەوەی رووبەری موقەدەس‌و سڕینەوەی پیرۆزی لە کایەی سیاسیدا، لە بەخشینی ژێرخانی زانستی بە دەزگاکان، لە زۆرکردنی پنتەکانی دەسەڵات‌و کەمکردنەوەی هەموو خەستبوونەوەو چڕبوونەوەیەکی لە یەک پنتدا» دا دەکات.

## رۆشنبیرو گۆڕانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی

تەواوی ئەو قسانەی سەرەوەم بۆئەوە بوو، کە ئەو دوو هەڵەیە رەتبکەمەوە: هەڵەی تواندنەوەی رۆشنبیر لە کایەی سیاسیداو هەڵەی دابڕاندنی رۆشنبیر لە کایەی سیاسی. لێرەدا دەمەوێت تەواوی ئەو تێزانەی سەرەوە لە پەیوەندیاندا بە مەسەلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە دووبارە بە جۆرێکی دی بخەمەوە روو. دیارە من حەوت ساڵ لەمەوبەر لە سیمینارێکدا کە لەهەریەک لە شاری کۆڵن‌و دیلفتی هۆڵەندی پێشکەشمکردن بە درێژیی لەسەر جومگە سەرەکییەکانی هەر پرۆژەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئیشمکرد، گەرچی ئەو باسە بەداخەوە تا ئەمڕۆ بڵاونەبوەتەوە، بەڵام لێرەدا خۆم لەوە دەپارێزم دووبارە باس لەو تەوەرانە بکەمەوە کە لەوەوبەر لەو باسەدا لێیاندواوم، لێرەدا تەنیا کار لەسەر پەیوەندی رۆشنبیران‌و شێوەی بەشدارییان لە پرۆسەی گۆڕاندا دەکەم، واتە قسەیەکی کۆنکرێت لەسەر کەناڵی کارکردنی رۆشنبیر لەسەر عەقڵی سیاسی دەکەم .

سەبارەت بە «گۆڕان» بەبۆچوونی من دەکرێت ئەم دیاردەیە لە دوو بازنەی سەرەکیدا گەمارۆبدەین.

١: گۆڕان وەک چەمکێکی فیکری.

٢. گۆڕان وەک بزاوتێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی.

بۆئەوەی بتوانم تەواو بۆچوونی خۆم لەسەر رۆڵی رۆشنبیر لەو دوو بازنەیەدا دەستنیشانبکەم، پێویستە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان «رۆحییەتی گۆڕان»و «فیکری گۆڕان»دا بکەم، ئەم جیاکارییە بەبۆچوونی من دەکرێت سەرەتایی دارشتنی فەرهەنگێکی زاراوەیی تایبەت بێت بە فیکری گۆڕان.

## رۆحییەتی گۆڕان چییە؟

مەبەستم لە رۆحییەتی گۆڕان، ئەو ئامادەگییە گەورەو سەرەتاییەی کۆمەڵگایە بۆ گۆڕان کە لە رەوتی مێژوودا شێوەی هەستێکی گشتی وەردەگرێت‌و زۆر گروپ‌و هێزی کۆمەڵایەتی بەرەو نەگونجان‌و گۆڕین‌و بەرەنگاری رادەکێشێت، لە ناو فەردەکان‌و ئەو توێژانەدا گەورەدەبێت کە بڕی گەورەی ناعەدالەتییان بەرکەوتووە، ئەوەی بڕێکی زۆر لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەستدەکەن کۆمەڵگاو ژیان بەو ئیقاعەی ئێستای ناتوانێت بڕوات‌و بەردەوام بێت.

ئەم ئاستەی تێگەیشتن لە گۆڕان، ئاماژەیە بۆ ئەو توانا نهێنییەی کۆمەڵگا کە لە رێگایەوە دەتوانێت وەڵامی پێشهاتە نوێکان بداتەوە، لە ئاستی سیاسیدا وەک خواستێکی گشتی‌و جەماوەری بۆ گۆڕان بەرجەستەدەبێت، سروشتی ئیرادەیەکی تێکەڵی هەیە کە دەبزوێت، بەڵام نازانێت ئاراستەی خۆی بدۆزێتەوە. لە شێوە عەقڵییەکەشیدا وێنئارایە «تەسەوورییە»و کەمتر گەیشتۆتە ئاستی چەمکی فیکری، واتە لە شێوەی «مفهومێکی عەقڵیدا» دانەرێژراوە. بۆئەم جیاکارییە لە راستیدا جیاکارییەکی گرنگی سارتەرم لە بەرچاوە لە نێوان «وێنەئاراتەسەور»و «چەمکگەرایی» لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا. لای سارتەر «بیر وەک وێنەئارا» جیاوازە لە «بیر وەک بیر»، واتە ئەمە ئاستێکی بیرە کە هێشتا لە شێوەی چەمک «مفهوم»دا دانەرێژراوە «٤». بەکورتی ئەم رۆحییەتە بەرابەر بە پێداویستییەکانی گۆڕان هوشیارییەکی کاڵو نەگەیوە، بەو مانایەی کە هێشتا ناتوانێت لە ناو ئەو نارێکییەدا کە بە هۆی رەتکردنەوەی دونیای کۆنەوە دروستدەبێت، وێنەی دونیایەکی تر پێشنیاربکات‌و ستراکتورێکی عەقڵی بداتە تەسەورەکانی. دەشێت ئەم رۆحییەتە نارەزاییەکی گەورە بێت دەرهەق بە زوڵمی کۆمەڵایەتی، دەشێت بەرزببێتەوە بۆ ئاستی رێکخراوەیی‌و ئاستی رێکخستنی سیاسیش، دەشێت فەردی بێت‌و دەشێت دەستەجەمعی بێت، دەشێت وەرگەرێتە سەر کردارێکی مێژوویی‌و ببێت بە خولقێنەر بۆ پێشهاتی سیاسیی گەورە، واتە ببێتە نارەزاییەکی ئەکتیڤ. دەشێت تورەیی‌و بۆڵەبۆڵیش بێت‌و لە سنووری نارەزایی پاسیڤ دەرنەچێت، بەڵام لە هەموو ئاستەکاندا هێشتا ئەو وێنانەی لەوێدا هێلانەیانکردوە نەخراونەتە بەر تاقیکردنەوەی عەقڵ‌و هەڵگری ئەگەری لادانن بەرەو ناعەقلانییەتی گەورە. ئەم ئاستەی رۆحییەتی گۆڕان گوتارێکە بە چەمک بیرناکاتەوە، بە فلتەری عەقلانییەتی زانستیدا تێناپەرێت، بەڵکو سەر بە دونیای نارێکی‌و بێفۆرمی‌و بێشێوەییە. دیارە لەگەڵ ئەم سیفەتانەشدا رۆحییەتی گۆڕان زۆر گرنگە بۆئەوەی بزاوتێکی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی گۆڕان لەدایک ببێت، بەڵام ئەوەی پێی لەسەر دادەگرم ئەوەیە لەگەڵ دروستبوونی رۆحییەتی گۆڕاندا مەرج نییە فیکری گۆڕان ئامادەبێت، چونکە رۆحییەتی گۆڕان بەرەنجامی راستەوخۆی فیکری گۆڕان نییە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو بارۆدۆخەیە کە کۆمەڵگا لە ناوەوە دروستدەکات‌و لەگەڵ دەرەوەدا دەیبەستێتەوە. ئەم رۆحییەتە لە بنەڕەتدا ئامادەگییەکی ناوەکی‌و دراوێکی پێشوەختی هەموو کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە، واتە سەرەتا ئامادەگییەکی بونیادیانە لە کۆمەڵگادا هەیەو دواتر لە رەوتی مێژوودا سروشتێکی ریڤلێکتیڤی وەردەگرێت‌و دەبێتە جۆرە پرچەکردارێک بەرابەر هێزێک‌و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو. مرۆڤ بۆئەوەی رۆحییەتی گۆڕانی تێدا دروست ببێت یاخود ببێتە بەشێک لە بزوتنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان سیاسی، مەرج نییە رۆشنبیر بێت یاخود ئەسڵەن خوێندەوار بێت، بەڵکو پێویستی بەو هەستە سەرەتاییە هەیە کە نارێکییە گەورەکان‌و نەگونجانە زەقەکانی دەوروبەری خۆی ببینێت. ئیدی دەبێت بزانین کە «رۆحییەتی گۆڕان» بە زەرورەت بەرهەمی فیکری گۆڕان نییە، بەڵکو بەرهەمی بەرخوردی یەکەم‌و بەراوردی یەکەمە لە نێوان «واقیعی ئیدیال»و «واقیعی راستەقینە»دا وەک ئەوەی لە قۆناغەکانی ژیانداو دەرەنجامی پرۆسەیەکی رەمزی‌و خەیاڵی لە زەینی مرۆڤدا دروستدەبێت.

بە مانایەکی دی ئەوە رۆشنبیران نین کە «پرۆژەی گۆڕان» لە ناو خەڵکدا دەچێنن‌و دروستیدەکەن، بەڵکو بەشێکی گرنگی خواستی «گۆڕان»، گرێدراوی سەرهەڵدانی رۆحییەتێکە دەستکردی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و مێژووییە، رۆشنبیران ناتوانن رۆحییەتێک دروستبکەن کە زەمینەی مێژوویی نییە، بەڵام دەتوانن لەدەرەوەی هەر زەمینەیەکی مێژوویی بیربکەنەوەو ئاسۆی نوێ‌و یۆتۆپیای تازەو خەونی تازە ببینن، واتە بەبێ زەمینەی کۆمەڵایەتی‌و مێژوویی ناتوانن هیچ لە کۆمەڵگاو سیاسەتدا بگۆڕن، بەڵام تا ئەندازەیەکی زۆر بەبێ ئەم زەمینەیە دەتوانن سەربەخۆیی‌و ئازادی فیکر زامنبکەن‌و فیکر و میتۆدەکان‌و بابەتەکان‌و دەرەنجامەکانی بگۆڕن.

⟸

> **لە هەر جێگایەک ئەخلاقی سیاسی بەردەوام نەگۆڕاو راست نەکرایەوە، ئەوکات «سیاسەتی ئەخلاقی» نەکردەو ناموکینە**

> **جەوهەری عەلمانییەت دەرکردنی موقەدەس نییە لە کۆمەڵگا، وەک هەندێک بە هەڵە تێیگەیشتوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەوهەری عەلمانییەت دەرکردنی موقەدەسە لە سیاسەت‌و فیکر**

# تیورە، سیاسەت، گۆڕان

## «دەربارەی سنوورەک



بەختیار عەلی

### بەشی دووەم

### چی لە بواری پراکتیکدا وێراندەبێت گەر ڕۆشنبیر لە بواری تیوریدا چالاک نەبوو؟ فراوانبوونی ئیشکردن بە موقەدەس

گەشەی کایەی تیوریی هاوشانی گەشەی عەقلانییەتە، غیابی ئیشکردنی فیکر بەوە کۆتاییدێت کە هەموو ڕەگەزە دینییە خەوتووەکانی ناو کۆمەڵگاو هەموو پنتە موقەدەسەکان ئاسان لە خەو هەڵدەستن‌و کاردەگرنەوە دەست، لە ڕاستیدا ڕاکردن بەرەو موقەدەس هیچ نییە جگە لە ئاوێنەی ڕاکردن لە فیکر. بچوکی ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە واقیعی کوردیدا کارێکی وەهای کردوە کە ڕووبەری موقەدەس تا دێت گەورەتر دەبێت، لە دوای ڕاپەڕینەوە ژمارەی ئەو نوسەرو بە ناو ڕۆشنبیرانەی کە ئیشیان دروستکردنی موقەدەسە تا بێت گەورەدەبن. ژمارەی هەرە زۆری کادێرانی ئیعلام‌و بەرپرسی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان‌و ئیشکەرانی میدیای حیزبی، جگە لەوەی مەکینەی دەرکردن‌و کوشتنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیین، جگە لەوەی پارێزەری موقەدەسە سیاسییە تەقلیدییەکانن هیچی تر نین، جگە لە مانەش دین‌و ترادسیۆنگەرایی سوپایەکی دیکەی لە کادێرو پاسەوان بۆ موقەدەسەکانی خۆی دروستکردوە. لە غیابی کایەی تیوریشدا ڕۆڵی فیکر لە شەڕکردن لەگەڵ موقەدەسی سیاسیدا تا دوا ئەندازە بچوک بوەتەوە. لە هەژدە ساڵی ڕابوردوودا سیاسەتی کوردی هیچ نەبووە جگە لە سیاسەتی «خەتی سوور»... هەموو سەرۆکێک خەتی سوورە، هەموو بەرپرسێک خەتی سوورە، سیاسیی کوردو نوسەرەکانی ژێردەستیان هیچ نەبوون جگە لە دروستکەرو کێشەری بازنەی سوور. دەبێت بڵێم کە وێرانبوونی کایەی تیوریی هەمیشە لەقازانجی ناعەقلانییەتی سیاسیدا کۆتاییهاتوە، لە قازانجی ئەوەی پنتە موقەدەسەکان گەشەبسێنن‌و هاوشان بە موقەدەسی دینی دونیای ئێمە پڕبێت لە سیاسی موقەدەس‌و سەرۆکی موقەدەس. لە هەر کۆمەڵگایەکدا موقەدەس بەهێز بوو، بیرکردنەوە لاوازەو لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا بیرکردنەوە بەهێزبوو، موقەدەس لاوازە. جەوهەری عەلمانییەت دەرکردنی موقەدەس نییە لە کۆمەڵگا، وەک هەندێک بە هەڵە تێیگەیشتوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەوهەری عەلمانییەت دەرکردنی موقەدەسە لە سیاسەت‌و فیکر. لێرەوە هەر کەسێک لە سیاسەتدا باسی خەتی سووری کرد، کەم‌و زۆر پەیوەندی بە کولتوورو عەقلییەتی عەلمانییەوە نییە. ئەوەشی ئەمجۆرە عەلمانییەتە کۆمیدییەی لە وڵاتی ئێمەدا سەوزکردوە، نەبوونی فیکری عەلمانییە کە لە کایەیەکی تیوری ڕاستەقینەوە هاتبێتەدەرێ، نەوەک عەلمانییەتێک کە تەنیا وەک هەندێک کلێشەو کورتکراوە باسی لێوەبکرێت.

### ونبوونی زەمینەی ئەخلاقی بۆ سیاسەت

ئەوەی ئەخلاقی نوێ بە سیاسەت دەبەخشێت، کایەی تیورییە. ئەو گوتارە نوێیانەیە کە لە ناو سیستمی گوتاردا لەدایکدەبن، ئەوانە سەرچاوەی گەورەی سەرهەڵدانی مامەڵەی نوێن لەگەڵ جیهاندا. لە غیابی چاودێری عەقڵدا، لە نائامادەگی ئیشکردندا بە هەموو ڕەهەندو دەرکەوتەکانی بیرکردنەوە، مۆراڵی سیاسی وەک مۆراڵێکی سەرەتایی‌و بێگەشە دەمێنێتەوە. ئەوەی وادەکات مۆراڵی سیاسی لە مۆراڵی تەقلیدیی‌و خێڵەکی جیاببێتەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە لە کایەی تیوریدا، واتە ڕۆشنبیران تەنیا بەرهەمهێنی سەرەکی زەمینەی تیوری نین بۆ بیرکردنەوەی سیاسی، بەڵکو لە جەوهەردا دروستکەری ئەو فەزایەن کە مۆراڵی سیاسی نوێی تیا بەرهەمدێت، چاوەدێرکەرو نوێکەرەوەی ئەو مۆراڵەن. لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا نەبوونی چالاکی تیوری، بە مردنی ئەخلاق لە سیاسەتی کوردیدا کۆتاییهاتووە. لە هەر جێگایەک ئەخلاقی سیاسی بەردەوام نەگۆڕاو ڕاست نەکرایەوە، ئەوکات «سیاسەتی ئەخلاقی» نەکردەو نامومکینە. لەم بیست ساڵەی دواییدا مۆراڵی سیاسی لە کوردستاندا بەرەو ڕیشەی خێڵەکی‌و دواکەوتووەکانی دەسەڵات پاشەکشەیکردوە. هەرەسی ئەخلاقی سیاسی لە کوردستاندا پەیوەندییەکی گرنگی بە نەبوونی هێزی نوێکەرەوەو گوتاری نوێکەرەوە بۆ ئەو ئەخلاقە هەیە، ئەوەی سەرۆکەکانی کورد لەبەردەم سەرۆک عەشرەتەکاندا بچوک‌و بەرامبەر بە هێزە دیموکراسی‌و مەدەنییەکان دەبن بە عەنتەر... ئەوەی ڕۆژنامەنوسان دەکەن بە تابووری پێنج‌و سەرۆک جاشەکان دەکەن بە شەهیدو نیشتیمانپەروەر، ئەوەی بە نوسەران دەڵێن «وەک سەگ دەوەڕن»و لە هەمانکاتیشدا «ئەوانە ئازاد دەکەن کە خەڵکیان بە کیمیایی بۆردومانکردوە» بە کۆ ئاماژەن بۆ ئەو هەرەسە ئەخلاقییەی سیاسەتی کوردی تیادەژی. لەو ساتەدا کە ڕۆشنبیر وەک بکەرێکی فیکری‌و کۆمەڵایەتی دەکوژرێت، سیاسەت‌و کۆمەڵگا دینەمۆ ئەخلاقییەکەی خۆیان دەدۆڕێنن، ئیتر ئەخلاق لەوە دەردەچێت پەیوەندییەکی بە گەشەی عەقڵی‌و شارستانی کۆمەڵگاوە هەبێت‌و دەکەوێتە دەست مەلا دینییەکان‌و مۆراڵی عەشیرەت‌و هەواوهەوەسی سیاسییە دیکتاتۆرەکان کە لە هەوای دەسەڵاتی موتڵەقەوە حوکمدەکەن.

### وەستانی گەشە لە دەزگاکانی کۆمەڵگادا

لە دایکبوونی دەزگاکان بە ئیفلیجی‌و پیربوونی زوو بە زوویان‌و نوقمبوونیان لە بیرۆکراسییەتێکی خنکێنەردا، بەشێکی سروشتی دەزگا دەوڵەتی‌و کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی سێهەمە. دواکەوتنی فیکری زانستی‌و نەبوونی ژێرخانی تیوریی بۆ هەموو پرۆسە پراکتیکییەکانی کۆمەڵگا هۆکارێکی گەورەی وشکبوونەوەی دەزگاکان‌و سەرهەڵدانی «ئیدارەی جاهیل»ن. کوردستان ئێستا نمونەیەکی شێواوی ئەو جۆرە ئیدارە بیرۆکراتییەیە کە هێدی هێدی دەزگاکانی لە ناوەوە دەبنە خاوەنی کولتوورێکی داخراوو ئیدارەیەک کە بەرابەر هاوڵاتی لووت بەرزو بەرابەر سەمبولە بیرۆکراسییەکانی دەسەڵات لەسەرچۆکە. تازەبوونەوەی دەزگا گرنگەکان‌و فراوانبوونی ڕووبەری دەزگا ستراتیژییەکان گرێدراوی گەشەی کایە فیکرییەکانی کۆمەڵگان، گرێدراوی ئەو بەرهەمانەن کە ڕۆشنبیران دەیخەنە نێو کایە تایبەتییەکانەوە، کە ڕۆشنبیر بوونی چالاکانەی نەبێت، کە ڕۆحی نوێ نەکات بە بەر کاری کۆمەڵایەتیدا، کە بیرکردنەوەی تازە نەخاتە سەر سیستمی ئیشکردنی کایە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگاو دەزگا سەرەکییەکانی دەبنە شوێنی هێلانەکردنی کۆمەڵێک دیکتاتۆری بچوک کە شەرعییەتی خۆیان تەنیا لە تەقالیدو دەسەڵاتی سیاسییەوە وەردەگرن. دوای هەژدە ساڵ لە حوکمڕانی کوردستان نوشوستییەکی گەورەی هێناوە لەوەی ببێتە وڵاتی دەزگا سەربەخۆو چالاکەکان کە ڕۆحی موبادەرەی ئازاد لە ناویاندا ئیشدەکات. ئاسۆی گەشەو گۆڕان لەم مەیدانانەدا هەموو داخراون، عەقڵی زیندوو لە ڕیواق‌و ڕێگای ئەم دەزگایانەدا مردوە. کوشتنی ڕۆشنبیر تەواوی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت بۆ دەزگای کارتۆنی‌و تەواوی سیستمی حوکمڕانی دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی کلێشەیی‌و ڕۆتینی بۆش.

> **گۆڕان بەوجۆرەی کە ڕۆحییەتی گۆڕان پێشکەشماندەکات جۆرە خواستێکە کە بۆ مانا دەگەڕێت، خۆی خۆ بە خۆو میکانیکی مانایەکی دیاریکراوی پێ نییە. ساتێکە دونیای کۆن کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دونیای نوێ هێشتا لەدایک نەبووە، لێرەوە عەقڵە کۆنزەرڤاتیڤەکان ئاسان دەتوانن گومانی بخەنەسەر، وا وێنەی بکەن کە خەونی چۆلەکەیەو بێئاسۆیە، چونکە ئەوان بە ناوی جیهانێکی خۆگرو بینراوەوە قسەدەکەن، مەتریال‌و کەرەستەی مۆدێلێکیان پێیە لە کاردایە، بەرابەر بەوەش گۆڕانکاران هێشتا قسە لەدونیایەک دەکەن نەهاتووە، باس لەئەگەری جیهانێک دەکەن کە دروست نەبووە، لێرەوە شەڕی نێوان گۆڕان‌و نەگۆڕان شەڕێکی سەرەتاییە لە نێوان واقیعێکی کۆنکرێت‌و داڕێژراودا، بەرابەر بە واقیعێکی نائامادەو لەزەیندا وێناکراو**

### نەگۆڕانی پێشهاتە سیاسییە گەورەکان بۆ ڕووداوی فیکری

ئەوەی پێشهاتێکی سیاسیی گەورە «بۆ نمونە: ڕاپەڕین، یان ڕوخانی سەدام حوسەین» ببێتە «ڕوداو» ئەوا دەبێت هاوشانی لەدایکبوونی جۆرە هوشیارییەکی دیکە بێت. واتە «پێشهاتی سیاسی شتێکە»و «ڕوداو بە مانا مێژووییەکەی» شتێکی دیکەیە. ڕوداو هاوشانی لابەلابوونەوەیەکی ناوەکی ناو سیستمی گوتارو جیهانبینییە، نەوەک تەنیا هاوشانی لابەلابوونەوە بێت لە سروشتی حوکمڕانی سیاسیدا. هەموو لەقبوونێک بۆ هاوکێشە سیاسییەکان نابێتە ڕوداوی مێژوویی، هیچ ڕوداوێکی فیکریش بەبێ ڕەنگدانەوە لە تێڕامانی مرۆڤەکاندا بۆ خۆیان‌و بۆ سیاسەت‌و بۆ کولتوور نابێتە ڕوداوی مێژوویی. هەموو ڕوداوە مێژووییەکان بێنرخ‌و کەمبەها دەمێننەوە گەر بە ناو هەڵسەنگاندنی عەقڵ‌و ئیشی تیوریدا تێنەپەڕن. ڕۆشنبیر تەنیا کەسێکە کە دەتوانێت وابکات مێژوو لە خۆی تێبگات، ئەمە بەو مانایە نییە کەمن باوەڕم بەوە بێت کە «هوشیاری بتوانێت تەواو کۆنترۆڵی مێژوو بکات»، بەڵام باوەڕم بەوەیە کە «هوشیاری بکەرێکی گرنگی ناو ڕەگەزە پێکهێنەکانی مێژووە». «فیکر مێژوو ناخولقێنێت»، بەڵام «نائامادەگی فیکر» کارێکی کوشندەی لەسەر زیادبوونی توندوتیژی لە ناو مێژوودا دەکات، کارێکی گەورە لەسەر کوێری‌و نائاگایی بکەرە مێژووییەکان دەکات، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر بە ناعەقلانیکردنی گوتارە سیاسی‌و کولتوورییەکانی ناو ئەم مێژووە دەبێت. واتە مەسەلەکە لێرەدا ئەوە نییە کە هوشیارییەکی ئامادە، مێژووییەکی ئامادە دروستبکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە پراکسیسی مێژوویی تەواو نەکەوێتە دەرەوەی هێزی نوخبە فیکرییەکانی کۆمەڵگاوە، واتە مەسەلەکە لێرەدا بەرگریکردن نییە لەسەر دەسەڵاتی موتڵەقی عەقڵ یان فیکر یاخود ڕۆشنبیر بەسەر کۆمەڵگادا، بەڵکو مەسەلەکە جێکردنەوەی عەقڵە لە ناو ئەو مێژووەدا بە جۆرێک هێزی زۆر کوێرو کوشندە دروست نەکات. واتە هەڵەیەکی گەورەیە ئەمە بەو لۆژیکە لینینیە تەفسیربکرێت کە گوایە ڕۆشنبیران هوشیاری دروستدەکەن‌و

www.netewe.com



**خودی دەرکەوتنی فیکری گۆڕان بەتایبەتی ئاماژەیە بۆ روودانی شتێکو دەرکەوتنی دیاردەیەک کە پێشتر بوونی نەبووە. بۆیە گەر رۆحییەتی گۆڕان هەڵگری خەونی گۆڕان بێت، ئەوا فیکری گۆڕان، گۆڕانی راستەقینەیە «لایەنیکەم لە ئاستی عەقڵ» داو تێپەڕاندنی سنووری خەونە بۆ ناو حەقیقەت**

ورددەبێتەوە بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی بچوک بچوکو فرەپنت کە لە هەموو ئاستێکی فیکرو لەسەر شوێنی جەستەی کۆمەڵایەتیشدا ئیشدەکات. لێرەوە فیکری گۆڕان هەوڵێکی نەپساوە بۆ رێگرتن لە کەوتنو لادانو شێواندنی پرۆسەی گـۆڕان کە بە دڵنیاییەوە رۆحییەتی گـۆڕان دەرەقـەتـی نایەتو ناتوانێت کۆنترۆڵیبکات. فیکری گۆڕان بەرامبەر بە پرۆسەکە کۆمەڵێک میکانیزمی سـەرەکـی دادەرێـژێـت کە دەکرێت بەمجۆرە کورتیانبکەمەوە

١. ناهێڵێت گۆڕان لە تەنیا مانایەکو وەزیفەیەکدا گەمارۆبدرێتو یەکجۆر تۆنی دەنـگو یەک شێوە گوتار زاڵ بێت بەسەریدا، واتە گۆڕان دەبێت وەک پرۆسەیەکی فیکریو کۆمەڵایەتیو سیاسی فرەڕەنگ تەماشابکرێت کە دەشێت بەپێی کـاتو شوێن مانای جیاوازو وەزیفەی جیاوازی هەبێت.

٢. ناهێڵێت گۆڕان وەک پرۆسە لە چەمکی نوێگەریو ئـازادی داببڕێتو ببەسترێتەوە بەو رەهەندانەی کە گۆڕان گرێدەدەنەوە بە گەڕانەوە بۆ ترادسیۆنو دینـەوەو مانایەکی کۆنەپەرستو کۆنزەرڤاتیڤی پێدەبەخشن .

٣. پرۆسەی گۆڕان لە هەر دۆگماو سروشتێکی ئایدۆلۆژی دەپارێزێت، بەوەی مۆراڵی کرانەوەو جیاوازیی تیا دەسەپێنێت.

بەڵام جگە لەم بنەما سەرەکییانە، دەبـێـت فیکری گـۆڕان لـە بـوارە مەعریفییەکانو فـەزای گشتیشدا هەڵگری کۆمەڵێک سیفەتی سەرەکی بێت کە زەمینەی ئیشکردنی گۆڕانو ئازادیی پرۆسەی ئاڵۆگۆڕو جوڵە لە ناو عەقڵو ژیاندا زامندەکەن. لێرەدا چوار وەزیفەی سەرەکی دەستنیشاندەکەم کە دەبێت لە ستراتیژە ناوەکیو یاسا سەرەکییەکانی ناو هەموو فیکرێک بێت کە ئیش بۆ گۆڕان دەکات.

**یەکەم** وەزیـفـەی گـەورەی فیکر ئەوەیە سەرەتا دەرک بە جیاوازییەکان بـکـات، ئـەو جـیـاوازیـانـەی کـە خۆی دروستیاندەکاتو ئەو جیاوازییانەش کـە کۆمەڵگا یـان سیستم بـازیـان بەسەردا دەدات. واتە فیکری گۆڕان سەرەتا لە ناساندنو شەرعییەت دان بە جیاوازییەوە دەستپێدەکاتو دڵنیاشە بەبێ سەنگەرێکی قووڵ لە فیکردا هیچ جیاوازییەک ناتوانێت بژی.

**وەزیـفـەی دووەمــی فیکر:** دروستکردنی جیاوازییە، واتە مەسەلەکە تەنیا داننان نییە بە جیاوازیدا، بەڵکو فیکری گۆڕان خۆی دروستکەرو کارخانەی جیاوازییە، مانای دروستکردنی رەنگی نوێو تێگەیشتنی نوێ دەبێت ئامانجو مەبەستی بێت، فیکر تەنیا دان نانێت بە جیاوازیدا بەڵکو دروستیدەکاتو تا ئەوپەڕیش لەگەڵیدا دەڕوات، چونکە وەک لەسەرەتاوە گووتم، دروستکردنی جیاوازی جەوهەری بیرکردنەوەیە، بۆیە هەموو فیکرێکی هوشیار بەرابەر دونیا، فیکرێکی هوشیاریشە بەرابەر خودی خۆیو ئەوەی پیادەیدەکات، لێرەوە فیکر لە قووڵاییدا پیشەسازی دروستکردنی جیاوازییەو دەبـێـت ئـەو پرۆسەی دروستکردنە تەنیا گەمەی هەمەڕەنگی نەبێت لەسەر حیسابی قووڵیو مۆراڵو بنەما لۆژیکیو میتۆدییەکانی فیکر، بەڵکو لەو ئاستو چێوەیەدا بمێنێتەوەو ئاماژەبێت بۆ زیندوێتی زانستەکان نەوەک خاوبوونەوەو لاوازبوونیان.

**سێهەم وەزیفەی فیکر** ئەوەیە: دیـالـۆگ لـە نـێـوان جیاوازییەکاندا دروستبکات، بەرامبەر یەک رایانبگرێت، نەهێڵێت یەکێک لە گوتارەکان ئەوانی دی بێدەنگبکات، واتە دیموکراتیزەکردنی فەزای عەقڵی وەک مەرجێکی گرنگی دیموکراتیزەکردنی فەزای گشتی ببینێت.

**وەزیفەی چوارەمی:** بەشداریکردنە لە دروستکردنی مۆراڵێکی گشتیدا کە گـۆڕان قەبووڵبکاتو لە توندوتیژی دووریبخاتەوە، واتە فیکر تەنیا فیکر بۆ کایەیەکی مەعریفی بەرهەمناهێنێت، بەڵکو ئەخلاقێکی پراکتیکیش پێشنیازدەکات.

بەڵام لێرەدا کێشەیەکی راستەقینەمان تووشدەبێت، ئەویش ئـەوەیـە چۆن فیکری گـۆڕان لـەگـەڵ رۆحییەتی گۆڕاندا بگونجێنین، چۆن پێکەوە کۆیان بکەینەوە؟ فیکری گۆڕان پەیوەندی بە فیکرو رۆشنبیرییەوە هەیە، نوخبەیەک بەرهەمیدەهێنێت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان زمانێکی قسەکردنی دیو سیستمێکی زاراوەیـی دیو میتۆدێکی تێڕوانینو بیرکردنەوەی جیاوازی لەگەڵ قسەو تێڕوانینو میتۆدی خەڵکی سادەدا هەیە، بەڵام رۆحییەتی گۆڕان زۆربـەی کات هوشیارییەکی سادەیە کە دەیەوێت خۆی لە تەجریدی فیکری بەدوور بگرێت، هەستکردنو وێناکردنی دونیایە بەبێ فیکر... هەر یەکەیان لە دەرەنجامی ئەزموونێکی عەقڵی جیاوازدا لە دایکدەبن... لێرەوە فیکری گۆڕان چۆن بتوانێت بگاتە ئەو کەسانەی کە خواستێکی سەرەتایی گۆڕانیان هەیە، بەڵام بەدروستی نازانن گۆڕان دەبێت چی بێتو بنەما سەرەکییەکانی چیین؟ چۆن پرۆسەی گۆڕان لە تێکشکاندنی ستراکتوری کۆمەڵایەتیو بنەمای پێکەوەژیان بەدووربگرین؟. چۆن لە جۆرێک تازەگەریی رادیکالەوە نەهێڵین بپەڕێتەوە بۆ ئانارشییەتی رادیکال؟ چۆن لە خواستی گۆڕانی هەمیشەییەوە نەهێڵین بکەوێتە ناو بازنەی وێرانکردنی هەمیشەییەوە؟. بـە کـورتـی چۆن رۆحییەتی ســادەی گــۆڕان لەگەڵ ئەو هوشیارییە ئاڵۆزو هەمەڕەنگو هەمەمەرجەدا دەگونجێنین، چۆن گوتاری رۆشنبیر لەگەڵ گوتاری خەڵکی سادەدا لە ناو پرۆسەی گۆڕاندا کۆدەکەینەوە؟ ئەمە قورسترینو ئاڵۆزترین پرسیارە کە لێرەدا بەردەممان دەگرێت. ئایا بگەڕێینەوە بۆ هاوکێشە بەلشەفییەکە سـەبـارەت بـە رۆڵـی پێشەنگکاری رۆشنبیران، سەبارەت بەوەی رۆشنبیران پێشڕەوانی رووناکبیرنو هوشیاری لە کایە زانستییەکانەوە دەگوازنەوە بۆ کەسانی سادەی ناو کۆمەڵگا؟. هەڵبەت ئەمە رێگایەکی داخـراوەو دواجـار لە دیکتاتۆرییەتێکی لینینی ستالینیدا تەواو دەبێت، بۆیە لە راستیدا دەبێت رێگا چارەی دیکە بدۆزینەوە.

هەڵەی هەرە گەورەی ئەم تێزە لینینییە ئەوەیە کە رۆشنبیران دەکات بە رابەری «کۆمەڵگا» بە هەموو ئەو مانا گەورەیەی کە وشـەی کۆمەڵگا هەڵگرێتی، واتە تەواوی ئێلیتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر رەحمەتی ئێلیتێک لە رۆشنبیرەوە کە رازیـبـوون شوناسی رۆشنبیریی فڕێبدەنو ببن بە سیاسی، ئەمە هەمان ئەو هەڵەیەیە کە رۆشنبیرانی سالانی سیو چلو پەنجای کورد بەو پەڕی بێباکییەوە تێیکەوتن. رۆشنبیران نابن بە سەرکردەی کۆمەڵگا، بەڵام رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەبینن، بەڵام لە رێگای پەلاماردانو گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە نا، چونکە ئەمە ئەو رێگایەیە کە رۆشنبیر دەگۆڕێت بۆ دیکتاتۆر یان هاوکاری دیکتاتۆر، بەڵکو لە رێگای ئیشکردنەوە لەسەر عەقڵی مرۆڤەکانو توانای بیکردنەوەی لۆژیکیان، لەسەر هەستکردنیان بە ئـازادی، لەسەر بنەماکانی مـۆراڵو چەشەی ستاتیکیان.

بە بڕوای من تاکە بوارو جێگایەک بتوانێت «رۆحییەتی گـۆڕان» لەگەڵ «فیکری گۆڕان»دا کۆبکاتەوە رووبەرێکی تایبەتی ئیشکردنی هاوبەشە، کە ناوی دەنێم «هوشیاریی گۆڕان».

**فیکری گۆڕان بە پلەی یەکەم رۆشنبیران دروستیدەکەن، مەعریفەو هێزی مەعریفە دروستیدەکات. رۆشنبیر وەزیفەیەتی گۆڕان لە فیکردا دروستبکاتو لە هەموو شێوە گۆڕانەکانی دیش رابمێنێت کە وەک ئەگەر لە کۆمەڵگادا ئیشدەکەن. لێرەوە دەکرێت رۆڵی رۆشنبیر وەک داڕێژەری فیکری گۆڕانو چاودێرکەری مۆراڵی گۆڕان دەستنیشانبکەین، وەک دروستکەری گۆڕانو رامێنو راڤینی گۆڕان. ئەوە رۆشنبیرە کە ناوەڕۆکی راستەقینە دەدات بە گۆڕانو مانا مێژووییەکەی دیاریدەکات**


**پەراوێزەکانی ئەم بەشە:**

3.Macht und Moral. Matthias Junge. VS Verlag. 2003. S. 102

4. Der Spielraum des imaginären. Jens Bonnemann. Felix Meiner Verlag.2007. S.113114-

5.Die Stellung des Subjekts. Christoph Braun. Lacans Psychoanalyse. Parodos Verlag. 2007. S.6566-



خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



بـەڵام جگە لـەم خاڵە پێویستە بڵێم هیچ رۆحییەتێکیش ناکرێت وەک رۆحییەتی گـۆڕان سەیربکرێت گەر خاڵی بوو لە خواستی خۆسەلماندنو خۆدەرخستن لەسەر زەوی، بۆئەوەی بە رۆحییەتێک بڵێین رۆحییەتی گۆڕان دەبێت هاوڕێی جوڵەیەکی واقیعی بێت بۆ پراکتیککردنی خۆی، دەبێت دۆخێکی ئەکتیڤی ناو پرۆسەی گۆڕانو وێستگەیەکی ئەکتیڤی ناو ئەو پرۆسەیە بێت، بە مانایەکی دی کرانەوە بێت بەسەر پراکتیکداو مۆتیڤی ئیشکردنی تێدابێت لەسەر واقیع، واتـە دەبێت خواستی دۆزینەوەی مانای تێدابێت. بەبێ ئەم مۆتیڤە، بەبێ دیاریکردنی بابەتێک بۆ گۆڕان، واتە بەبێ دەستنیشانکردنی ئـەو شـتـەی کـەدەبـێـت بـگـۆڕێتو ئاڕاستەکردنی هێزێکی تایبەتی گۆڕان بـەرەو ئـەو بابەتە ناکرێت قسە لە رۆحییەتی گۆڕان بکەین. رۆحییەتی گۆڕان زۆر گرنگە بۆ مۆبیلکردنی هێزە کۆمەڵایەتییە نارازییەکانو گوتارە دژەکانو ئاڕاستەکردنیان، بەڵام ئەم هێزە ناتوانێت هیچ شتێکی قووڵ نە لەسەر خودی گۆڕان بڵێتو نە ئاراستەو نە چارەنوسی راستەقینەی گۆڕان دیاریبکات، بە مانایەکی تر رۆحییەتی گـۆڕان هێشتا بەرجەستەکردنی «خـواسـتو ئـیـرادەی گـۆڕانـە» بەبێ دەستنیشانکردنی «نـاوەڕۆکو مانای گـۆڕان». ئـەم رۆحییەتە لە رووی مەجازەوە رۆڵی «دەلالـەت» دەبینێت، دەلالەتی موجەرد کە هێشتا مانای خۆی وەرنەگرتووە. لە راستیدا من پەیوەندی نێوان «رۆحییەتی گۆڕان»و «فیکری گۆڕان» وەک ئەو پەیوەندییە لاکانییەکە دەبینم، کە لە نێوان دال «نیشانە»و مەدلولدا «نیشانەکراو»دا هەیە، لای «جاک لاکان» لە نێوان دالو مەدلولدا هیچ جۆرە پەیوەندییەک نییەو خەرەندێکی قـووڵ هەمیشە دال لە ماناکانی جیادەکاتەوە، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی سۆسێرەوە کە دالو مەدلول لای ئەو یەکگیرو لێکنەترازاون. لێرەدا تەواو دەمەوێت بۆ ئەو رەهەندە لاکانییە ئاماژەبکەم کە تێیدا دال تەنیا وشە نییە وەک لای «دی سۆسێر» دەیبینین، بەڵکو شتو پەیوەندیو «دەرکەوتە ــ سمپتۆم»کانیش دەگرێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە مانای خۆی بە تەنیا لە مەدلولی خۆیەوە وەرناگرێت، بەڵکو لە دالێکی تـرەوە، واتـە لە سیستمی پەیوەندی نێوان دالەکانەوە ئەو مانایە وەردەگـرێـت، وەک لێرەدا من باسی گۆڕانی لێوەدەکەم. گۆڕان سەرەتا مانا نییە، هێندەی ئاماژەیە بۆ سیستمێکی تر کە لەسەر نەگۆڕان دروستبووە، خۆی شتێکی دیاریکراوو مەدلولێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو نیشانەیەکە تەنیا راوەستانیو دەرکەوتنی بەرامبەر بە نیشانەیەکی تر کە نەگۆڕانە مانای دەداتێ. واتە لە جەوهەردا رۆحییەتی گۆڕان زمانە، زمانێکە هێشتا مانای خۆیو مەدلولی خۆی نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو ئاماژە بۆ پەیوەندییەک دەکات، لێرەوە رۆحییەتی گۆڕان دۆخێکی نزیکە لەو پێناسە لاکانییە گرنگەوە بۆ زمان کە دەڵێت «زمان، بەرلەوەی ئاماژە بێت بۆ مانایەک، ئاماژەیە بۆ کەسێک» «٥»، رۆحییەتی گۆڕانیش بەر لەوەی مانا بێت، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ باوکانی نەگۆڕانو هێزەکانی نەگۆڕان.

دواجار وادەبینم کە رۆحییەتی گۆڕان شتێک نییە کە میکانیکی مانای خۆی لە فیکری گۆڕاندا بدۆزێتەوە، بەبۆچوونی من فیکری گۆڕان تەواوکاری رۆحییەتی گۆڕان نییە، بەڵکو دەشێت ئیشکردنێکی رادیکالو ریشەیی‌و گۆڕانێکی قووڵو کاریگەر بێت لەسەر هەندێک خەیاڵو وێنەو مۆتیڤی ناو رۆحییەتی گۆڕان. پەیوەندیی ئەم دووانـە «کەمێکو بە ئاستێکی رێژەیی» لە پەیوەندی نێوان «هەست»و «نەست» دەچێت. ئەوەی لە هەستدا روودەدات بڕێکی وەرگەڕانو تێکدانو دەستکاریکردنی ئەوەیە کە لە نەستەوە گواستراوەتەوە، بەڵام ئەم دەستکاریکردنانە بە کۆ شتێکی نوێ دروستدەکەن... لێرەوە دەتوانم بڵێم کە فیکری گۆڕان لەسەر فەرامۆشکردنو یادکردنی رۆحییەتی گۆڕان دروست نـابـێـت، بـەڵـکـو لـەسـەر گـۆڕیـنو دارشتنەوەو لادانو چڕکردنەوەی کۆمەڵێک رەهەندی رۆحییەتی گۆڕان بونیاد دەنرێت، بـەڵام بێئەوەی ئەم پرۆسەیە جیاوازی جەوهەریو دیواری ئەستووری نێوان دوو دونیاکەو دوو بازنە جوداکە هەڵبگرێتو بیسڕێتەوە.

لە راستیدا رۆحییەتی گـۆڕان وەک ئـەوەی دۆخـێـکـی «ناکامڵو نارێکو تێکەڵی» ئەگەرەکانی گۆڕانە، لەگەڵ فیکری گۆڕاندا کە لە خواستی رێکخستنو مانادانەوە دەستپێدەکات، دوو دیوی یەک شتو دوو پارچەی ناو یەک پێکهات نین، هەر ئەوەش تراژیدیای رۆشنبیریی دروستکردوە. رۆحییەتی گـۆڕانو فیکری گـۆڕان مـەرج نییە پێکەوە لە یـەک ساتو ئاستدا ئیشبکەن، بەڵکو دوو چالاکی جـیـانو دوو بـکـەری جـیـاو دوو میکانیزمی جیایان هەیە. تراژیدیای فیکر لەوەدایە کە دەتوانێت لەدەرەوەی هـەر هوشیارییەکی دەستەجەمعی ئامادەبێتو تراژیدیای هێزە مێژووییو کۆمەڵایەتییەکانیش ئەوەیە کە دەتوانن بەبێ ئامادەگی فیکر ئیشبکەنو لەسەر شانۆی مێژوو چالاک بن، ئەم خەرەندە گەورەیە هەوڵدەدرێت تەسکبکرێتەوە بەڵام هەرگیز پڕ ناکرێتەوە، واتە مێژوو هیچ کات وای لێنایەت بەرەنجامێکی تەواوەتی هوشیاری فیکریو کولتوور بێتو فیکرو کولتووریش هەرگیز ناچنە پەیوەندییەکی میکانیکییەوە لەگەڵ بارودۆخی مادیو سیاسی کۆمەڵگادا. فیکر بەتەنیا مێژوو دروست ناکات، دروستبوونی فۆرمێکی کولتووریو سیاسی لە مێژوودا، هەمیشە تێکەڵە بە دەسـتـێـوەردانـی رەگـەزی دیکە کە لە فـەزای بیرکردنەوەو لۆژیکو عەقلانیدا گـەورەنـەبـوونو ئاویان نەخواردوەتەوە، بۆیە پێشبینیکردنی مێژوو هەمیشە کارێکی ئەستەمە. ئەمە بەو مانایە نییە من باوەڕم وابێت کە عەقڵ هەمیشە مێژوو جوانتر دەکات، بەڵکو بـەو مانایەیە کـە رەگـەزی عەقڵانیو ناعەقڵانی بەجیاکاردەکەن، پێکەوە کۆدەبنەوە، هاریکاری یەک دەکەن، دژایەتی یەک دەکەن، دەچنە یەک بەرەوەو دەبنە دوژمنی یەکیش، بەڵام ئەو خەرەندە جەوهەرییەی لە نێوان «هوشیارییەکی وێنەئارا»و «بیر»دا هەیە، جیاوازییەکی نەپساوەو قابیلی تێپەڕین نییە. بە کورتی نە رۆحییەتی گۆڕانو نە فیکری گۆڕانیش بەتەنیاو راستەوخۆ سروشتی گۆڕان دیاری ناکەن. رۆحییەتی گـۆڕان هێندەی ئاماژەیە بۆ دۆخێک، ئاماژە نییە بۆ ئەو ماناو ئەگەرو ئاسۆیانەی لەو دۆخەوە دێنەدەرێ، واتە گۆڕان لێرەدا تا ئێستا دۆخێکی تەماوییە کە شێوەو روخساری راستەقینەی وەرنەگرتووە، دەشێت دوژمنی خـۆی دۆزیبێتەوە، بەڵام هێشتا دوژمنایەتییەکی ئینفیعالیانە دەکات. لێرەوە مەرج نییە رۆحییەتی گۆڕان هەمیشە دەرەنجامی پۆزەتیڤی بۆ مێژوو هەبێت، یاخود بەردەوام بە قازانجی خودی گـۆڕان بکەوێتەوە. رەنگە شۆڕشی ئێرانی باشترین نمونە بێت بۆ شکانەوەی «رۆحییەتی گۆڕان» بە دەرەنجامی دژ بە گۆڕان. واتە عەقڵ ناتوانێت هەمووکات ئەم رۆحییەتە سادەیە عاقڵ بکات، بەڵکو دەتوانێت تەنیا رێگای پێبگرێت، کەنالیزەیبکات، وزەکـەی ئاڕاستەبکات، لەمپەری لەبەردەمدا دابنێت. گۆڕان بەوجۆرەی کە رۆحییەتی گۆڕان پێشکەشماندەکات جۆرە خواستێکە کە بۆ مانا دەگەڕێت، کۆنکرێتو دارێـژراودا، بەرابەر بە واقیعێکی نائامادەو لە زەیندا وێناکراو، لە نێوان حەقیقەتو وێنەدا. رۆحییەتی گـۆڕان بە بـڕوای من پێش مرۆڤو وەک ئامادەگییەکی شاردراوەو نهێنی ناو کۆمەڵگا هەمیشە هەیەو ئامادەیە، لە بنەڕەتدا «لەسەرەتای سەرەتادا» جۆرە پەرچەکردارێکی راستەوخۆ نییە بۆ یەک دۆخی دیاریکراو، بەڵکو جۆرە ئامادەگییەکی جەستەی کۆمەڵایەتییە بۆ تێپەڕاندنی خۆیو جێکردنەوەی نوێو فڕێدانی ئەگەرە بەسەرچووەکانی خۆی، کە دواتر لە رەوتی مێژوودا سروشتی پەرچەکرداری راستەوخۆ بەرامبەر هێزێکی دیاریکراویش وەردەگرێت.

**فیکری گۆڕان چییە؟**

وەک وتـم «فـیـکـری گـۆڕان» گەشەکردنو باڵاکردنی «رۆحییەتی گـۆڕان» نییە. لـەبـەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم: رۆحییەتی گۆڕان دەشێت تورەبوونێکی گشتی سیاسیو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی بێت دژ بە دۆخێکی دیاریکراو، واتە پێویستی بە کایەیەکی مەعریفیو مەرجەعییەتێکی زانستی نییە بۆئەوەی دروست بێت، خۆی خۆ بە خۆو میکانیکی مانایەکی دیاریکراوی پێ نییە. ساتێکە دونیای کۆن کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دونیای نوێ هێشتا لەدایک نەبووە، لـێـرەوە عەقڵە کۆنزەرڤاتیڤەکان ئاسان دەتوانن گومانی بخەنەسەر، وا وێنەیبکەن کە خەونی چۆلەکەیەو بێئاسۆیە، چونکە ئـەوان بە ناوی جیهانێکی خۆگرو بینراوەوە قسەدەکەن، مەتریالو کەرەستەی مۆدێلێکیان پێیە لە کـاردایـە، بـەرابـەر بـەوەش گۆڕانکاران هێشتا قسە لە دونیایەک دەکـەن نەهاتووە، باس لە ئەگەری جیهانێک دەکەن کە دروست نەبووە، لێرەوە شەڕی نێوان گۆڕانو نەگۆڕان شەڕێکی سەرەتاییە لە نێوان واقیعێکی زیاتر گرێدراوی هیوا کۆمەڵایەتییەکانو خەونی توێژو تاقمەکانو خواستە گشتییەکانی سیاسەتە، بەڵام فیکری گۆڕان بە پێچەوانەوە لە هوشیارییەکی مەعریفییەوە دێتو بەرهەمی ئیشکردنی عەقڵە لەسەر کێشەکانو دەرەنجامی کارکردنی ئـەوە لە کایەکاندا. هۆی دووەمیش: لەبەرئەوەی گۆڕان لە خودی فیکر جیانابێتەوە، فیکر لە جەوهەری خۆیدا تەنیا وەسفێکی پاسیڤانەی دونیا نییە، بەڵکو ئەو کاتەی کە بیردەکەینەوە دەگـۆڕیـن. رۆحییەتی گـۆڕان خۆی گۆڕان نییە، واتە بەس نییە بمانەوێت یان خوازیاری گۆڕان بین ئیدی ئەوە ببێت بە گـۆڕان، بەڵام سەرهەڵدانی فیکری گۆڕان خۆی گۆڕانە، دیارە ئەم گۆڕانە سەرەتا لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی کولتووریو مەعریفیدایە، واتە گۆڕان لە واقیعدا بە شێوەیەکی حەتمی دوای گۆڕان لە فیکردا دێت. فیکر بەرلەوەی خۆی بگۆڕێت ناتوانێت دونیا بگۆڕێت، بۆیە تاکە کەناڵی کارکردنی فیکر وەک هێزێکی گـۆڕان لە سەر دونیا، بە کەناڵی کارکردنی فیکردا دەڕوات لەسەر فیکر خۆی. گـۆڕان بەتایبەت لەو دۆخە ئەنتۆلۆژیو مێژووییەی کە ئێمەی تیا دەژین، لەو شێوە تایبەتییەی کوردبووندا کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵیدا هەیە، لەو دۆخە مەعریفییەی کە رۆشنبیریی ئێمە تیادەژی، رەگەزێکی دەرەکـــیو وەزیـفـەیـەکـی دەرەکـــی بیرکردنەوە نییە، واتە فەرمانێک نییە لە فەرمانەکانی بیرکردنەوە، بەڵکو جەوهەری بیرکردنەوەیە. بەچەشنێک هەموو بیرکردنەوەیەک کە شتێکی نەگووتراو بەرهەمدەهێنێت، دەبێت بە دروستکەری شتێکو گۆڕینی شتێک. خـودی دەرکـەوتـنـی فیکری گـۆڕان بەتایبەتی ئاماژەیە بۆ روودانی شتێکو دەرکەوتنی دیاردەیەک کە پێشتر بوونی نەبووە. بۆیە گەر رۆحییەتی گۆڕان هەڵگری خەونی گۆڕان بێت، ئەوا فیکری گۆڕان، گۆڕانی راستەقینەیە «لایەنیکەم لە ئاستی عەقڵ» داو تێپەڕاندنی سنووری خەونە بۆ ناو حەقیقەت. لێرەوە هەموو بیرکردنەوەیەکی قووڵ تەنیا بیرکردنەوە نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیە وەک گۆڕان، کە دەبێت جیایبکەمەوە لە دیاردەیەکی تر کە وەزیفەیەک لە وەزیفەکانی فیکرە، ئەویش «بیرکردنەوەیە لە گۆڕان».

هـەمـوو فیکرێک خواستێکی نـاوەکـی قـووڵ دەیـجـوڵـێـنـێـت کە دووبارەنەکردنەوەی گووتراوەکانو دووبـارەنـەکـردنـەوەی زانراوەکانە، لێرەوە جەوهەری پرۆسەی بیرکردنەوە دروستکردنی جیاوازیو گەشەدانە بەوەی هەیە لە رێگای دەستکاریکردنو فراوانکردنەوە، بەمە دەڵێم «بیرکردنەوە وەک گۆڕان». بەڵام دواتر فیکر بۆئەوەی خۆی ببینێتەوە، بۆئەوەی چاوەدێری خۆیو دونیا بکات، بۆئەوەی شوێنی خۆی لە ناو ناوکۆییەکاندا دیارییبکات ناچارە وەک بابەت بیر لە «گۆڕان»و ماناکانیشی بکاتەوەو بیانکات بە بابەتی بیرکردنەوەی خۆی، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەی «بیرکردنەوەیە لە گۆڕان». لە دۆخی یەکەمدا گۆڕان ماهییەتی فیکرو مەرجی بوونێتی، واتە لێرەدا گۆڕان هەر خودی فیکرە لە ساتی دەرکەوتنو سەرهەڵداندا، لە دۆخی دووەمیشدا گۆڕان بابەتێکی تێڕامانی فیکرە، واتە دەکەوێتە دەرەوەی فیکر، شتێکە بۆ تێڕامانی فیکر.

فیکری گـۆڕان بـە پلەی یەکەم رۆشنبیران دروستیدەکەن، مەعریفەو هـێـزی مەعریفە دروسـتـیـدەکـات. رۆشنبیر وەزیـفـەیـەتـی گـۆڕان لە فیکردا دروستبکاتو لە هەموو شێوە گۆڕانەکانی دیش رابمێنێت کە وەک ئەگەر لە کۆمەڵگادا ئیشدەکەن. لێرەوە دەکرێت رۆڵی رۆشنبیر وەک داڕێژەری فیکری گۆڕانو چاودێرکەری مۆراڵی گـۆڕان دەستنیشانبکەین، وەک دروستکەری گۆڕانو رامێنو راڤێنی گۆڕان. ئەوە رۆشنبیرە کە ناوەڕۆکی راستەقینە دەدات بە گـۆڕانو مانا مێژووییەکەی دیـاریـدەکـات. هەر ئەوە گـۆڕان لە بەتاڵی ئازاد دەکات. لە رۆحییەتی گۆڕاندا، گۆڕان هێشتا سیفەتی نییە، مۆراڵێکی دیاریکراوی نییە، وەک خواستێک دەردەکەوێت کە بەدروستی سنووری خۆیو وەزیفەی خۆیو مانای خۆی ناناسێت، بەڵام لە فیکری گۆڕاندا، پرۆسەکە لە تێڕامانەوە دێتەدەرێو بەردەوام بە دوای سنوورو وەزیفەو مانای خۆیدا دەگەڕێت. بۆیە لەسەرەتاوە فیکر بێئاگایانە گۆڕان پیادە ناکات، هەموو فیکرێکی گۆڕان پێویستی بە فەلسەفەیەکی تایبەتی گۆڕان هەیە، کە بەپێی پێگەی مێژوویی‌و ئایدۆلۆژی فیکرەکە دەگـۆڕێـت. لـێـرەدا گـۆڕان رەنگە ونبووەکانی خۆی دەدۆزێتەوە،

لە راستیدا راکردن بەرەو موقەدەس هیچ نییە جگە لە ئاوێنەی راکردن لەفیکر. بچوکی رۆڵی رۆشنبیر لەواقیعی کوردیدا کارێکی وەهای کردوە کە رووبەری موقەدەس تا دێت گەورەتر دەبێت، لە دوای راپەڕینەوە ژمارەی ئەو نووسەرو بەناو رۆشنبیرانەی کە ئیشیان دروستکردنی موقەدەسە تا بێت گەورەدەبن. ژمارەی هەرە زۆری کادێرانی ئیعلامو بەرپرسی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانو ئیشکەرانی میدیای حیزبی، جگە لەوەی مەکینەی دەرکردنو کوشتنی بیرکردنەوەی رەخنەیین، جگە لەوەی پارێزەری موقەدەسە سیاسییە تەقلیدییەکانن هیچی تر نین

⟸










www.netewe.com

رۆژی دیکە دەیگۆڕین

گۆڕان بەرەو ٢٧

٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 5 Date. 29-6-2009 — ٢٩-٦-٢٠٠٩ — ژمارە: (٥)


# نەوشیروان مستەفا: داواتان لێدەکەم پرۆسەکە بە هێمنی ڕابگرن و پشتیوان بەخوا سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنین

بۆ ل٣

## دوو سیناتۆری ئەمەریکی داوا لە بارزانی دەکەن هەڵبژاردنی هەرێم شەفافو ئازادانە بەڕێوەبچێت

**بەرەوگۆڕان**

دوو سیناتۆری ئەمریکی لە نامەیەکدا بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، داوادەکەن هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی ئازادانەو شەفاف بەڕێوەبچێتو دۆستایەتی ئەمریکاش بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتدەکەنەوە.

لە نامەکەی هەردوو سیناتۆر جۆن مەککینو جۆزێف لیبرمان دا هاتووە «لەکاتێکدا کە هاولاتییانی هەرێمی کوردستان خۆیان ئامادەدەکەن بۆ هەلبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لە (٧/٢٥)، دۆستایەتی ئەمەریکا لەگەڵ کوردی عێراق دووپات دەکەینەوە، ئەو دۆستایەتییە مێژووییەی کە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو کوردی عێراق لهسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی کاتی نییە، بەلکو ئەم دۆستایەتییە ڕەگی داکوتاوە لەسەر بنەمای بەهای هاوبەش کە گرنگترینیان پابەندبوونە بە هەلبژاردنی ئازادو پاکو دیموکراتییانەو کێبڕکێو میدیای سەربەخۆو چالاکو کۆمەڵگای شارستانیو سەروەریی یاسا».

لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا هاتووە «بە پەرۆشەوە دەڕوانینە هەلبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لە (٧/٢٥). ئومێدەوارینو چاوەڕوان دەکەین کە ئەم هەلبژاردنە ببێتە «ستانداردێکی زێڕین». لە ناوچەکە بۆ ئازادبوون، شەفافیەت، کێبڕکێ، دوور لە دەستێوەردانو ترساندن، کە زۆرجار لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدەن. ئێمە بەتایبەتی خۆشحالین بە پەیدابوونی پارتی ئوپۆزسیۆنو باسکردنی هەلبژاردن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن میدیای سەربەخۆی کوردییەوە».

ئەو دوو سیناتۆرە ئاماژەیان بەوەداوە کە چاودێریی پرۆسەکە دەکەن، سەرکەوتنیشی دەبێتە بناغەی دۆستایەتی هەمیشەیی ئەمەریکا لەگەڵ خەلکی هەرێمی کوردستان هیواشیان خواستوە، هەلبژاردنەکەی ڕۆژی (٢٥)ی مانگی داهاتوو قۆناغێکی گرنگ بێت بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراتی لەناوچەکەدا.



**نەبەز گۆران:**

### بەدەنگی بەرز دەڵێم گەنجان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن

بۆ ل٥



**محەمەد توفیق ڕەحیم:**

### هەڵبژاردن دەبەینەوەو حکومەت پێکدەهێنین

بۆ ل٢

## (٤٢) کەسایەتیی سیاسیو ئەکادیمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

## لیستی گۆڕان ڕەوتی بە دیموکراتیکردنی نەتەوەیەکە

بۆ ل٣

## ئەمەش بە خەڵک ڕەوا نابینن؟

**ئاودێر شێخ عومەر**

ئەوانەی گۆڕان وەک مۆتەکەی سەرسنگی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆیانو سەرکردەکانیان دەبینن‌و لەوە تێدەگەن گۆڕان واتا «گەڕاندنەوەی عەدالەتی کۆمەلایەتیو دەربازکردنی ژیانو قوتی خەلک لەژێر دەستو میزاجی چەند کەسێکو بەرکەمالکردنی دیموکراسی ڕاستەقینەو ڕەتکردنەوەی کوێخایەتی حیزب بەسەر حکومەتو هەموو جومگەکانی دەزگای بەڕێوەبردنو ئیدارەکردنو مولکی گشتی بۆ گشتی نەک بۆ گروپێکی دیاریکراو»، هەراسانن لەو خۆشیو شادییەی خەلکی کوردستان چەند ڕۆژێکە بەبۆنەی ڕەخسانی دەرفەتی گۆڕانکاری دەریدەبڕنو شایلۆغانی کۆتایی هێنان بە گەندەلیو ناشەفافیو شکستە هەمەلایەنو هەمە بوارەکان دەگێڕن.

ئەوانەی گۆڕان بەرژەوەندییە حیزبیو شەخسییەکانیان لول دەکاتو دەخاتە لاوە، دەیانەوێ ئەو زەماوەندە جەماوەرییە کپ بکەنو بەهەر شێوەیەک بێت ڕێگەی لێبگرن. بەوەی بە «تێکدانی کەشی هەلبژاردن، پێشێلکردنی یاساکانی کۆمسیۆنی هەلبژاردنو ئاژاوەنانەوەو شتی لەوجۆرە» لە قەلەمی دەدەن.

بەبێ ئەوەی ئەو کەسو لایەنانە،چەند خالێک لەبەرچاوبگرن وەک ئەوانەی خۆیان دەیکەن لە نموونەی (داگیرکردنی هەموو شوێنەکانی تایبەت بە ریکلامکردن بۆ لیستەکان بۆ خۆیانو نەهێشتنەوەی هیچ خالو ڕووبەرێک بۆ لیستەکانی دیکە، بەکارهێنانی هەموو پۆستە حکومییەکانی عێراقو کوردستان بۆ بەرژەوەندی لیستێکی دیاریکراو، فرۆشتنەوەی هەموو ئەو کارانەی لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکانو بڕیاری ٩٨٦و ولاتانی کۆمەکبەخشو ئەوانەی لەسەر بەشی خەلکی کوردستان لە بودجەی عێراق جێبەجێکراون وەک دەستکەوتی حیزبیو پەلاماردانی خەلکی ئاهەنگگێڕ بە چەقۆو چەقۆ وەشاندن لە لایەنگرانی گۆڕانو هەڕەشەکردن لە خەلک بۆ بەکرێنەدانی بیناو بالەخانە بە لیستەکانی دیکەو چەندانی دیکە).

ئەمانە خۆسەپاندن، بەکاربردنی مولکی گشتی، پۆستی حکومی، پێشێلکردنی یاساکانی کۆمسیۆن، ئاژاوەنانەوە، تێکدانی کەشی هەلبژاردنو خروقاتی زەقن یان ئاهەنگی خەلکی خۆشحال بەو دەرفەتی گۆڕینو گۆڕانە، لە شەقامو لەناو ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان؟

## نا بۆ نانبڕین... نا بۆ کڕینی ویژدان... نا بۆ تالانکردنی ولات

## ئاگاداریەک بۆ هاوڵاتیان

بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانو بڵاوکراوەکەمان، داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە لەماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، هەر هەواڵێک یان ڕوداوێکیان بینی، لەجۆری خروقاتی هەر لیستێک بەرامبەر لیستێکی دیکە یان هەرمەسەلەیەک کە بچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیوەندی بەم ئەدرەسانەوە بکەن (٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ یان ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩) یان ئیمەیلی (p.goran@ymail.com)

## نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکدا سەبارەت بە پاراستنی هێمنیو ئاسایشی هەڵبژاردن:

# داواتان لێدەکەم لە پرۆسەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەهەموو تواناتانەوە پەیڕەوی یاسا بکەنو هەوڵبدەن کە پرۆسەکە بە هێمنی تێبپەڕێت

لەپەیامێکیدا بۆ هاونیشتمانانی خۆشەویستو دۆستانو لایەنگرانو پشتیوانانی لیستی گۆڕان، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان داوایان لێدەکات هەولبدەن هەلمەتی بانگەشەی هەلبژاردن بەهێمنی تێپەڕێتو کۆنترۆلی خۆیان بکەن لەکاتی ئیستفزازکردنیانو هەر پێشێلکارییەکو تەعەدایەکیش کە دەکرێت بەرامبەریان بەرێگەی قانونی دیفاع لەخۆیان بکەن.

**ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:**

هاونیشتمانانی خۆشەویست..

دۆستانو لایەنگرانو پشتیوانانی لیستی گۆڕان..

دەمەوێت لەم دوانگەیەوە ئەمڕۆ پەیامێکتان ئاڕاستە بکەم سەبارەت بە پاراستنی هێمنیو ئاسایش لە پرۆسەی دەنگداندا.

وەکو خۆتان دەزانن ئێمە هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی کۆمەڵێکی نوێ بنیات بنێین. کۆمەڵێکی دیموکراتی، کۆمەڵێکی کراوە، کۆمەڵێک کە موعارەزە قبوڵ بکات، کۆمەڵێک کە بیروباوەڕی جیاواز لە یەکتری قبوڵ بکەن. کۆمەڵێک کە ڕەنگی جیاواز، دەنگی جیاواز، بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازی تیابێت. لەبەرئەوە داواتان لێدەکەم کە لەم پرۆسەی هەلبژاردنەدا، لە پرۆسەی هەلمەتی بانگەشەی هەلبژاردندا بەهەموو تواناتانەوە پەیڕەوی یاسا بکەن. پەیڕەوی ڕێنماییەکانی ئاسایش بکەن. پەیڕەوی ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆکردن بکەن. هەولبدەن کە پرۆسەکە بە هێمنیو بە ئاسایش تێبپەڕێت.

بەنسبەت بنکەی گەڕەکەکانەوە داواتان لێدەکەم کە ڕۆژانە لەدوای سەعات دەوە هەولبدەن موکەبەرەو تەسجیلو ڕادیۆ بەدەنگی بەرز نەکەنەوە یاخود بەتەواوی دایبخەن بۆ ئەوەی دراوسێکانتان بەهیچ جۆرێک نەخەنە نارەحەتییەوە.

نیوەڕۆیان خەلک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان بەتایبەتی لەم کاتە گەرمەدا بۆئەوەی ئیسراحەت بکات. داواتان لێدەکەم هەتا دەوروبەری سەعات چوار ئەو دامودەزگایانەی کە دەتوانن بانگەشەی لێوە بکەن بە بێدەنگی کاری پێبکەن، بۆئەوەی خەلک بتوانێت ئیسراحەت بکات.

ئێمە دەبێت هەولبدەین کۆمەلێکمان هەبێت، ئەم کۆمەلە یەکتری قبولّ بکات سەرەڕای جیاوازییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا. ئەوانەی کە تەعەداتان لێدەکەن. ئەوانەی کەدەستدرێژی دەکەنە سەر ئێوە هەولبدەن بەڕێگەی قانونی دیفاع لە خۆتان بکەنو دەستدرێژییەکانیان ڕەتبکەنەوە، داواتان لێدەکەم کە کاردانەوەی شەخسیتان نەبێت. داواتان لێدەکەم کە ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ بەڕێکوپێکی جێبەجێبکەن، لەهەمانکاتدا داوا لە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کە پێویستە بێلایەنی خۆیان لەم پرۆسەیەدا رابگرنو ئەگەر بێلایەنی خۆیان ڕانەگرن مەعنای وایە متمانەی میلەتەکەمان لەدەستدەدەن.

لە کۆتاییدا داواتان لێدەکەم کە هەولبدەن بەوپەڕی هێمنییەوە، بەوپەڕی دیموکراتییەوە، بەوپەڕی عەقلێکی کراوەو سنگێکی کراوەوە ئیحترامی لایەنەکانی دیکە بگرن، بەهیچ جۆرێک لەلایەن ئێوەوە دەستدرێژیکردنو ئیستفزازکردن ڕوو نەدات.

ئومێدموایە کە بتوانن زەبتی عەسابی خۆتان بکەن، بە عەسابی ساردەوە معامەلە لەگەڵ هەموو پێشێلکارییەکدا بکەن کە لەلایەن لایەنەکانی دیکەوە دەکرێت. ئەو پێشێلکارییانە بە عەسابی ساردەوە وەربگرن.

لەکۆتاییدا جارێکی تر داواتان لێدەکەم کە پرۆسەی هێمنی ڕابگرن. ئومێدموایە پشتیوان بەخوا ئەمجارە سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنین.



## (٤٢) کەسایەتیی سیاسیو ئەکادیمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# لیستی گۆڕان ڕەوتی بە دیموکراتیکردنی نەتەوەیەکە

**تایبەت بە بەرەو گۆڕان**

لە بەیاننامەیەکدا کە لە لایەن (٤٢) کەسایەتیی سیاسیو ئەکادیمی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، پشتگیریی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕیوەو داوا لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەن کە دەنگی خۆیان نەفرۆشنو دەنگ بدەنە ئەو لیستەی کە خوازیاری ئالوگۆڕی پێویستە، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە لیستی گۆڕان ڕەوتی بە دیموکراتیکردنی نەتەوەیەکە، نەک لیستی نەوشیروان.

**دەقی بەیاننامەکە:**

سەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ بە دیموکراتیتر کردنی کوردستانێکی بەختەوەر!

ئێمە پێمانوایە بەشداریی هەلسوڕاوانە لە هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا زۆر گرنگەو شارۆمەندانی باشووری کوردستان دەبێت زۆر وشیار بنو پرۆگرامی حیزبو دەستەکان بخوێننەوەو دەنگی خۆیان نەفرۆشنو دەنگ بدەنە ئەو لیستەی کە خوازیاری ئالوگۆڕی پێویستە.

ئێمە پشتیوانیی خۆمان بۆ لیستی گۆڕان دەردەبڕینو ئەو پشتیوانییەش بە ئەرکی هەموو ئەو شارۆمەندانە دەزانین کە چاوەڕوانی ئالوگۆڕن.

هۆیەکانی پشتیوانیی ئێمە لە لیستی گۆڕان ئەمانەن:

ئەلف: کورد لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە باشووری کوردستان بۆ یەکەمجار بوو بەخاوەنی پەرلەمانو دەولەتو لەشکری خۆی. وەک هەموو وڵاتانی خاوەن پەرلەمان، ڕەوتی بە دیموکراتیکردن، ڕەوتێکی درێژخایەنەو شارۆمەندانی دلسۆزو نیشتمانپەروەر دەتوانن ڕەوتەکە خێراتر بکەن.

ب: لیستی گۆڕان کە ناسراوە بەلیستی نەوشیروان، ڕەوتی بە دیموکراتیکردنی نەتەوەیەکە نەک لیستی تاقەکەسێک. ئەو ڕەوتە ئەمساڵ( ٢٠٠٩) ڕاشکاوانە لە هەلبژاردنەکاندا بەشداریدەکاتو خاوەنی پرۆگرام (پەیامی سبەی) ولیستی پاڵێوراوی خۆیەتی.

ت : ئەگەر لیستی گۆڕان بە دەنگێکی زۆرەوە بچنە پەرلەمان، دەستییان ئاوەڵاتر دەبێت بۆ بە دیموکراتیکردنی کوردستانو پێشگرتن بە گەندەلیو دامەزراندنی بناغەی وڵاتێکی ڕوو لە گەشەکردن.

ج: ئێمە پێمانوایە قانونی بنەڕەتیی کوردستان پێویستی بەئالوگۆڕێکی بنەڕەتی هەیە. هەربۆیەشە(پەیامی سبەی) مان پێ گونجاوترو ڕیفۆرمخوازانەیە.

http://www.sbeiy.com/ku/About.aspx

چ: گۆڕان لە باشووری کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستانو هەروەها چرای ئومێد بە داهاتوو لە دلی هەموو کوردێکدا شۆقدارتر دەکات .

ح: پشتیوانی لە لیستی گۆڕان کۆکردنەوەی هێزە بۆ دابینکردنی خاڵەکانی (پەیامی سبەی) یان بە زمانێکی دیکە بۆ بە دیموکراتیتر کردنی دەستەڵات لە کوردستاندا. شارۆمەندانی کوردستان چاوەڕوانی ئاکامی چالاکییەکانی لیستی گۆڕان دوای هەلبژاردنەکە دەبنو تا ئەو جێگایە لەو لیستە پشتیوانی دەکەن کە لیستی گۆڕان بەردەوامو کاریگەر بێت لە پێکهێنانی ئالوگۆڕ لە کوردستاندا.

**ناوەکان:**

١-جەمال خالیدیان
٢-سەلیم بابانزادە
٣-حامید ئەنساری
٤-د.موعتەسەم تاتایی
٥-جەلال زەندپوور
٦-رابێ فەتحی
٧-حسێن کوردنەژاد
٨- سەعید ڕەشیدی
٩-خەلیل غەزەلی
١٠-د. جەعفەر حەسەنپوور
١١- فەڕوخ کاوە
١٢-گولنار قوبادی
١٣-حسێن مەکتووبی
١٤-عەلا موفاخری
١٥-فەروخ فەتحی
١٦-ئەسعەد ئەحمەدزادە
١٧-ساڵح میری
١٨-ڕەحمان جەوانمەردی
١٩- جەمیل ئەسەدی
٢٠-تاهیر خالیدی
٢١- کامبیز قوبادی
٢٢-ڕەزا گورگین
٢٣-نەبی مەکتووبی
٢٤-فەریدوون دانشوەر
٢٥-سەعید ئاقایی
٢٦-شەهلا زەندپوور
٢٧-هۆشەنگ خەتمی
٢٨ -پرۆفیسۆر ئەلماس حیشمەتی
٢٩-تەلعەت خالیدی
٣٠-حامید مائیلی
٣١-کەمال ئەمجەدی
٣٢-ڕەزا حوجەت
٣٣-نەعمەت باغەبان
٣٤- شەهێن شەهلایی
٣٥-عەتا بەرازەندە
٣٦-سوعدا ئاقازادە
٣٧-ڕەزا شەهابی
٣٨-ئازاد سەلواتی
٣٩-بیەروز قوبادی
٤٠-ئەشرەف فاتمی
٤١-پەری ئوسولی
٤٢-شارام حاتەمی

## کۆمیتەی پشتگیریی لیستی گۆڕان

# لە شاری کۆلن-ی ئەڵمانیا خۆی ڕاگەیاند

ئێمە وەک ژمارەیەک کوردی تاراوگەنشین لە شاری (کۆلن)ی ئەڵمانیا، لە روانگەی هەستی بەرپرسیارێتیو خەمخۆریمان بۆ ئێستاو داهاتووی نەتەوەو نیشتیمانەکەمان؛ وەک ناڕەزایی لە هەژدەساڵ نادادپەروەرییو گەندەڵییو دەسەڵاتی پارتسالاریی؛ ناڕەزایی لە کارنەکردنی دەسەڵاتی هەرێم بۆ سەرپێخستنی دێمۆکراسییو بەرقەرارکردنی یاساو سیستمی رامیاریی تەندروست؛ ناڕەزایی لە مەرامی دەسەڵاتداران بۆ بەلاڕێدابردنی سیستمی پارلەمانییو بەرقەرارکردنی سیستمێکی سەرۆکایەتی دەسەڵاترەها؛ناڕەزایی لەو پەیوەندیە ژێر بەژێرانەی لای گەلی کورد ڕۆشن نین وشاراوەن لای خەڵک و حوکومەت وە ئایندەی هەرێمی کوردستان لەڕووی ڕامیاری وئابوریەوە دەخەنە ژێر پرسیارو مەترسیەوە؛ ناڕەزایی لە هەوڵنەدان بۆ باشکردنی باری ژیانی کۆمەڵانی خەڵکو دزینو بەفیڕۆدانی سامانی وڵات؛ ناڕەزایی لە نەگەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان؛ ناڕەزایی لە تێپەڕاندنی دەستوور لەلایەن پارلەمانێکی نایاساییو وادەبەسەرچووە .

لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری (کۆلن)، بەرواری (٢٠٠٩/٠٦/٢٧)، (کۆمیتەی پشتگیریی لیستی گۆڕان لە شاری کۆلن-ی ئەڵمانیا)مان ڕاگەیاند.

بەمەبەستی هاودەنگیی لەگەڵ دڵسۆزانی گەلەکەمانو هۆشیارکردنەوەی زیاتری خەڵک وئاگادارکردنەوەی ناوەندە ئەڵمانی و بیانیەکان لەسەر کارو بەرنامەی لیستەکە، هەروەها ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر لە شاری (کۆلن) کار دەکەین بۆ سەرخستنی (لیستی گۆڕان).

لە چوارچێوەی (گروپی کاری هاوبەش بۆ پشتگیریی لیستی گۆڕان)، هەماهەنگ لەگەڵ تێکڕای (کۆمەڵەو کۆمیتەو دەستەو ناوەکانی تر) کە بۆ هەمان مەبەستو پرینسیپو هیوا خۆیان ڕاگەیاندووە، ئامادەی هەموو چالاکییەکی شارستانیيانەو دێمۆکراسییانەین لە پێناوی سەرخستنی لیستی گەل، لیستی گۆڕان.

بەرقەراربێت: دێمۆکراسیی، دەوڵەتی یاسا، مافی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

کۆمیتەی پشتگیریی لیستی گۆڕان لە شاری کۆلن-ی ئەڵمانیا

بۆ پەیوەندییو هاوکاریی کۆمیتە:

ئیمایل :
goran_koeln@yahoo.de

تەلەفۆنەکان :
٠١٧٦٦١٧٣٦٤٠٩
٠١٧٩٩٦٠٩٦٧٢
٠١٧٦٧٨٠١٣٥١٤
٠١٧٨٨٢٢٨٥٥٩

**ئەی ئەو کەسەی بێزارو توڕەیت، ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە بێزارییو توڕەیی بکەیتە دەنگ**

## محەمەد تۆفیق ڕەحیم، کاندیدی لیستی گۆڕان:

# هەڵبژاردن دەبەینەوە

سازدانی:
هێمن لهۆنی- بەرهەم عومەر

لەگەڵ ئەوەی بنکەی سەرەکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی جمەی دەهات لە خەڵکیو کاندیدەکانو سەرکردەکانی ئەم لیستە لە پێشوازی خەڵکیدابوون، پاشکۆی بەرەو گۆڕان لە دەرفەتێکدا محەمەد تۆفیق ڕەحیم، کاندیدی لیستی گۆڕانی دواند. ئەو وەک ئەو هەزارەها خەڵکەی کەرنەڤاڵەکانی شەوانی پاڵپشتی لیستی گۆڕان گەشبینەو لەهەمان کاتدا داوا لە دەسەڵاتی ئێستای کوردی دەکات کە بیر لە ساختەکاریی نەکاتەوە.



## ئێمە پشتمان بە خواو میللەت بەستووەو هیوادارم خەڵکی بەدەنگ لیستەکەمانەوە بێنو پشگیریمان لێبکەن

**بەرەو گۆڕان: با سەرەتا لە کەرنەڤاڵەکانی شەوانی سلێمانییەوە دەستپێبکەین بۆ لیستی گۆڕان، ئایا ئێوە چاوەڕێی ئەو بەدەنگەوەهاتنە زۆرەی جەماوەرتان دەکرد؟**

– ئەوەی دەبینین لە کەرنەڤاڵەکانی شەوان خەڵکی خۆیان دەیکەن، ئێمە کەسمان هانەداوەو تەداخولمان تێدانەکردووە، بەڵام خەڵکی بە تایبەتی گەنجان ئێواران دێنە دەرەوەو دەستدەکەن، بەئاهەنگو خۆپیشاندان بەشێوەیەک ئێمەپێشبینی ئەوهاتنە دەرەوەو حەماسیەتە زۆرەی گەنجانمان نەدەکرد.

**بەرەو گۆڕان: ئەی لە شوێنەکانی دیکە جەماوەری گۆڕان چۆنە؟**

– بێگومان هەرشوێنێکو سروشتی خۆی هەیە، بەڵام لە هەولێرو شوێنەکانی دیکەو دهۆکیش جەماوەر بە گەرمی هاتوونەتە پێشو لە پێشبینی ئێمە زیاترو باشتر بووە.

**بەرەو گۆڕان: باس لەوە دەکرێت خەڵکێکی زۆر خۆبەخشانە هاتوونەتە نێو ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەوە بە بەخشینی ماڵو سامان، ئەگەر بکرێت زانیاری زیاترمان بدەیتێ؟**

– ئەوی دەیبینیت لە ئاڵاو وێنەو جلو بەرگو بنکەکانی لیستی گۆڕان هەمووی لەلایەن جەماوەری گۆڕانەوە بەشێوەی خۆبەخش دراوەو خەرجیەکی زۆر زۆرکەم لەسەر ئێمە کەوتووە.

**بەرەو گۆڕان: لە کاردانەوەی ئەو کەرنەڤاڵانەی گۆڕان ئایا کاردانەوەی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش چۆن دەبینن؟**

– تائێستا هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش لەسەرتاسەری کوردستان بەشێوەیەکی باش جووڵاونەتەوەو کارێکی باش دەکەن، بەڵام بە پچڕپچڕ شت ڕوودەدات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باشە.

**بەرەو گۆڕان: ئێستا هەندێک کەس ئێوە تۆمەتباردەکەن بە شەڕە پەڕۆ؟**

– ئێمە بەکەسمان نەوتووە شەڕ پەڕۆ بکەنو کەسیشمان هاننەداوە. ئەوەی دەیبینین حەماسیەتی خەڵکییو پاڵپشتییانە بۆ لیستەکەمان.

**بەرەو گۆڕان: لە سەروبەندی کامپەینی هەڵبژاردن هەندێک لە هێزە ڕکابەرەکان باس لەوە دەکەن کە وشەی گۆڕان وشەیەکی قورسی شۆڕشگێڕانەیەو کوردستان ئێستا پێویستی بە چاکسازییە، نەک گۆڕان تۆ وەڵامت چییە بۆ ئەوقسانە؟**

– باشە بۆ ئۆباما گۆڕان بکات بەدروشم بۆ وڵاتێکی گەورەی دیموکراتی دامەزراوەی ئەمریکا قورس نەبێت، بەڵام ئەم دروشمە بۆ دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان قورسبێت؟ ئەگەر ئەمریکا پێویستی بە گۆڕان بێت ئەوا ئێمە سەد جار پێویستمان بە گۆڕانە. ئێمە باوەڕمانوایە ئەو دروشمە هیچ قورسو شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکو کارێکی پێویستی مەدەنیانەیە.

**بەرەو گۆڕان: ئایا ئێوە بێئومێدبوون لە چاکسازیی بۆیە گۆڕانتان کرد بە ئەولەویەت یان شتی دیکە؟**

– گۆڕان لە چاکسازیی فراوانترە. ئێمە پێمانوایە سیستمی سیاسی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ریشەیی هەیە. گۆڕانکارییەک کە پەرلەمانێکی ئەکتیڤو دادگایەکی سەربەخۆو حکومەتێکی شەفافو کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو میدیای ئازادی لێبکەوێتەوە، چونکە ئەم پێنج شتە کۆڵەکەی بەڕێوبردنی سیستمێکی تەندروستو دیموکراتن.

**بەرەو گۆڕان: ئێستا گومانێک هەیەو دەنگۆ بڵاودەکرێتەوە کە دوای هەڵبژاردن ئێوە دەڕۆنەوە ناو لیستی کوردستانیو دروستکردنی ئەم لیستە جیاوازە بۆ ڕاکێشانی دەنگی ناڕازییە لە کەسانی دیکە؟**

– ئەوە تەنیا شائعەیەو ئەسڵو ئەساسی نییە.

**بەرەو گۆڕان: سەرۆکی لیستی گۆڕان بە ئەندازیاری داستانەکانی شاخو ڕاپەڕین ناسراوە، بەڵام ئێوە وازتان لە گوتاری ڕابردوو هێناوە، ئەمە لەچیەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

– ئێمە باسی ئێستا دەکەین، ئێمە دەمانەوێت بڵێین چیتان بۆ دەکەین لە ئێستادا، نەک چیمان کرد لە ڕابردوودا یان دوانزە ساڵی دیکە چی دەکەین. ئێمە ئێستامان بەلاوە گرنگە کە دەبێت چی بکرێت بۆ ئەم میللەتە. خەڵک کە داوای گۆڕان دەکات مەبەستی گۆڕانی ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستانەو هیچ پێویست ناکات باس لە ڕابردوو بکەین.

**بەرەو گۆڕان: لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ئایا مەترسی ساختەکاریی هەیە؟**

– پێموایە دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردی ئەگەر پەنا بەرێتە بەر تەزویر ئەوا ئابڕوی هەرێمی کوردستان دەبات. بۆیە هیوادارم بیر لە تەزویرکردن نەکەنەوە، چونکە دنیا

## ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی پەنابەرێتە بەرساختەکاری ئەوا ئابڕوی هەرێم دەبات

چاوی لەسەرمانە بۆ ئەوەی بزانن ئەم پرۆسەیە چۆن بەڕێوە دەچێت. ئەگەر هیچ نەبێت لەوەی بەغدا باشتر نەبێت نابێت خراپتر بێت.

**بەرەو گۆڕان: ئێوە پێتانوایە لە هەرێمی کوردستان هیچ نەکرابێت لەلایەن دەسەڵاتی یەکێتیو پارتییەوە؟**

– ئێمە دەڵێین دەتوانرا بیست قات لەوەی ئێستا بکرایە، هەروەها زۆرێک لەو پرۆژانەی کە ئەنجامدراون هیچ جەدوایەکی ئابووری نییەو هەندێکیان لەبەر بێبەرنامەیی پارەیەکی زۆری تێچووەو زۆربەشیان لە ڕووی کوالیتیەوە خراپن. پرۆژە کراوە کە دەتوانرا بە پارەی ئەو پرۆژەیە سی پرۆژەی باشی پێ ئەنجام بدرایە، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵیو ناشەفافبوونی ئەم دەسەڵاتە.

**بەرەو گۆڕان: بۆ دوای هەڵبژاردن بەرنامەتان چییە، بەشداری حکومەت دەکەن؟**

– لەوانەیە خۆمان حکومەت دروست بکەین.

**بەرەو گۆڕان: هەندێک بەرپرس باس لەوە دەکەن، کە لە یەک کۆڵانیش یەکەم نابن؟**

– هەرکەس ئازادە پێشبینی بکاتو ئەوەیواش دەڵێت بۆچوونی خۆیەتیو ئازادە.

**بەرەو گۆڕان: شەوی ڕابردوو گەنجەکانی سلێمانی هاواریان دەکرد «بەوخوایەی بەحەواوە دەسەڵات یەک مانگی ماوە» تۆ وەک ئەوان گەشبینیت؟**

– خەڵک ئازادە چ دروشمێک دروست دەکات یان دەیڵێتەوەو منیش بەش بەحاڵی خۆم گەشبینم.

**بەرەو گۆڕان: پەیامت بۆ گۆڕانخوازان؟**

– داوام وایە هەموومان بەشدارییەکی گەرم بکەین لە کامپەینو پرۆسەی هەڵبژاردندا. ئێمە پشتمان بە خواو میللەت بەستووەو هیوادارم خەڵکی بەدەنگ لیستەکەمانەوە بێنو پشگیرمان لێبکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەلایەنگرانو هەوادارانی گۆڕانخواز ئەوەیە کە بە شێوەیەکی هێمنانەو مۆدێرنانە پاڵپشتی خۆیان بۆ لستی گۆڕان دووپات بکەنەوە. هەروەها خۆیان لە قسەی تەشهیرو ناشرین بە دوور بگرن، چونکە بەرژەوەندی لیستی گۆڕان لەوەدانییە.

---

(٥٧)

## گۆڕان بۆ؟

-٤-



**نەژاد جەلال**

هەرچۆن هەرێمێک کە دەسەڵاتەکەی هەموو مەرامێکی بۆ پاراستنی دەسکەوتە شەخسییەکانی خۆیەتی، هەموو پلانێکیشی بۆ پیرۆزکردنی کەسو حیزبە، هەوڵەکانیشی سەراپا بۆ گێلکردنی عەقڵەکانە، ئاواش هێزی گۆڕان دەبێت بێتە کایەوە بۆ سرینەوەی هەمو ئەو هێڵە ڕەشانەی کە ئەوان دەیانەوێت لە مێژوی گەلەکەماندا تۆماری کەن.

زۆریاندا لەو بەڵێنانەی کە خەڵک چاوەڕێیەتی، بەڵام ئەزمونی دەسەڵاتەکەی ئەوان سەلماندی کە تاکە ئامانجیان مانەوەی خۆیانە لەسەر کورسییەکان، ئەمەش بیرکردنەوەی سیستمە شمولییەکانە، ئەوان خەڵک بە مێگەلێکی کاسکراو ئەبینن، لە خەیاڵێکدا بوون کە هیچ هێزێک نییە لەسەروخۆیانەوە، بەڵام جاری گۆڕان کاسی کردن، گۆڕان پێیوتن کە گەل کۆیلە ناکرێت، چونکە دنیاو بیری ئەمڕۆ قبوڵی ستەمو چەواشەکاریی ناکات، لە ئەمرۆدا گەل حوکمرانەو ناکرێتە مێگەل.

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەوە تا ئێستا کە کاتی بانگەشەیە، دەسەڵاتی کوردی کۆمەڵێک کردەوەی نواندوە، هەرچۆن شەرمە، ئاواش بروانەبوونی ئەوان بە دیموکراسی دەسەلمێنێت، ئەو کۆبوونەوانەی کە لە فەرماندەییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە کردویانە، ئەو هەڕەشەو ترساندنانەی بەرامبەر ئەوان کردوتانە، خۆی لەخۆیدا نەبوونی مۆراڵ دەسەلمێنێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی لە هەندێک داودەزگای سەربەحکومەتدا هەمان کردەی نەشیاوکراوە، جگە لەوەش کە بودجەی حکومەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێنن، ....هتد، پێویستی گۆڕان ئالەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کەسانێک حوکمرانن باوەڕیان بە دۆڕانو دەساودەستکردنی دەسەڵات نییە.

ئێوە کە بڕواتان وایە دەبێت لە کورسیەوە بخرێنە ناو تابوت، ئێمەش کە بڕوامان وایە دەبێت ئێوە بێعاجزیی ماڵئاوایی بکەن لەو کورسییەی کە بەمیراتی دەزانن، چونکە گەورەترین هەلتان پێدرا سەرکەوتوو نەبوون، لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژویدان، لێگەڕێن با گەل بریار لە باشیو خراپی هەردوولا بدات، دلنیابن لەوەی ئەگەر ئەمڕۆش بە ئامرازە ناشەرعییەکانتان بتانەوێت سەرکەوتنی ڕەش تۆماربکەن، سبەی گۆڕان ڕووئەدات، ئەگەر هەر سوربن لەسەر ڕێگریی گۆڕان، ئەوا هیزی گەل خەفە ناکرێت، هەرگیز ئێوەش لە تاغوتەکان گەورەتر نین.

پێدەچێت ئێوە بڕیارتان دابێت هەرگیز گوێ بۆ زمانە ڕاستگۆکان نەگرن، ئەگەرنا چەند ساڵە ڕۆشنبیرو نوسەرانی ئەم هەرێمە پڕ بەدەم هاوار ئەکەن هەڵەتانکرد، وامەکەن، واناکرێت، ئەوەی دەیکەن لەزیانی هەمومانە... هتد، بەڵام ئێوە هەر لەبیری لاڵکردنی زمانە حەق بێژەکان بوون، ئەگەر ئەو ڕۆژانەی ئەسپی ئارەزو میزاجتان لێتاودابوو، گوێتان بۆ ڕاستییەکان بگرتایە، بروابکەن ئێستا لە شەقامەکاندا گوڵبارن دەکران، نەک... ئالێرەوە گۆڕان بووە خواستی مافخوراوەکان.

## ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران:

# پێویستە ئەمجارە دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەین، چونکە (١٨) ساڵە ئێمە شانس بە یەکێتیو پارتیو ئیسلامییەکان دەدەین



سازدانی
ڕێبین فەتاح

(١–٢)

**ڕۆژنامەنووس نەبەز گۆران باس لەوە دەکات کە کۆمەڵێک ئیجابیات لە لیستی گۆڕاندا هەیە، هەم لە پرۆژەکەیانو هەمیش لە کاندیدەکانیان، ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە دەڵێت: بە دەنگی بەرز بە گەنجەکان دەڵێم دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەگەر ئەو هێزەی داوای گۆڕان دەکات لەم هەڵبژاردنەدا شکست بهێنێت، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت تا دە ساڵی دیکەش هێزێکی دیکە لە بەرامبەر پارتیو یەکێتی دروست ببێت.**

**بەرەو گۆڕان: وەک ڕۆژنامەنووسێک، چۆن خوێندنەوەیەکتان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان هەیە کە بڕیارە لە (٧/٢٥)دا بکرێت؟**

**نەبەز گۆران:** کورد کۆمەڵێک وێستگەی هەیە، وێستگەی کەوتنو هەستانەوە، وێستگەی ئەنفالو هەڵەبجە، وێستگەی کەوتنی کوردان، دوای هەڵەبجەو ڕاپەڕین دێت، کە وێستگەی هەستانەوەیە، دواتر شەڕی ناوخۆ دێت کە وێستگەیەکی دیکەی کەوتنی کوردە، ئێستا وێستگەیەک هاتووەتە پێشەوە ناوی هەڵبژاردنە. جیاوازی هەڵبژاردنی داهاتوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەوەیە کە ئێستا لیستی دیکە هەیەو دەتوانن بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاراستەی دەسەڵاتو سیاسەت لە کوردستان بە گشتی بگۆڕن، چونکە ئەدایەکی دیکەیان هەیە، ئاوازی تریان هەیە لە ئاوازی پارتیو یەکێتی ناچێت. کە ئەم جۆرە لیستانە دروست بوون، دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین لەم هەڵبژاردنەدا جۆرێکی دیکە لە سیستمی بەڕێوەبردن لە وڵاتدا بێتە کایەوە، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەنگی باش بهێننو هاوکات ئەگەر خەڵک بەو مانایەی کە دەڵێن نارازینو پێیانوایە ئەو سیستمی (١٨) ساڵە کە پارتیو یەکێتیو ئیسلامییەکان حوکمیان کردووە سیستمێکی خراپ بووەو ناعەدالەتیو گەندەڵی تێدا دەرکەوتووە، دەکرێت دەنگ بە لیستەکانی دیکە بدەن بۆ ئەوەی ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت، ئەمە ئەگەر خەڵک بە قەناعەتەوە باوەڕیان بە گۆڕان هەیە. ئەگەریش تەنیا توڕەبوونێکی کاتییەو دوای کەمێکی دیکە دەچنەوە سەر ئاوازە کۆنەکەی خۆیان دەبێت چاوەڕوانبن تا چوار ساڵی دیکە شتەکان وەک خۆیان بەڕێوەبچنو هیچ کاتێکیش چاوەڕوانی ئەوە نەبین کە پەرلەمانێکی ئەکتیڤمان هەبێت، ئەگەر خەڵک بە قەناعەتی خۆیەوە دەنگ بە لیستەکانی دیکە بدات دەکرێت بڵێین پەرلەمانی داهاتوو پەرلەمانێکی جیاوازەو ئەم هەڵبژاردنەیش جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی دیکە.

**بەرەو گۆڕان: تۆ وەک خۆت پێتوایە خەڵک توڕەبوونێکی کاتی هەیە یان لە ناوەوەدا بە دوای گۆڕاندا دەگەڕێتو دەیەوێت گۆڕانکاریی بکرێت؟**

**نەبەز گۆران:** شتێک هەیە دەبێت زۆر بە ڕوونی باسی بکەین، توڕەبوونەکان زۆر شەخسین، لەسەر بنەمای گشتی نیین، لەگەڵ هەر تاکێکی کورددا قسە دەکەی، تێدەگەی کە توڕەیە لەبەر ئەوەی خۆی هیچی پێنەگەیشتووە یان هیچی دەستنەکەوتووەو بەشدارنییە لەو خۆشگوزەرانییەی کە بۆ کۆمەڵێک خەڵک دروست بووە. توڕە نییە لەوەی کە داوا بکات هەموو خەڵک بە خۆشگوزەرانی بژیەتو سیستمی فەرمانڕەوایی سیستمێکی دادپەروەرانە بێتو گەندەڵی نەمێنێت، یان داوا بکات حکومەتێکی یاسایی دروست ببێت. لە بەرامبەردا نوخبەیەکی کەم لەناو کۆمەڵگەدا هەیە داوای ئەو جۆرە لە گۆڕان دەکات، نوخبەیەکە ناتوانرێت گشتگیری بکەی بۆ ئاستی هەموو کۆمەڵگە. ئەوەی دیکە توڕەبوونو داواکانیان لە ئاستێکی زۆر زۆر شەخسیدایە. ئێستا دەبێت ئەو ئاستە شەخسییە بگۆڕین بۆ ئاستێکی گشتیو کار بکەین ئەو ئاستە بەرەو شوێنێکی خراپ نەچێت یان بۆ ئەوە دەنگ بە لیستێکی دیکە نەدات کە خۆی ببێتە یەکێک لەو کارەکتەرانەی بەشدار بێت لەو فەزا گەندەڵییەی کە هەیە یان خۆی سوود وەرگرێت. دەبێت ئێمە ئیش بکەین بۆ ئەوەی سیستمێک بێتە ئاراوە کە ئینسانەکان تێیدا بەشدار بن، ئەمەش کاری ڕۆژێکو دوو ڕۆژ نییە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دووفاقییە، لە لەحزەیەکدا لەگەڵتایەو لە لەحزەیەکدا جێت دەهێڵێت، ناتوانیت بە تەواوەتی قەناعەتی خۆت بخەیتە سەریو بڵێیت من تەواو ئیتر متمانەیەکی تەواوم بەو کۆمەڵگەیە هەیەو بە تەواوی لەگەڵ مندایە. بەڵام ئەگەر هەبێت ئەو کۆمەڵگە ئیحساسییە ئاراستە بکات بەرەو عەقڵو مەنتق پێموایە هەندێک گۆڕانکاری دروست دەبێتو جۆرێک لە یەک بڕیاری لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست دەبێت. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو توڕەبوونە باشە، کە کۆمەڵگە توڕە دەبێت مانای ئەوەیە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات زۆر خراپە، دەبێت ئەمە ئاراستە بکرێت، چۆن ئاراستە دەکرێت، ئەمە دەکەوێتە سەر لیستەکان.

**بەرەو گۆڕان: تۆ چاوەڕوانی ئەوەت هەیە هیچ کام لە لیستەکان بتوانن ئاراستەی ئەو توڕەبوونە بکەن؟**

**نەبەز گۆران:** پرۆژەکانیان گرنگە. هەندێک لیستی باش هەیە لەناو لیستەکاندا، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بتوانن هەر هیچ نەبێت بومەلەرزەیەک بخەنە ناو پەرلەمانەوە، ئەو لیستانە بەتایبەتی لیستی گۆڕان کە توانی وا بکات یەکەم: ئەم هەڵبژاردنە جیاواز بێت لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، دووەم: وایکرد کە ئیسلامییەکان کپ ببنەوە، لەبری ئەوەی خەڵکی توڕە لە دژی پارتیو یەکێتی دەنگ بە ئیسلامییەکان بدات، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات، ئەمەش کارێکی باشە. سێیەم: وایکرد پارتیو یەکێتی تووشی شۆک بن، وەک ئەوەی لە کارەبا بدرێن. ئەو شۆکە ناچاریان دەکات وەک جاران بیر بکەنەوە. لیستی گۆڕان کۆمەڵێک خاڵی ئیجابی تێدایە، دەبێت سەیری ئەو خاڵە ئیجابیانە بکرێت، کە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی زۆر باشن. مۆدێلی سیاسەت لە کوردستان بەرەو شوێنێکی باش دەبات، پاشان ئیسلامییەکان کپدەکاتەوەو پارتیو یەکێتی تووشی شۆک دەکات، لە پاڵ ئەوانەشدا خەڵکی توڕە وا لێدەکات جارێکی دیکە بە حەماسەوە بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئیتر دەنگ بە کێ دەدەن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو خەڵکەی دەیویست لە ماڵەکەی خۆی نەیەتە دەرەوە، بە هۆی لیستی گۆڕانەوە ئێستا هاتووەتە دەرەوەو بەشداری هەڵبژاردن دەکات. هەموو ئەو خاڵە ئیجابیانە لە لیستی گۆڕاندا هەن. جگە لەوەی ژمارەیەک لە کاندیدەکانی لیستەکە، کارەکتەری باشن، ئەمەش وا دەکات دەنگێکی دیکە بچێتە ناو پەرلەمانەوە کە لە دەنگی پارتیو یەکێتی ناچێت. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەکەشیان کە وەک مانیڤێستی لیستەکەیە، پرۆژەیەکی تا بڵێی باشەو تێبینی زۆر باشیان لە شتەکان هەیەو چارەسەری باشیشیان هەیە، ئەگەر بتوانن پەیڕەوی بەرنامەکەیان بکەن. لە هەموو حاڵەتێکدا لیستی گۆڕان بە بەراورد بە لیستەکانی دیکە، باشترینیانە.

**بەرەو گۆڕان: تۆ وەک خۆت پاڵپشتی لیستی گۆڕان دەکەیت؟**

**نەبەز گۆران:** بەو مانایەی کە من لەگەڵ نەوشیروان مستەفابمو کاری لەگەڵ بکەم شتێکی وا نییە یان وەک ئەوەی من کار لەگەڵ لیستی گۆڕان بکەمو ئیشی بۆ بکەم دیسان شتێکی وا نییە، بەڵام پێمخۆشە بە دەنگێکی بەرز بڵێم با گەنجەکان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، بۆ ئەوەی شانسێک بدەین بەو لیستەو بزانین چی دەکات. ئەوە (١٨) ساڵە ئێمە شانس بە یەکێتیو پارتیو ئیسلامییەکان دەدەین، (١٨) ساڵە ئەوان کۆمەڵێک ئیشیان کرد، با چوار ساڵی دیکە شانس بە لیستێکی دیکە بدەینو بزانین ئەوان چی دەکەن، ئایا ئەو بەرنامەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، لە ڕووی کردەییەوە دەیانەوێت جیبەجێی بکەن، دەیانەوێت گەندەڵی بنەبڕ بکەن، دەیانەوێت حورمەت بۆ یاسا بگەڕێتەوە، دەیانەوێت یەکسانیو دادپەروەری هەبێت، با بزانین چی دەکەن. ئەو ڕیفۆرمەی ئەوان باسی دەکەنو ئەو بیرکردنەوەیەی کە لە پشت لیستەکەیاندایەو ناوی گۆڕانە، ئەمە بۆ کوردستان زۆر پێویستە، نەک کوردستان بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتیش پێویستە. ئەگەر ئەمە پرۆژەی ئەوان بێت، با شانسێکیان پێبدەینو بزانین لەو ماوەیەدا چی دەکەن لە هەرێمی کوردستانداو چۆن لە پەرلەمان داکۆکی لە پرۆژەکەیان دەکەنو چۆن ڕێگری لەو هەموو گەندەڵییە دەکەن کە لەناو حکومەتو پەرلەمانو شوێنەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە پەخش دەکرێت بەناو کۆمەڵگەی کوردیدا. وەک خۆم ئیمانێکی زۆرم بە ژمارەیەک لەو کارەکتەرانە هەیە کە کاندیدی لیستی گۆڕانن. بۆ نموونە د.شاهۆ سەعید یەکێکە لەو کارەکتەرانەی لە هەر شوێنێک بێت ئەگەر خەڵک دەنگی بۆ بدات زەرەر ناکات، لەبەر ئەوەی د.شاهۆ سەعید گەنجێکی ڕۆشنبیرەو ئەوەندە پاکە تۆ ناتوانیت ڕەتی بکەیتەوە. خەڵکێکی وەک عەدنان عوسمان کاندیدی لیستەکەیە، بە وێنەی شاهۆ گەنجێکی ڕۆشنبیرو جدییەو ترست لەوە نییە ئەگەر بچێتە پەرلەمانەوە دەنگی کپ بکرێتەوە، یان ئەگەر بچێتەوە پەرلەمانەوە بەشدار دەبێت لەو گەندەڵییەی لە کوردستاندا هەیە. هەندێک خەڵک لەناو ئەو لیستەدا هەیە کە شایانی ئەوەن تەقدریان بگریت، ترست لەوە نییە ئەگەر لە هەر شوێنێک بن بەرگریت لێدەکەنو بەشداریش نابن لەو گەندەڵییەی لە کوردستاندا هەیە. بە تایبەت کە ترسناکترین شتی پەرلەمان ئەوەیە کە سەیر دەکەی لە پەرلەمانی ڕابردوو کە ئێستا ئێکسپاربووەو ماوەکەی بەسەرچووە، هەندێک کارەکتەری تێدابوو پێش ئەوەی بچنە ناو پەرلەمان خەڵکی زۆر باشو زۆر مەعقول بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسەر لیستی پارتیو یەکێتی بوونو سروشتی ئەو لیستەش ئەوەیە کە هەر کەسێک بچێتە ناوی دەبێت بێدەنگ بێتو قسە نەکات، دەبێت کۆتایی بە هەموو جموجوڵەکانی خۆی بهێنێتو لەسەر ئەو ڕێگایە هەنگاو بنێت کە پارتیو یەکێتی قبوڵیانە، واتە کە چوونە ناو پەرلەمانەوە مردن. خەتەری گەورەی لیستی پارتیو یەکێتی ئەوەیە، کە ئەگەر تۆ زۆر زۆر بەهێزو پاکیش بیت، کە چوویتە ناو لیستی پارتیو یەکێتییەوە تووش دەبیت بەو هەموو گەندەڵییەوە کە هەیە، تووش دەبیت بە بێدەنگیو لەوە زیاتر چارەیەکت نییە. ئێستا خەڵکێک هەیە کە لەسەر لیستی پارتیو یەکێتی چووەتە پەرلەمان پێشتر وەک د.شاهۆ سەعیدو عەدنان عوسمان وا بوون، بەڵام کە لەسەر لیستی پارتیو یەکێتی چوونە ناو پەرلەمان تووشی ئەو پەتایە بوون، کە ئێستا بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بێنە دەرەوە، بە ڕادەیەک ئومێد دەکەن پەرلەمان زوو ماوەکەی تەواو بێت بۆ ئەوەی بێنە دەرەوەو هەر هیچ نەبێت کەمێک لە ڕووی مەعنەوییەوە دوور بکەونەوە لەو فەزایەی تێیکەوتوون. ئەمە خەتەری پارتیو یەکێتییە، بەڵام لیستی گۆڕان خەتەری نییە، چونکە لیستێکە دەیەوێت قسە بکات، لیستێکە دەیەوێت دەنگ بەرزبکاتەوەو فەزای پەرلەمان بگۆڕێت، مادام ئەو لیستە ئاوا بێت، دەبێت شانسی بدەیتێ بۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمانو ئەوفەزای بێدەنگییەی تووشی پەرلەمان بووە لەلایەن کۆمەڵێک کارەکتەری وەکو شاهۆو عەدنانەوە گۆڕانی بەسەردا بێت. هەڵبەت کە ناوی شاهۆو عەدنان دەهێنم، لیستەکە خەڵکی دیکەشی تێدایە، بەڵام ئەوانە وەک نموونە باس دەکەم کە باشترین نموونەن. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر تەماشا بکەین کەسانێکی زۆر باش لەناو کاندیدەکانی یەکێتیدا هەن، وەک د.ڕەفیق سابیر، بەڵام دڵنیام ئەو د.ڕەفیق سابیرە کە چەند بەهێزو ڕۆشنبیرەو چەند دەتوانێت لە دەرەوەی پەرلەمان دەنگ بەرزبکاتەوە، چووە ناو پەرلەمانەوە وەک ئەوانی دیکەی لێدێت، چونکە لەناو لیستی یەکێتیو پارتیدایە، یەکێتیو پارتی قبوڵ ناکەن خەڵکێک لەسەر لیستەکەی خۆیان بچێتە ناو پەرلەمانەوەو ئەوانیش بانگ بکاتو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکاتو بزانێت چەند پارەیان هەیەو چەند گەندەڵییان کردووەو چەند ئازاری خەڵکی ئەم وڵاتە دەدەن. بەڵام لیستی گۆڕان وەزیفەکەی ئەوەیە، مادام وەزیفەکەی ئەوەیە دەبێت بە هۆشیارییەوە سەیری بکەی، بۆ ئەوەی ئەم دەنگە بچێتە ناو پەرلەمانەوە، کە ئەو دەنگە چوویە ناو پەرلەمانەوە ئیتر فەزای پەرلەمان دەگۆڕێت، کە فەزای پەرلەمان گۆڕا، ئیتر حکومەت ئەو هێزەی نابێت بەسەر پەرلەمانەوە، بەڵکو حکومەت دەبێتە هێزێک لەژێر سێبەری پەرلەماندا، لە دنیادا حکومەت لە پەرلەمان دەترسێت، بەڵام لە (١٨) ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا بەردەوام پەرلەمان لە حکومەت ترساوە. چونکە پارتیو یەکێتی ئەو خەڵکەی ڕەوانەی پەرلەمانی دەکەن، لەوێ دایدەمەزرێنن، دەڵێن دەنگ بە ئێمە دراوەو ئێمە لەناو لیستەکەماندا تۆ تەعین دەکەین، تۆش کە چوویتە ئەوێ دەبێت کار بۆ ئێمە بکەی، بەڵام لیستی گۆڕان جیاوازە، کە کاندیدەکەی خۆی دەنگ دەهێنێت نەک تەعینکرا بێت، کاندیدەکانی لەسەر بنەمای ئەوە دیاریکراون کە ڕۆشنبیربنو بتوانن هێزێکی باش بن لەناو پەرلەماندا. یەکێک لە گرنگترین شتەکانی لیستی گۆڕان ئەوەیە کە خەڵکی سەربەخۆی تێدایە، لەناو پارتیو یەکێتی خەڵکی سەربەخۆ نییە، تۆ دەبێت کارەکتەرێکی حیزبی بیتو حیزب تەزکییەت بکات، سیڤییەکەت لە ڕێگەی لقو مەڵبەندێکەوە چووبێت، ئەوکات تۆ قبوڵ کراویت ببیتە کاندیدێک بۆ پەرلەمان، ئەگەر خزمەتێکی زۆری حیزبت نەکردبێتو لە ڕابردوودا خانەوادەکەت بەشێک نەبووبێت لە مێژووی ئەو حیزبە، تۆ نابیت بە پەرلەمانتار، بەس لیستی گۆڕان کەسانی سەربەخۆی تێدایە. بۆ نموونە پێشتر باسم لە شاهۆ سەعید کرد، شاهۆ سەعید کەسێکی سەربەخۆیە، دڵنیاشم شاهۆ بیست ساڵی دیکە لەناو لیستی گۆڕان بێت هیچ هێزێک نییە بتوانێت ئاراستەی شاهۆ بۆ کەسێکی حیزبی بگۆڕێت، خەڵکێکی تێدایە وەک عەدنان عوسمان، کە زۆر زەحمەتە بکەوێتە ژێر هەیمەنەی حیزبەوە. ئەم هەموو خاڵانە دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسێکی وەک من بە دەنگێکی زۆر بەرزەوە بڵێت پێمخۆشە گەنجەکان دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، بۆ ئەوەی شانسێکیان پێبدەین بچنە ناو پەرلەمانو ئەدای ئیشکردنی ئەوانیش ببینین. چونکە ئەدای ئیشکردنی پارتیو یەکێتی زۆر ڕوونە، ئەدای ئیشکردنی ئیسلامییەکان زۆر ڕوونە، (١٨) ساڵە ئێمە دەیبینین، با بزانین ئەمان چی دەکەن.

## پۆستەردڕەکان هەر لەئێستاوە هەڕەشەمان لێدەکەن

# با پۆستەرو لافیتەی لیستی گۆڕان بدڕێنن ئێمە لەدڵماندا گۆڕانمان نەخشاندووە

**ئاسۆ ئەمین**

کەمتر لە دوانزە کاتژمێر دوای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، لە زۆر جێگای ئەم هەرێمە گەندەڵکراوەدا، دەستکرا بە دڕاندنو لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان، ئەو لیستەی کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئومێدیان پێی هەیەو بە مەشخەڵی رزگاربوونی دەزانن.

سەرەتا لە شارۆچکە دوورەکانەوە دەستیانپێکردو هاوکات هەوڵی شاردنەوەی ئەم کارە دزێوەیاندا، وایانزانی دنیا دنیای حەڤدە ساڵ لەمەوبەرەو کەس ئاگای لەو جێگایانە نییەو چییان بوێت لە بێڕێزیی بەرامبەر حورمەتی زۆرینەی ئەو خەڵکە دەیکەن.

بێگومان ئەو نەیارانەی لیستی گۆڕان ئەو دۆخە سایکۆلۆژیەیان هەر لێنابڕێتو هەروا تەنگەنەفەسنو توانای رەتدانەوەی مۆدێرنو هەڵکردنیان لەئاستی سفردایە.

پێکەنین لەوەدایە کە بەشێک لەقەڵەم بەدەستە دەروێشەکانیان وا بانگەشە دەکەن کە لیستی پارتیو یەکێتی زۆر بەتەحەمولەو هیچ رەتدانەوەیەکی نییەو هەموو شت قبوڵدەکات، بە سەرۆکی هەرێمیان وت: «سەرۆک حەق نییە یەکجاری بەوجۆرەش بێت».

ئەوەی لەم دیاردە نابەوە دەخوێنرێتەوەو دەکرێت شایەنی هەڵوێستە لەسەرکردن بێت، ئەوەیە کە بۆچی بەتەنیا پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان دەدڕێنرێت، ئەو پۆستەرانەی کە بەشێکی گەورەی خەڵکی کوردستان خۆی بەدەستی خۆی هەڵیواسیوەو حەزدەکات بەوشێوە مۆدێرنە لایەنگریی خۆی دەربڕێت بۆ لیستی گۆڕانو بڵێت نا بۆ گەندەڵی، نا بۆ پاوانخوازیی، نا بۆ دەسەڵاتی ویراسیو ئۆتۆکراسی....

ئایا دەسەڵات بۆ ئەوەندە تۆقیوە لە لیستی گۆڕان وا ئاوا بەوشێوەیە تووشی هیستریای پۆستەر دڕاندنو جنێودانو سوکایەتی بووە.

راستە هەندێک لە ئاماژەکانی ئەم کلتووری پۆستەردڕاندنە دڵخۆشکەرە، وەک ئەوەی کە ئەگەر ئەم لیستە لیستی زۆرینەی جەماوەر نەبێت، ئاوا لێی ناترسنو هەڕەشە لە لایەنگرانی ناکەنو پۆستەرەکانی نادڕێنن «زۆرێک لە خەڵکی دەڵێن با پۆستەر هەر بدڕێت، ئێمە لە ناخماندا بە مەرەکەبی ئەو گەندەڵییەی کە هەیەو ئەو سوکایەتییەی پێمان دەکرێت نووسیومانە، گۆڕان لە هەموو شت گرنگترە».

بەڵام لەگەڵ ئەم ئاماژە باشو دڵخۆشکەرانەدا، وەک سۆسیۆلۆژیا پێماندەڵێت ژینگەی سیاسی هەرێمی کوردستان خەریکی ناردنی چەندین هێماو ئاماژەیە کە رەنگە دەرئەنجامی ترسناکیان هەبێتو بارودۆخەکەمان لێ تێکبدەن، بۆ نموونە ئەم پۆستەردڕانە پێماندەڵێن ئێمە تەحەمولی نەتیجەی دۆڕان ناکەینو وەک شتێکی ویراسی لە دەسەڵاتو کورسی دەڕوانین.

پێماندەڵین ئەوەی کە ناگۆڕێت ئێمەین، ئەوەی کە دەبێت تەحەمولی نەتیجەی ئەو نەگۆڕانەی ئێمە بکات، ئێوەن. پێماندەڵێن هەر هەوڵێک لەوبارەوە بدەن هیچ سوودی نییە...

پۆستەردڕەکان خەڵکانێکن خراپ پەروەردەکراونو حیزب فێری کردون هەرچی دەتوانن بیکەنو سەرەتا لە پۆستەرەکانەوە دەستپێبکەن، ئەگەر کەڵکی نەبوو تکایە چی هەوڵێکتان لەدەستدێت دریغی مەکەن، ئەوان ئەم کارە بۆیە دەکەنو لەکاتی بەرنامەیەکی گرنگی لیستی گۆڕاندا لە هەندێک جێگا بەزۆر مولیدە لە خەڵکی دەکوژێننەوە، بۆئەوەی کەمێک جەماوەری لیستی گۆڕان کەمبکات، بەڵام نازانن هەرکارێک کە دەیکەن وەکو کارەکانی دیکەیان نەتیجەی پێچەوانەیان لێوە دەستدەکەوێت، بۆیە حەقوایە ئیتر هەر لە ئێستاوە بزانن کە لیستی گۆڕان گوزارشتە لە بەشێکی گەورەی خەڵکی کوردستان، هەروەها پەنا بۆ هەرشتێکی نەشیاو ببەن نەتیجەی زۆر خراپتریان دەداتێ.



پۆستەردڕەکان پۆستەری لیستی گۆڕان دەدڕێنن فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

# لیستی گۆڕان: بێبەرنامەیی لایەنی کوردی لە ئەدای سیاسیو دیبلۆماتیو نیشتمانیدا، زیانی بە دۆزی رەوای گەلی کوردستان گەیاندووە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

لەماوەی چەند ساڵی رابردووی بەشداریی کورد لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا، سەرەڕای بوونی بەشێک لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا، بەڵام تائێستا سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە گوشار بە ئاراستەی چەسپاندنو جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستووریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن، سیاسەتمەدارێکی کورد رایدەگەیەنێت: سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵەو کەموکوڕی لە بەغداو لە کوردستان هەبووە، هەرچەندە هەڵەو کەموکوڕییەکان ناکاتە ئەوەی کە بوترێت سەرکردایەتی کورد دەیتوانی هەموو شتێک بکاتو هیچی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد دەیتوانی کاری زیاتر بکات.

لیستی گۆڕان کە لیستێکی جیاوازی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانەو لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە سەرۆکایەتی دەکرێت، بە یەکێک لە لیستە گەورەکانی نێو ئەو هەڵبژاردنە دادەنرێت، لە بەرنامەو پرۆگرامی لیستی گۆڕاندا باس لە بەدینەهاتنی خواستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کراوە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، کەئەوەش بەرپرسیارێتییەکی گەورەی سەرکردایەتی سیاسی کوردە، کە کەمتەرخەمانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو خواستو مافانەدا کردووە.

هەروەک لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕاندا هاتووە «لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، سەرکردایەتیی کوردستان بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە بەغدا ئامادەیە، چەندین پۆستی سیادییو وەزاریی هەستیاریی حکومەتی عێراقی فیدراڵی وەرگرتووە، کەچی کارنامەی نیشتمانی کوردستان لە قەیرانی بەردەوامدایە، هاوپەیمانی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا لە پاشەکشەو ئاڵۆزبووندایە».

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو کەسایەتی سیاسی کورد، لەبارەی هاوپەیمانێتییەکانەوە دەڵێت: «لەماوەی رابردوودا یەکێتیو پارتی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ حیزبە عێراقییەکانی (دەعوەو ئەنجومەنی باڵاو حیزبی ئیسلامی)دا دروستکردووە، بەڵام لایەنەکان ئیلتیزامیان بەو هاوپەیمانێتیانەوە نەکردووە، دەتوانم بڵێم هاوپەیمانێتییەکان سەرکەوتوونەبوون، لەبەرئەوە دەبێت یەکێتیو پارتی چاوبخشێننەوە بەو هاوپەیمانێتیانەداو لە داهاتوودا لەسەر بنەمایەکی ورد هاوپەمانێتی دروستبکەن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکاندا، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەپێشمانەوەیەو دەبێت هاوپەیمانێتی بەهێز دروستکبرێت».

لە دەستووری عێراقدا داننراوە بە چەند مافێکی گەلی کورددا، لەوانە (مادەی (١٤٠)، کە تایبەتە بە گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مادەی (٤) کە تایبەتە بە سەلماندنی زمانی کوردی وەک زمانی پلەیەکی فەرمی لە عێراقدا، مادەی (٩) کە تایبەتە بە بەشدارییپێکردنی سەربازو پلەدارانی گەلی کوردستان لە هێزە چەکدارەکانو سوپای عێراقدا، خستنەگەڕو کاراکردنی دادگای فیدراڵی باڵا، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، وەک لە مادەکانی (٨٩، ٩٠و ٩١)دا هاتووە، هەروەها دامەزراندنی نووسینگەکانی هەرێم لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا بەجۆرێک نوێنەرایەتی قەوارەی نیشتمانی هەرێم بکەن، نەک حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، وەک لە مادەی (١١٧)دا هاتووە).

لایەنی کوردی لە بەغدا نەیتوانیوە شەراکەتی سیاسی رۆشن لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا بنیات بنێت، نەیتوانیوە گوشار بە ئاراستەی چەسپاندنو جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستووریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن.

پەرلەمانتارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی راگەیاند: لە مەسەلەی شەراکەتی سیاسیدا کەموکوڕی زۆر هەیەو راستە وەکو پێویست نەبووەو لەو مەسەلەیەشدا لایەنی کوردی کەموکوڕیی هەبووە، بەڵام کەموکوڕیی گەورە بەغدا بووە، چونکە مالیکیو بەرپرسانی حکومەتەکەی نایانەوێت کورد بەشداربێت لە حکومەتی عێراقو کورد بە شەریکی تەواو دانانێن، هەوڵدەدەن بۆ لاوازکردنی رۆڵی کوردو بەهێزکردنی ناوەند، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە تائێستا گفتوگۆی جدیی نەکراوە.

وتیشی: «لە سوپای عێراقدا کورد تارادەیەک بوونی هەیەو رۆڵ دەگێڕێت، بەڵام حکومەتی عێراق دەیەوێت پێگەی کورد لاوازبکات لە سوپای عێراقداو بەوەش کێشە لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقدا هەیەو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش کاری زۆری دەوێت».

لیستی گۆڕان داوای داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلی کوردستانو گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان لەبەر رۆشنایی مادە پەیوەندیدارەکانی دەستووری عێراقدا دەکات.

مەحمود عوسمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکراو زۆر زەحمەتە جێبەجێبکرێت، چونکە مەسەلەی کەرکوک بووە بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیو چەندین لایەنی وەکو (نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیاو تورکیا) هاتوونەتە ناو کێشەکەوە، ئەوەش کێشەکەی ئاڵۆزترکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد لەو مەسەلەیەدا کەمتەرخەم بووە، دەبێت هەوڵبدەین کێشەی کەرکوک چارەسەربکرێت.

هەروەها لە پەیامو بەرنامەی لیستی گۆڕاندا ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەم بێبەرنامەییەی لایەنی کوردی لە ئەدای سیاسیو دیبلۆماتیو نیشتمانیدا، هەر بە زیان بەسەر هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا نەشکاوەتەوە، بەڵکو زیانی بە کۆی دۆزی رەوای گەلی کوردستان گەیاندووە، هەروەک تێیدا هاتووە «پێویستە هەموومان بەشداریی بکەین لە سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەیدا، لە رێگای گۆڕینی ئەدای سیاسیو دیبلۆماتیو دامەزراندنی کەناڵی پەیوەندی نوێوە لەنێوان هەرێمی کوردستانو بەغدادا».

ئەو کەسایەتییە سیاسییەی کورد پێیوایە، کە سەرکردایەتی سیاسی کورد هەڵەو کەموکوڕیی لە بەغداو لە کوردستان هەبووە، بەڵام بوونی کورد لە بەغدا سنووردارەو ژمارەی بەرپرسارێتی کورد لە حکومەتو پەرلەمان کەمە، بۆ نموونە (٥٨) پەرلەمانتار بەرامبەر زیاتر لە (٢٠٠) پەرلەمانتاری نەتەوەکانی دیکە، هەڵەو کەموکوڕییەکان ناکاتە ئەوەی کە بوترێت سەرکردایەتی کورد دەیتوانی هەموو شتێک بکاتو هیچی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی کورد دەیتوانی کاری زیاتر بکات.


بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە وابڕیارە ٧/٢٥ی داهاتوو ئەنجامبدرێت،(٢٤)لیستو هاوپەیمانێتی کێبڕکێ بۆ بردنەوەی (١١١) کورسی پەرلەمان دەکەن، کە ئەوەش شتێکی نوێیەو پێشبینی دەکرێت ئەو هەڵبژاردنە دەروازەیەک بێت بۆ گۆڕانکاریی لە سیستمی حوکمڕانی هەرێمدا.

مەحمود عوسمان سەبارەت بە گۆڕانکاریی وتی: «بەوپێیەی کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا لیستی جیاواز هەیە، لە پەرلەمانی داهاتوودا موعارەزە دروستدەبێتو بە دروستبوونی موعارەزە، پەرلەمانێکی هەمەڕەنگو بەهێز دروستدەبێتو ئەوەش گۆڕانکاریی دەهێنێتەکایەوە».




لایەنگرانی لیستی گۆڕان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

# لیستی کوردستانی دامودەزگاو کەلوپەلی حکومەت بۆ بانگەشەی خۆی بەکار دێنێت



مزگەوتی ئەحمەد حاجی عەلی    فۆتۆ: گۆران عوسمان



قولەی ئاسایشەکانی پارکی ئازادی    فۆتۆ: گۆران عوسمان



ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر




ئۆتۆمبێلی ژمارە ١٦٢ی وەزارەتی تەندروستی    فۆتۆ: دانا عوسمان

بەرەو گۆڕان

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە

لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان

سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە

٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩

هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

ئەڵقەی پێنجەم

## ٣. ٢. سامان، بودجەو ڕۆشنیی (شەفافیەت):

٣. ٢. ١. بودجەی هەرێم کە لە داهاتی سامانو باجو بودجەی فیدرالی پێکدێت، مولکی هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە بێ جیاوازیی. هەر هاوڵاتییەک، لە دەسەڵاتدا بێت یان نەیار، حزبیی بێت یان سەربەخۆ، مافی خۆیەتی لە بودجەو وردەکارییەکانی بپرسێتەوە، مافی خۆیەتی لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە پەرلەمان، ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی بێتو قەناعەت بکات کە بەرکەوتی خۆیو خێزانو منداڵەکانی پارێزراوە.

٣. ٢. ٢. پەرلەمان تاکە دەسەڵاتێکی شەرعییە بڕیار لەسەر بودجە دەداتو حکومەت بەرپرسیار دەکات لە جێبەجێکردنی هەموو وردەکارییەکانی.

٣. ٢. ٣. بودجەی هەرێم بەشێوەیەکی ڕۆشن بۆ ڕای گشتی بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە سەرچاوەو چەندایەتی داهات، چۆنیەتی خەرج، دابەشکردنی بەسەر کەرتو ناوچەکاندا.

٣. ٢. ٤. ڕۆشنیی (شەفافیەت) لەسەر گفتوگۆی سیاسی، دارایی، سەربازیی لەنێوان هەرێمو حکومەتی فیدراڵ، لەنێوان هەرێمو لایەنو کۆمپانیاکانی ناوخۆو کۆمپانیاکانی دەرەوە.

٣. ٢. ٥. ڕۆشنیی لەسەر بازاڕ، ئاشکراکردنی هۆکاری پاوانکاریی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، پاشاگەردانیو گرانیی خۆراکو کەلوپەلو قەیرانی کۆنترۆڵی کوالیتی.

٣. ٢. ٦. ڕۆشنیی لەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانیو خزمەتگوزاریی، هۆکانی دواکەوتنو خراپ جێبەجێکردنیان، گەڕانو دۆزینەوەی سەرەداوەکانی گەندەڵییو قەیرانە ئابوورییەکانو بڵاوکردنەوەیان بۆ ڕای گشتی لەکاتی یاسایی خۆیدا.

٣. ٢. ٧. ڕۆشنیی لەسەر تەندەرو کۆنتەراتو گرێبەستی نێوان حکومەتو دەوڵەتانو کۆمپانیاکان.

٣. ٢. ٨. لێپێچینەوە لە سەرپێچیی داراییو کارگێڕییو ناردنە دەرەوەی پارەو سامانی هەرێم بەشێوازی نایاسایی.

٣. ٢. ٩. ئازادکردنی کەرتی تایبەت بەگوێرەی یاسا، ڕێگریی لە هەر پاوانکارییەکی بازاڕو پرۆژەکان لەلایەن کەسو لایەنە دەسەڵاتدارەکانەوە.

٣. ٢. ١٠. بەدواداچوونو سزادانی ئەو کەسو لایەنانەی هەوڵی سپیکردنەوەی پارە دەدەن، دەرکردنو کاراکردنی یاسای پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

٣. ٢. ١١. حکومەتو دەسەڵاتی سیاسی لایەنو شەریک نین لە بازاڕدا. حکومەت بۆی هەیە چاودێریی بازاڕ بکات بۆ پاراستنی کوالیتی شمەکو ئاسایشی ئابووریی، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیو ڕێگریی لە پاوانکاریی.

٣. ٢. ١٢. سیستمی باج بۆ قەبەکردنی دارایی حکومەت پێڕەو ناکرێت، بەڵکو بۆ ڕاگرتنی دادی کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزییو بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان بە دەوڵەمەندو هەژارانەوە.

٣. ٢. ١٣. دامەزراندنی دەزگایەکی ئامارو لێکۆڵینەوەی زانستیو پیشەیی بۆ چاودێریکردن، پێوانەکردنی دیاردەکانو پێشبینیی پێشوەختی تەنگژە ئابوورییەکان، سەبارەت بە ڕادەی هەناردەو هاوردە، هەڵاوسانو بێکاریی، ڕادەی گەشەو پاشەکشە، وەک ئامرازێک بۆ داڕاشتنی سیاسەتی ئابووریی بەگوێرەی داتاو پلانو پێشبینییەکان.

## ٣. ٣. پەرلەمانو حکومەت:

٣. ٣. ١. دامەزراندنی حکومەتێکی کارا، بچووککردنەوەو تەرشیقکردنی وەزارەتو دامودەزگاکانی لەسەر بنەمای چوستی نەک قەبەیی، دوور لە بیرۆکراسیو هەڵاوسانی کارگێڕیی. هانگاونان بەرەو خێراکردن، نە-ناوەندێتی، بەئەلیکترۆنیکردنی پەیوەندییە کارگێڕییەکان، ڕزگارکردنی هاوڵاتی لە بەشێکی زۆری مەسرەفو ماندووبوونی هاتوچۆی نێوان فەرمانگەکانو هاتوچۆی نێوان پایتەختو مەڵبەندی شارو ناوچە جیاوازەکان.

٣. ٣. ٢. لێپێچینەوەو پرسیارکاریی پەرلەمانی لە هەموو بەرپرسەکان، لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزیرو هەموو پلەدارەکانی بەرپرسیارێتی، سزادانو سەندنەوەی متمانە لێیان لەکاتی سەرپێچیی دەستوورییو یاساییدا.

٣. ٣. ٣. دیاریکردنی ڕادەی باڵای نەسریەو ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەکان بەپێی یاسا، لە سەرۆکی هەرێمەوە تا بچووکترین بەرپرس، بەجۆرێک لەگەڵ نەریتی دنیای شارستانیدا بگونجێتو ئەوە بسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان لەباری ئەمنیی ئاساییدا دەژێتو متمانەی هاوبەش لەنێوان هاوڵاتیو بەرپرسدا هەیەو ئاساییش بۆ هەموانە نەک بۆ بەرپرسەکان بەتەنها.

٣. ٣. ٤. کردنەوەی ئۆفیسی پەرلەمانیی تایبەت بە لیستەکەمان لە هەموو پارێزگاو ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بۆ کۆکردنەوەی سکاڵای هاوڵاتیان لەسەر بێدادیی، ستەم، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو دزینو بەفیڕۆدانی پارەو سامانی نیشتمانی. خستنەڕووی هەموو ئەو سکاڵایانە لەناو پەرلەمانداو لێپێچینەوەو وەرگرتنی هەڵوێستی پێویست لەبارەیانەوە.

٣. ٣. ٥. ڕێگریی لە هەر ئیمتیازێکی نوێ بۆ ئەندام پەرلەمانو وەزیرو بەرپرسە باڵاکان، چاوخشندنەوە بە ئیمتیازە کۆنەکاندا، هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارو یاسایانەی کە ئەندام پەرلەمانو وەزیرو بەرپرسی باڵا بە مووچەی بەرز، بەر لە پیربوونو وادەی یاسایی، خانەنشین دەکەن.

٣. ٣. ٦. ئەرکی حکومەت تەنها دامەزراندنی هاوڵاتیان نییە لە کەرتی گشتیدا، بەڵکو دروستکردنی هەلی کارە لە هەموو بوارە گشتیو تایبەتو تێکەڵەکانیشدا، تا کوردستان لە هەرێمێکی بەرخۆرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن. ئەرکی حکومەتە قەرزی درێژخایەن بداتە هاوڵاتیان بەمەبەستی پشتگیریکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەکانو کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریی.

٣. ٣. ٧. پۆستی بەرپرسیارێتی لە پلە بەرزو نزمەکاندا مولکی کەس نییە. بەرپرس بەپێی یاسایەکی ڕۆشن، بۆی هەیە تەنها ماوەیەکی دیاریکراو لە پۆستدا بمێنێتەوە. بەرپرس لەئاست خراپ بەکارهێنانی بەرپرسیارێتیو قۆستنەوەی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندیی خۆی، یان بەرژەوەندیی حزبیو دەستەگەریی ژێربەژێر، سزادەدرێت.

## ٣. ٤. پرۆژەی ستراتیژیی:

٣. ٤. ١. دانانی پلانێکی هەرێمیی هەمەلایەن، لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیەکی ستراتیژیو کارنامەیەکی حکومیی ڕۆشندا، بۆ بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاکەکەسو دەرامەتی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. ٤. ٢. جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی لە بوارەکانی ڕێگەوبان، هێڵی شەمەندەفەر، کارەبا، نەوتو گاز، ئاو، ئاوەڕۆ، بەنداو، ئاودێریی، کارگەی بەرهەمهێنی کشتوکاڵیو پیشەسازییو گەشەدان بە کەرتی گەشتوگوزارو هەموو بوارەکانی ژێرخانی دەوڵەتێکی شارستانیی مۆدێرن. چارەسەرکردنی کێشەی خزمەتگوزارییو پێداویستییە ژیانییەکانی هاوڵاتیان، وەک ئاوی پاکی خواردنەوەو دابینکردنی کارەبا بۆ هەموو شارو شارۆچکەو گوندەکان، بەگوێرەی سەقفێکی زەمەنیی کە قۆناغی کۆتایی لە پێنج ساڵ تێپەڕ نەکات.

٣. ٤. ٣. جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیژیی لە بواری بنیاتنانی کامپی گەورەی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا، بە هەموو پێداویستیو خزمەتگوزارییە شارستانییەکانەوە بۆ هاوڵاتیانی بێماڵ، بەکرێی گونجاو یان قەرزی درێژخایەن، بەگوێرەی پلەبەندییەکی دادپەروەرانە دوور لە ئیعتباری سیاسیو مەحسوبیەت، بە ڕەچاوکردنی ئاستی مووچەو دەرامەتی خێزان.

٣. ٤. ٤. تەرخانکردنی ٥٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی هەژارییو بێکاریی لەسەر ئاستی خێزانو تاکەکەسو ناوچە زەرەرمەندەکان، لەپێناو بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاکو بوژاندنەوەی باری داراییو بژێویی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، لەپێناو دابینکردنی دەرفەتی کاری ڕاستەقینە بۆ ئەوانەی توانای کاریان هەیەو بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی توانا و دەرفەتی کاریان نییە. پێڕەوکردنی پێوەرە ئابوورییە زانستییەکان بۆ ناونانی کەسو خێزانی هەژار.

٣. ٤. ٥. دابەشکردنی پرۆژەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هەرێمیی، بایەخدانی تایبەت بە ناوچە پەراوێزخراوەکانو ئەو ناوچانەی خاوەن سامانی سروشتیی دەوڵەمەندن.

٣. ٤. ٦. ڕێگریی لەوەی حزبو هێزو کۆمپانیای پاوانکار پرۆژە ستراتیژییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆی قۆرخ بکات، یان لە جێیەکی دیاریکراودا چڕیان بکاتەوە.



* لێپێچینەوەو پرسیارکاریی پەرلەمانی لە هەموو بەرپرسەکان، لە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتەوە تا وەزیرو هەموو پلەدارەکانی بەرپرسیارێتی، سزادانو سەندنەوەی متمانە لێیان لەکاتی سەرپێچیی دەستوورییو یاساییدا.

* حکومەتو دەسەڵاتی سیاسی لایەنو شەریک نین لە بازاڕدا. حکومەت بۆی هەیە چاودێریی بازاڕ بکات بۆ پاراستنی کوالیتی شمەکو ئاسایشی ئابووریی، بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیو ڕێگریی لە پاوانکاریی.

# دەنگم ویژدانمە نایفرۆشم



فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

زیندانییە سیاسییەکان:

دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەین



فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

سلێمانی؛ کەرنەڤاڵی شەوانی شەقامەکانی سلێمانی